تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

مەولەوی

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

حەکیم مەلا ساڵح

(لێکۆڵینەوە، پشکنین، شیعری بڵاو نەکراوە)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتیب: مەولەوی (لێکۆڵینەوە، پشکنین، شیعری بڵاونەکراوە).
نووسەر: حەکیم مەلا ساڵح
بڵاوکەرەوە: ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی
تیراژ: ۳۰۰۰
چاپی یەکەم: ساڵی ۱۳۷٦ی هەتاوی

پێڕست

ناونیشان	لاپەرە
١ ـ پێشەکی یەکی کورت	٥
٢ ـ باری ژیانی مەولەوی	٧
٣ ـ سەرچاوەکانی هونەری شیعری مەولەوی	١٣
٤ ـ واژە	٢١
٥ ـ کارتێکردنی مەولەوی لە سەر شاعیرانی هاوچەرخی و دوای خۆی	٢٦
٦ ـ شیعری مەولەوی و بۆنی خاک	٥٢
٧ ـ مەولەوی و ڕەخنەی ئەدەبی	٦٦
٨ ـ ئەو هەولانەی کە بۆ خزمەتی بەرهەمەکانی مەولەوی دراوە	٧٣
٩ ـ ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێ وەرگیراوە	٧٦
١٠ ـ پشکنین	٨١
١١ ـ ئاخ فەلەک جە دەس کەج ڕەفتاریی تۆ	١٥٢
١٢ ـ ئازیز بێ مەیلیت زیندەگیم تاڵ کەرد	١٥٣
١٣ ـ ئازیز فیراقت دڵ کەردەن وەهوون	١٥٥
١٤ ـ ئامان هامسەران دەردم کاری یەن	١٥٧
١٥ ـ ئاینەی زهور سیفاتی غەیبی	١٥٩
١٦ ـ ئەو دانە بابام جە ڕەوزەی بەهەشت	١٦٠
١٧ ـ ئەی هوچەن سەر چەنگ چەرخی چەپ وەردم	١٦١
١٨ ـ ئیمشەو دیارەن دەردم کاری یەن	١٦٤
١٩ ـ ئیمشەو وەکەردەش دڵ بێ پەردەبی	١٦٤
٢٠ ـ باقلت نەوێ لە کەلامتا	١٦٦
٢١ ـ بەهەشتی باقی دیەن دلبەرەن	١٦٦
٢٢ ـ بڵێسەی ئاهیر نە دەروون خێزان	١٦٧
٢٣ ـ تاقی خانەقای دڵ پڕ وەلوەلەن	١٦٨
٢٤ ـ تۆی دەروون وەنێش زامانی خەتەر	١٧٠
٢٥ ـ تەسکینی دلەی پڕ جە خارەکەم	١٧١
٢٦ ـ تەلاکەی جەمین قاڵ بۆتەی عەشق	١٧٢

٢٧ ـ جه قەقهقەهەی ڕەعد میناى هەورى تار ١٧٤
٢٨ - جەمین ڕەشک جام جەم نوماى جەمشید ١٧٨
٢٩ - چون بەندە بەو بەند ئیخلاسى بەندەن ١٨١
٣٠ - حوقەى خەزێنەى تەجەلّلاى زاتى ١٨٣
٣١ - خالۆى تەسكین بەخش دڵەى پڕ دەردم ١٨٥
٣٢ - خورشیدەكەى بورج مەلاحەت سوپیهر ١٨٨
٣٣ - دڵە دیارەن بێ قەرارەنى ١٩٠
٣٤ - دیسان هەم گەردش چەواشەى بەدخو ١٩٢
٣٥ - دوكەڵى قلیان وەش نەفەسێوەن ١٩٤
٣٦ - ساچۆن دڵ وەشاد دڵشاد نەبۆ شاد ١٩٥
٣٧ - ساقى ساوەیاد ئێمە و هام فەردان ١٩٦
٣٨ - سەرمەوداى قەڵەم حەكاكەى عەشق ١٩٨
٣٩ - سەراپاى ئەعزام ئێسک و مەغز و پۆست ٢٠١
٤٠ - شەست پەڕ سەوزبان وەڕووى زەردەوە ٢٠١
٤١ - شەماڵ لاى سەروى ساواى سایەنەو ٢٠٢
٤٢ - شەوق شادى نۆ ٢٠٢
٤٣ - فیداى دیدەت بام وەبێ مەى مەستەن ٢١٣
٤٤ - قوربان چەم چەمش وەتۆ نەكەفتەن ٢١٤
٤٥ - كوورەى دڵ چمان جۆشش وەردەوە ٢١٦
٤٦ - كولەكەى كەللەم پەى شكارى خەم ٢١٧
٤٧ - گەرمى دەرد قامەت كەردەن وەكاهێ ٢١٧
٤٨ - لاونامەوە ٢١٩
٤٩ - من خۆ خەفەت جفت چەفتەن قامەت ٢٢١
٥٠ - مەیۆم جەدەروون ٢٢٢
٥١ - وەنیم نیگاى عەین جە پێوارەوە ٢٢٥
٥٢ - هازرنگەى زەنگ سەرقەتار مەیۆ ٢٢٥
٥٣ - یادم نمەشى جە گردین حاڵدا ٢٢٨
٥٤ - یەئجوجى خەیاڵ گێرتەن قەڵاى هۆش ٢٢٩

ـ پێشەکی یەکی کورت ـ

مەولەوی هەرچەندە گلەیی مێژووی ئەو سەردەمەی هێناوەتە سەر خۆی و ، هەرچەندە شیعرەکانی هەر حیکایەت لە ژیانی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ ئەکەنو ، هەرچەندە موناسەبەتی شیعرەکانی نرخێکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتی یان نیەو چاوی لە دەیان و سەدان کێشەو گرفتی خەڵک نوقاندوە . کەچی هێشتا هەر ئەبێ لە ڕیزی پێشەوەی شاعیرە بە دەسەڵات و توانا دارەکانی ڕابوردی ئەدەبەکەمانی دابنێین . چونکە بە ڕاستی بە خەیاڵی ناسک و دەست و پەنجەی هونەری یەوە کارێکی کردووە کە نمونەی زۆر کەمەو مەگەر نالی لە شیعری ڕابوردوماندا توانیبێتی ئاوا هونەر بە لوتکە بگەیەنێ .

لە باسی مەولەویدا بەر لە هەموو کەسێ پێویستە پەنجەی ڕێز بۆ زانای هێژا مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس درێژ بکرێت ، کە هەندێ لە تەمەنی خۆی بەخشی و تەرخانکردبۆ بوژاندنەوە و لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرەمان ، هەر لە نامەکانیەوە هەتا چوار شاکارەکەی ، کە بەوەش پەنجەرەیەکی گەورەی لە ڕووی دڵدارانی ئەدەبی کوردی و مەولەویدا ئاوەڵا کرد .

ئەگەر ئەومامۆستا بەڕێزە نەبوایەکێ ئەیتوانی بەتایبەتی خۆی بدات لە قەرەی (الفضیلة) و (الفوائح)ەکەی . بە لێکدانەوەی واژەو لێکۆڵینەوەی بەیتەکانی دیوانی قەسیدەو غەزەلەکانیشی هەزارانی وەک ئێمەو مانانی هۆشیار کردەوەو مینبەری شیعری پڕلە هونەرو ڕەسەنی خۆمانی پێ نیشان داین .

ئەگەر ئەو کارەی ئەوان نەبوایەکەی ئێمە ئەوەندە عاشقی مەولەوی ئەبووینو ؟ کەی ئێمەئەوەندە مەولەویمان ئەناسی ؟

منیش ئەو عەشقە باڵی پێوە نامکە لە شاری سنەدا ئەمماڵەو ئەوماڵ و لەهەورامان و ساراڵ و دەوروبەری سنەدا ئەم دێ و ئەو دێ بکەم و بەدوای

بەیتێکی ڕۆشنایی نەدیویدا ماندوو نەبم . تا بەڵکو مەلۆیەکم بێ بە دەستەوەو بــیخەمە ســەر خــەرمانی ئــەدەبەکــەی . کــاتێ بــە یــەکــجاری کــەوتمەنێوە ڕاستیباخچەکەی شاعیرەوە و بۆنی گوڵانسەرمەستیان کردم ، بینیم بەسەر لقی شاگوڵێکەوە بولبولێ بەکوڵ ئەچریکێنێ ، منیش شیعرەکانی مــەولەوی فــێریان کردبووم کە لەزمانی پونەوەرەکانی سروشت حاڵی ببم . بۆیەکە بە پەرۆشەوە گوێم بۆدەنگە سیحراویەکەی هەڵخست .. تێ گەشتم پێم ئەڵێ : من ڕۆحی مەولەویم .. ڕۆڵە گیان ، کارهەرلەوەدا نیە تۆ خۆت هەلداویتەبنی دەریاو سەدەف بدوزیتەوەو لەدوو توێی سەدەفەکانداگەوهەرە ونبوەکانی من بە دەستبێنی .. ئەتوانی لە گەڵ ئەوەدا کاری تریشم بۆ بکەیت .

لەمە ئەوە تێ گەشتم کەئەبێ هەندێ قسە بخەمە پاڵ قسەی بە نرخی ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لە سەر لایەنەکانی ژیان و هونەری مەولەوی کردووەو هەم بە وردی دیوانەکەی بپشکنم .

جا خوێنەری خۆشەویست : ئەم بەرهەمەی لە بەردەستدایە بـەری ڕەنـجی شەش ساڵ تەقالایە و هیوادارم ئێوەش و ڕۆحی هەمیشە ئامادەی مەولەویش لێ ی ڕازی بن و منیش بەمکارەم توانیبێتم خزمەتێکی گچکەم پێشکەش بە کاروانــی ئەدەبەکەمان کردبێ .

هەربژین

حەکیم مەلا سالح ١٩٩٦/٣/١

باری ژیانی مەولەوی

لەبارەی چۆنیەتی ژیانی مەولەوی‌یەوە هەندێ جار واخراوەتە بەرچاو کە هەژارو کەم‌دەست بووە . بەتایبەتی بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس زیاتر پێ‌ی لە سەر ئەوەداگرتوە . لە لاپەڕە (ک)ی پێشەکی دیوانی مەولەویدا نوسیویانە : باری ژیانی ئابوریی مەولەوی زۆرناخۆش بووە ،بەڵام ئەوڕازی بووە بەو ژیانە ، وە زۆربەی وەختی خۆی بە شێوەی دەروێشی ڕابواردوە .

پاشان لە زاری حاجی شێخ مستەفای هەولێری‌یەوە پێمان ئەگەیەنێ کە مەولەوی لە نان و دۆ بەولاوە هیچی‌تری نەبووە و بگرە نان و دۆباشترین خواردنی بووە .

لەگەڵ ڕێزم‌دا بۆمامۆستای پایەبەرز، من ئەمەوێ لەم گۆشەیەوە هەندێ شت بدرکێنم کە ئەوەڕەت بکەنەوە مەولەوی هەژارو نەدار بووە .

١ ـ مەولەوی جگە لەوەی کوڕەمەلا بوەو بەنانی مەلایەتی ژیانێکی مام ناوەندییان بە سەر بردووە ، لەناوچەی تاوگۆزیش‌دا ماڵ و موڵکیان هەبووە کە ژیانیان لە سەری ڕۆشتوە بەڕێوە.

٢ ـ مەولەوی کاتێ کە گەورە بووەوپێگەشتوە ، واتە لە سنوری ژیانی ماڵی باوکی دەرچووە ، ئیتر خۆی بە هۆی زانست و بەهرەکەیەوە بۆتە هاو خوانی شێخەکانی هەورامان و پاشاکانی جاف و والیەکانی ئەردەڵان و پاشاکانی بابان کە لەو ڕۆژگارەدا ئەمانە گەورەترین دەستەڵاتی مەزهەبی و سیاسی‌یان بووە ، لەگەڵ ئەم دەستەڵاتەش‌دا هەریەکە بەنیازی خۆیان مەولەویان لاواندۆتەوەو ڕێزیان لەکەسایەتیە زانستی ـ ئەدەبیەکەی گرتوە . جا کەسێک ئەم چینانە نیازیان پێ‌ی‌هەبێ چۆن‌دێڵن هەژاری ڕووی تێ بکات و بەنەداری بژی ؟ .

٣ـ مەولەوی مەلایەکی ڕۆشنبیر بووەو عەوامانە بیری نەکردۆتەوە . بۆیە کە

ڕێگای حەجی گرتۆتە بەر ، واتە لەباری ژیانی زیاتری هەبووە ،ئەگەر ژیانی هەر نان ودۆ خواردن بوایە چۆن ئەیتوانی حەج هەڵبژێرێ ؟

٤ ـ لە شیعری (١٩)ی پیتی (دال)دا شێخ عەزیزی جانەوەرە داوای پارەی لێ ئەکات . ئەم شیعرە کاتێ وتراوە کە هەردووکیان فەقێ بوون و ئەو ڕۆژانە بووە کەمەولەوی بە هۆی خوێندنەوە ماوەیەک سنە بە جێ دێڵێ و ئەچێتە بانە.

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەلەفەقێیەتیشدا مەولەوی هەربوویەتی و باخەڵی گەرم بووە.

٥ ـ مەولەوی ئەوەندەی هەبووە کەژیانی کۆمەڵێک لە خزمەکانیشی مسۆگەر کردوەو ئیدارەی کردوون .

کاک ڕەئوف عوسمان لە بەشە عەرەبیەکەی گۆڤاری کاروان ژمارە (١٣)دا چەند بەڵگە نامەیەکی میری میرانی بڵاو کردۆتەوە کە یەکێک لەو بەڵگەنامانە وای دیاری ئەکەن کە مەولەوی سیانزە خێزانی لەگەڵدا بوون و ژیانی دابین کردوون. ـ کەپاشان بەڵگە نامەکان ئەخەینە ڕوو ـ.

ئەمانەی کە باسمانکردن چەند بەڵگەیەک بوون لەسەر ئەوەی کە مەولەوی نەک هەر هەژار نەبووە ، بەڵکو دارا بووەو ژیانێکی خۆش و ئاسودەشی هەبووە .

وە لە ناوشیعرەکانیشیدا خەمی نەبوونیو نەداری دیار نیە ، مەولەوی شاعیری موناسەباتە ، ئەگەر هەژاری وبرسێتی کسپەیان لەجەرگی هەڵساندایەئەوابە موناسەبەتی ڕۆژێکی تاڵی ژیانیەوە چەند بەیتێکی بۆ ئەوتین.

من لەم بەڵگانەدا نەمویستوە نرخی مەولەوی لە دارا و نەدارایی دا دیاری بکەم ، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە ڕۆشنایی بخەمە سەرباری ژیانی و یەکێکم لەو کەسانەی کە پێم خۆشە مەولەوی بەژیان و شیعرەکانیەوە بە باشی ساخ بکرێتەوە ، چونکەبەیەکێ لە گەورەترین مایەی شانازی ئەدەبەکەمانی ئەزانم و بەپێویستی

سەرشانی خۆمی ئەزانم کە هەرچی بۆم بکرێ لە وەختی خۆمدابنێم بۆ ئەممەبەستە پیرۆزە.

ـ بەڵگە نامەی یەکەم ـ

علی ویس با برادرانش ، محمد ویس ، سان‌احمد ، درویش ، سلیم با برادرانش ، محمد ، قادر،علی‌ویس ، عزیز با برادرانش ، کیانی ، شاویس،سلیمان .

عالیشأن معلی مکان ، ارادت و صداقت نشان ، خالوی محمد بیگ سلمه‌الله تعالی بعد ازسلام مشهود میدارد که درینوقت بقرار پیشتر سیزده باب خانواران مرقومین فوق را بآدمیت جناب مستغنی الالقاب مولوی قرارداد و آنها راباو واگذار نمودیم و خرج وحواله‌جات آنها را بکلی از دفترخانه اخراج کردیم ، دربیان تأکید بشما اظهار واشعار مینماید البته من بعد بهیچ وجه من‌الوجوه علاقة و رجوعی بآنها نداشته‌ومزاحم حال و متعرض‌احوال‌آنهانشده . فارغ البال وآسوده حال‌بوده‌باشند .بآمر آدمیت معزوالیه قیام و اقدام نمایند. کوتاهی جایز نداشته (ودر عهده‌است).

٢٣ جمادی ١٢٦١

عبدالله

میرمیران

واتە : عەلی وەیس لەگەڵ براکانیا . محەممەد وەیس ، سان ئەحمەد ، دەروێش سەلیم لەگەڵ براکانیا . محەممەد . قادر ، عەلی وەیس . عەزیزلەگەڵ براکانیا . کەیانی ، شاوەیس ، سلێمان .

خاوەن شکۆی پایەدار ، دۆستی ڕاستی نیشان ، خاڵۆمحەممەد بەگ سەلامی خوای لێ بێ . دوای سڵاوێکی شایانلەمکاتەداکە بە پێی بڕیاری پێشوتر سیانزە

خێزانی ناوبراو لەسەرەوە کە دەست و پێوەندی ئاوازە بەرز مەولەوین و سەرپەرشتی کەری ئەوانە و خەرج و حەواڵەگەلیانمان بە گشتی لە دەفتەرخانە نەهێشتوە ، لەمبارەوە پێتان ڕائەگەیەنین و ئاگادارتان ئەکەین کە بە هیچ شێوەیەک هەقتان بە سەریانەوە نەبێت و حاڵیان مەگرن و هیچ کارێکتان بەسەریانەوە نەبێت . دڵنەواییان بکەن و ئاسودەیان کەن . وە بەفەرمانی ئەو بەڕێزە (واتە مەولەوی) لەگەڵیان بجولێنەوە . کەم وکوڕی مەکەن و لە زامن دان .

- بەڵگەنامەی دووەم -

خویش واقاربان جناب عالیجناب اخوی مولوی (بدانند) البته بورود رقیمۀ عالی ، باکمال امنیت و خاطر جمعی ، باخانه وکوچ برخواسته ، بشهرزور اقامت نمایند ، و در هرمواد فارغ البال بکسب وکار خود مشغول شده ، و آسوده حال بدعای بقای دولت عالی پردازند ، ودراینخصوص خاطر را جمع دارند ، حسب‌المقرر عمل نمایند (ودر عهده‌است) .

٩ ب ١٢٦٤

عبدالله

میرمیران

واتە : دۆستان و خزمانی جەنابی پایەبەرز مەولەوی بـرام . بـزانـن ئـەڵبەتە بەگەشتنی نامەی سەرەوە ، بەو پەڕی ئاسایش و دڵنیایی‌یەوە بەرەوشارەزوورکۆچ بکەن ، لە هەموو کاتێکابەئاسودەیی سەرگەرمی کـارو کـاسپی خـۆتان بـن . وە بەئاسودەیی نزا بۆمانەوەی دەوڵەتی هێژا بکەن . لەمڕووەوە دڵنیا بن و بە پێی‌بڕیار هەڵس و کەوت بکەن . لە زامن‌دان .

- بەڵگە نامەی سێ‌یەم -

حکم عالی

آنکه چون (....) موجب رضای حضرت‌کبریا وباعث خوشنودی سیدانبیاء علیه‌الصلوة‌والثناء است . بنابراین بحمدالله‌الملک‌المنان و بنابأستحقاق ذاتی قریهٔ بیاوله را بعنوان وقفیت بجناب عالی جناب مقدس القاب اخوی مولوی مولانا عبدالرحیم تفویض نمودیم که مداخل آنرا گرفته صرف مدار گزار خود سازد. و بفراغت بالی بأمر تدریس ونشرعلوم و عبادت ودعاگوی مقام عالی پردازد . البته احدی دخل در آن نکند . (وقد عهد) .

٢١ ج ١٢٦١

عبدالله

میرمیران

واته :

ئەوە چونکە مایەی ڕەزای حەزرەتی کبریاومایەی خۆشحاڵی‌ی گەورەی پێغەمبەرانە درودی لە سەربێ . بەم‌پێ‌یەو بە سوپاسی خوداوە وبە پێ‌ی مافی تایبەتی خۆم گوندی بیاوێڵە وەقف ئەکەم لە سەر جەنابی هێژاو بەڕێز برام مەولەوی مەولانا عەبدولرەحیم و پێ‌ی ئەبەخشم کە خەرجی ئەوێ بۆقازانجی خۆی وەربگرێت. وە بۆ ئاسودەییم و دەرزوتنەوەو بڵاوکردنەوەی زانست و خوا پەرستی ونزا کردن‌تێ‌بکۆشێ . ئەڵبەتە کەس هەقی دەست تێوەردانی نیە .

ـ بەڵگەنامەی چوارەم ـ

کارگزاران سرکار عالی مستحضر نبشته (باشند).

بشما امر و مقرر میشود همان نهری که بتازگی عالیجناب عزت و سعادت

مآب اخوی مولوی حفرمیکند وازآب سیروان برمیدارد ، از طرف سرکار عالی مرخص‌است . در مالکی خودش میباشد . البته احـدی عـلاقه و رجـوعی بـاو نداشته‌باشد و او رامما‌نعت نکند. کوتاهی ننمایند (ودر عهده‌است) .

۱۲ ص (أو) ش ؟

عبدالله

میرمیران

واته :

ئه‌وانه‌ی به‌فه‌رمانی سه‌رکاری هێژا هه‌ڵئه‌سن ، پێتان ڕائه‌گه‌یه‌نم ، فه‌رمانتان پێ ئه‌ده‌م و پێتان ڕائه‌گه‌یه‌نم ئه‌و چۆمه‌ی که به تازه‌یی بـه‌ڕێز و بـه‌خته‌وه‌ر بـرام مه‌وله‌وی هه‌ڵی ئه‌که‌نێ و له ئاوی سیروانه‌وه سه‌رچاوه ئه‌گرێ ، ڕێگه‌ی لێ مه‌گرن و له‌لایه‌ن منه‌وه ئازاده و هی خۆیه‌تی . که‌س بۆی نیه ڕێ گری لێ بکات و ده‌ست له کاری وه‌ردا. که‌م وکوڕی مه‌که‌ن و له‌زامن دایه .

****

ئه‌م به‌ڵگه نامانه گۆشه‌یه‌کی ڕوناکمان له‌ژیانی مه‌وله‌وی ئه‌خه‌نه پێش چاو . جگه له‌وه‌ی که‌سایه‌تی و پله‌وپایه‌ی به‌رزی کۆمه‌ڵایه‌تی ئه‌م شاعیروزانایه دیاری ئه‌که‌ن ، ئه‌وه‌شمان پێ ئه‌ڵێن‌که ده‌سته‌ڵات دارانی ئـه‌وڕۆژگاره مشـوری ژیـانی مه‌وله‌وی‌یان خواردوه.

عه‌بدوڵا ـ میری میران ـ واته عه‌بدوڵا پاشای بابان ، بۆته خه‌م خۆریو هه‌وڵ ئـه‌دات کـه ژیـانێکی ئـاسوده‌و ئـارام بـه‌سه‌ربه‌رێت و تـه‌نانه‌ت خـه‌می ده‌ستوپێوه‌نده‌کانی مه‌وله‌ویشی خواردوه . به پێی ئه‌م‌شیعره‌ش :

وزان سوی وطن هجرت نمودم.. هتد .

که مامۆستا مه‌لا عه‌بدولکه‌ریم له‌لاپـه‌ڕه (۷)ی دیـوانـه‌کـه‌دا هـێناویه‌تی ،

ئەوەدیاری ئەکەن کە پاشاکانی جافیش بە خەمی مەولەوی‌یەوە بوون. وەدیارە بەڵگە نامەی‌تر بەدەستەوە نین ئەگین بەم پێ‌یە دڵنیا ئەبین کە شێخەکانی هەورامان و والیەکانی ئەردەڵانیش بە هەمان شێوە دڵی مەولەوی‌یان ڕاگرتوەو هەوڵی خۆیان داوە بۆ دابین کردنی ژیانی خۆی و کەسەکانی. ئەمەش تەنیا لە بەرخاتری ئەوە بووە کە مەولەوی ئەدیب و زاناو دەمڕاست و خوێن خۆش کەر بووە.

ئەمانە جگە لەوەی کە مەولەوی پەیوەندیی گیانی بە گیانی هەبووە لەگەڵ (شێخەکانی تاڵەبان، شێخەکانی عەبابەیلێ، ساداتی سازانو باینچۆ و چۆڕ ولۆن و بەرزنجی وهەروەها لەگەڵ ئەحمەدبەگی کۆماسی و هەندێ کەسایەتی‌تری سەرمایەداری ئەو ڕۆژەدا.

ئەم چینو توێژانە زیاتر نیازیان بەمەولەوی هەبووە، بۆیە لەوەڵامیدا هەرچی پێویست بووبێ بۆی جێ بە جێ کراوە. (جاکەسێ ئاوا کەسێ بێ ئەم‌لە کوێ و نان و دۆ خواردن لە کوێ ؟).

- سەرچاوەکانی هونەری شیعری مەولەوی -

نەک دیوانی قەسیدە و غەزەلەکانی بە تەنیا، بەڵکو لە خوێندنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی مەولەویدا بۆمان دەرئەکەوێ کە زۆر هۆشیارانە ڕووی لە ئەدەبیاتی فارسی بووەو (خەیام، سەعدی، حافظ، مەولانا جلال الدین، ئەنوەری، وەحشی بافقی، صائیب، کەلیم، بیدل)ی خوێندۆتەوەو سوودی لێ وەرگرتوون.

بەبرهەمی ئەم شاعیرانە دەوڵەمەندترین سەرچاوە بوون کە مەولەوی بەهرەی لێ بردوون، بەتایبەتی لە پەخشاندا کە لە نامەکانیدا دیارە بەئاسانی سێبەری (سەعدی) بە سەرەوە ئەبینرێ و لە شیعریشدا دنیای (حافظ)ی تیادیارە.

هەقەواش بووبێ چونکە: ئەودەمەو تا ئەم دوایی‌یانەش (گولستان و بوستان)ی ، (سەعدی) و (دیوانی حافظ) لە دەورەی فەقێیەتیدا خوێنراون ، مەولەویش جگەلە خوێندنیان درێژەی بەخوێندنەوەی چەند جارەیان داوە و لەگەڵ هەڵچوونی تەمەنی ئەدەبییدا سوودی لێ وەرگرتوون .

من‌دڵنیام مەولەوی ئاگای لەشیعر و پەخشانی عەرەبییش هەبووە ، بەڵام بە بەرهەمەکانیدا دیارەکە ڕەنگیان لە سەردانەڕشتوەو نەبوونەتە سەرچاوەیەک کە سوودیان لێ وەربگرێ .

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە : ئایا ئەدەبی فارسی تەنیا سەرچاوە بووە کەمەولەوی کەڵکی لێ وەرگرتبێ ؟ .

لەوەڵامدا ئەبێ بڵێین : نەخێر ، کوردیش بەش بە حاڵی خۆی شیعری هەبووەو مەولەویش باش ئاگای لێ‌ی بووە . بزانین چۆن و بە چ شێوەیەک .

دیارە مەولەوی ئاگای لە شیعری کرمانجی‌ی ژوورو نەبووە و مەگەر هەر بە ناو ناوی (عەلی حەریری و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی ...) بیستبێ .

هەرچی کرمانجی‌ی نێوەڕاستیشە ئەوە لەگەڵ تەمەنی مەولەویدا زمانی ئەدەبی‌ی بۆ خۆی پێک هێنا . مەولەوی ئاگای لە شیعری ئەم زاراوەیە بووە ، بە تایبەتی هاوڕێ وخۆشەویستی (مەلا عوسمانی فائق) و (مەحوی) بووە و دیارە چەندین دانیشتنی پڕ لە باس و خواسی شیعریان هەبووە . وەدڵنیام هەمان باس و خواسیشی لەگەڵ (نالی ، سالم ، کوردی)یشدا هەبووە . چونکە ناکرێ ئەمانە پێکەوە لە شارێکدا ژیابن وهەر چواریشیان شاعیری ناودار بن و ئاگایان لە یەک نەبووبێ ، بەڵام شیعری ئەم شاعیرانە لەگەڵ دنیای شیعری مەولەویدا لێکەوە دووربوون ، بۆیە ناکرێ کاریان کردبێتە سەری و بە هیچ شێوەیەکیش جێ پەنجەی ئەوان بەشیعرەکانیەوە دیارنیە .

کرمانجی‌ی خوارووش که (کرماشان) و (لوڕستان) ئەگرێتەوە . تائێستە ئەوەی دیار بێ شاعیری وەهای تیا نیە کە بووبێتە سەرچاوە بۆ مەولەوی ، لەم گۆشەیەی کوردەواریداا (کاکەیی‌یەکان ـ ئەهلی حەق) زۆرترین شاعیریان تیاهەڵکەوتووە، بەڵام ئەمانیش شاعیری هونەرمەندیان تیا دیار نیەو شیعرەکانیان هەمووی بۆ ڕاگەیاندنی دینەکەیان تەرخان کردووەو بە زمانی خەڵکی ڕەشۆکی وتراون .. یانی ئەمیش هیچ .

ئەمێنێتەوە سەر هەندێ شاعیری‌تری وەکو (صەیدی یەکەم ، شێخ شەهابی لۆنی ، شێخ شەهابی کاکوزەکەریایی ، میرزا عەزیزی موجەشی ، یوسف یاسکە ، ئەڵماس خانی کەنووڵە ، میرزا شەفیعی کولیایی ، مەولانا دەردین ، ڕەنجووری ، وەلی دێوانەو هەندێکی‌تر) ئەم شاعیرانە هەرچەندە زۆربەیان بەرهەمی کەمیان دیارە ، بەڵام بەوکەمەشدا ئەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە کەسیان نەیانتوانیوە ببنە قوتابخانەو مەولەوی تێیاندا فێر ببێ .

کە واتە لە مێژووی شیعری بەهەورامی وتراودا کە مەولەوی ڕووی لێ‌ی بووە، تەنیا دوو شاعیر ئەمێنێتەوە کە جێگای ئەوە بێ مەولەوی کەڵکی لێ وەرگرتبێ . ئەویش (بێسارانی) و (خانای قوبادی)ن .

هەرچەندە شاعیرێ ترمان هەیە بەناوی (هادی ژانی) کە هەردەنگی هەیەو ڕەنگی نیە ، بەڵام بەوەدا کە (مەلا عەبدوڵای داخی) لەلاواندنەوەی مەولەویدا ئەڵێ :

جادار ڕەویەی (بێسارانی) بی
ساحیبْ تەریکەی (هادی ژانی) بی

دیاره شاعیرێکی بەدەستەڵات بووە، بەڵام بەداخەوە کوا ؟[1]

بێسارانی لە خەیاڵ ناسکی و ڕۆمانتیکدا گرەوی بردۆتەوە ،لە دیوانەکەی مەولەویدا ناوی دیارە و بەم زوانەش دیوانەکەی خۆی بەتەواوی چاپ ئەبێت .

مەولەوی گەلێ سوودی لەم سەرچاوەیە وەرگرتوە . هەرچەندە دنیای شیعریان لە یەک شتی سەرەکیدا لەیەکەوە دوورن . ئەویش ئەوەیە کەمەولەوی لە شیعروتن دا جەم و جۆرترەو زیاتر بە سەر واژەو تەرکیباتدا زاڵە ، مەبەستم ئەوەیە کە ئەوەی بێسارانی بە غەزەلێک ئەیلێ ، مەولەوی بە بەیتێک ودوان تەواوی ئەکات .

خانای قوبادیش شاعیرێکی دەوڵەمەندە ، جگە لە (حەوت و بەند) و (دیوانی قەسیدەو غەزەلەکانی) ، شاکاری (خوسرەووشیرین ، شیرین و فەرهاد ، لەیل و مەجنون ، یوسف و زلێخا ، ئەسکەندەر نامە)یشی هەیە ، ئەمشاعیرە زۆر بەدەستەڵات و غەڕایە . بەتایبەتی لەشاکارەکانیدا حەشری کردووە ، هەرچەندە شوێن پێی (نیظامی گەنجەوی) هەڵگرتوەو وەکو ئەمانەتی ئەدەبییش خۆی نەیشاردۆتەوە ، بەڵام کارێکی کردووە بۆ کورد کەنمونەی نیە .

ئێستە بزانین چۆنبۆتە سەرچاوەیەک کە مەولەوی سوودی لێ وەربگرێ ؟

١ ـ لەدیوانەکەی مەولەویدا هەندێ جێ پەنجەی دیارە .

٢ ـ بە پێویستی ئەزانم گوڵبژێرێ لە (خوسرەوو شیرین) ەکەی بکەمو هەندێ بەیتی پێش چاو بخەم ،کە دەربکەوێ بەنیازی ئەوەی سەرچاوەیەکن و مەولەوی سوودی لێ وەرگرتوون.

---

١ – بەندە چوارساڵ لەمەوبەر ئەم عەشقە گەیاندمیە گوندی (ژان) کە یەکێکە لە گوندەکانی ژاوەرۆ لە پشتی (بێساران)ەوە. گەلێ سۆراخمکرد . بەڵام بەداخەوە بەدەستی خاڵی و نائومێدی گەڕامەوە .

جەشنۆی نەسیم خامەی بۆسونبوڵ
مەشکاوۆ خونچەی تەعریفش چون گوڵ

جە وەنەوشەی وەسف ذاتی ئەوسەروەر
مەکەرۆ پڕ عەتر عەرسەی هەفت کیشوەر (ل ۴)

واتە : لە شنەی بای نەسیمی قەڵەمی کەبۆنی سونبوڵ ئەبەخشیتەوە ، خونچەی باس کردنی وەکو گوڵ ئەپشکوێ . لەوەنەوشەی وەسپی زاتی ئەو سەروەرەدا مەیدانی هەر حەوت کیشوەرەکەی دنیا پڕ لە عەتر ئەکات .

ناگا جە وەختێ مینای سوبح دەم
جەجام خورشید ڕەوشەن بی چون چەم (ل ۱۵)

واتە: ناکاو لەکاتێکدا شوشەی کازیوە، لە پیاڵەی خۆردا وەکو چاو ڕووناک بوویەوە.

خەدەنگش مەویەرد جەکۆی سەنگی خار
چون نەسیمجەلوول حەلقەی زولفی یار

مەشکاوا شمشێر برندەش حەجەر
چون سینەی عاشق نەئەبرۆی دڵبەر (ل ۲۴)

واتە : تیرەکەی کێوی بەردی خارای کون ئەکرد ، وەکو چۆن بای نەسیم بە پێچ پێچی زوڵفی یارداتێئەپەڕێ . شمشێری بڕندەی بەردی لەت ئەکرد ، وەک چۆن ئـەبرۆی دڵبەر سنگی عاشق ئەبڕێ .

شۆڵەی ئافتاب وێنەی مەودای تێخ
سیلسیلەی گێسوی شەوبڕی جەبێخ (ل ٦٨)

واتە : پرشنگی خۆر وەکو نوکی تیخ، زنجیرەی زولفی شەوی لە بن‌دا بڕی.

چون جەشۆڵەی شەمس ئاڵای زەرین باڵ
نە سەرکۆوان سەنگ درەوشا چون لاڵ (ل ٩٢)

واتە : چونکە بە پرشنگی خۆری بەرزی باڵ زێڕین، بەردی سەرکێوەکان وەک لەعل درەوشانەوە.

یاقوتی ڕەنگم جە توغیانی دەرد
زەرد بیەن تەمام چون کارەبای زەرد (ل ١٢٨)

واتە : (یاقوت)ی ڕەنگم لە بەرهەڵچون و زۆربوونی دەردو ئازار وەکو کارەبای زەرد زەرد هەڵگەراوە.

هیچ نەفسێ جە چەنگ بەڵاش نەڕەستەن
سەبوی کێ وە سەنگ میحنەت نەشکەستەن ؟

کێ بە کەدوی ئەو نۆشا ئاوی سەرد
نەوی جە ئیسقا وێنەی کەدو زەرد

واتە : هیچ گیانێ لە چنگی بەڵای ڕزگاری نەبوو، کووپەی کێ بە بەردی مەینەتی‌ی ئەونەشکا ؟ . کێ لە کوولەکەی ئەوا ئاوی ساردی خواردەوە و لە تینوانا وەکو کوولەکە زەرد هەڵنەگەڕا ؟

(جاران کوولەکەی زەردیان هەڵکۆڵیوەو ئاویان بۆ خواردنەوە تێدا هەڵگرتوە)

شەوێ چون بە دور پیرۆزەی ماوی
مێخ ڕێز کریا چەرخ زوهرەی سەماوی (ل ٣٠٧)

واتە : شەوێ وەکو بەخشڵی پیرۆزەی ئاوی ڕەنگ ، بزمار ڕێژ کرا چەرخی زوهرەی ئاسمان.

چون عەرووسی ڕۆ جەبەندی شەو ڕەست
ئاینەی ڕەخشان خورشید گێرت بە دەست (ل ٣٤٠)

واتە : چونکە بووکی ڕۆژ لە بەندی شەو ڕزگاری بوو ، ئاوێنەی درەوشاوەی خۆری گرت بە دەستەوە.

چون عەروسی ڕۆ بەدەوانی دەو
جە خەیاتخانەی پڕ زوڵماتی شەو

نیم‌تەنەی موشکی مێخەکی‌ی پۆشا
ئافتاب نە مولک مەغریب مەی نۆشا. (ل ٣٧٩)

واتە : وەکو بووکی ڕۆژ بە پڕتاو لەخەیاتخانەی تاریکستانی شەو سوخمەی ڕەشی وەکو مێخەکی پۆشی و خۆرەتاو لە موڵکی خۆراوادەستی کرد بەمەی خواردنەوە

سەراوان جە یەخ چون نوقرەی فوتات
مدرەوشا چون دوڕ نە عەرسەی وڵات (ل ٥٦٣)

واتە : سەرچاوگەکان کە بووبوونە سەهۆڵ وەکو وردە زیو لە جەرگەی وڵاتا وەکو دوڕ ئەدرەوشانەوە.

بە گۆی غەبغەبش ماچی قەترەی ئاو
موعەللەق مدان نە پای ئافتاو (ل ٥٩١)

واتە : گۆشتی ژێر چەناکەی لە دلۆپی ئاو ئەچێ کەدرابێتە بەر تیشکی خۆر

ئەمانەو سەدان نمونەی‌تر کە لەبەرهەمەکانی خانادا ئەیبینین ، سەرچاوەیەکی گەورە بوون کە مەولەوی بینی هونەری پێوەناون و بەئارەزوو تاسەی تینویەتی شکاندووە .

کە واتە شان بە شانی ئەدەبی دەولەمەندی فارسی ، شیعرەکانی (بێسارانی) و (خانا)ش دوو قیبلە بوون کەمەولەوی بۆنوێژ کردنی شیعر رووی تێ‌کردوون . ئەلبەتە پێویستە لە دوای ئەمان باسی دوو شاعیری‌تر بکەین ، ئەوانیش (صەیدی دووەم) و (مەهجوری)ین کەهاو چەرخی مەولەوی بوون ،بەلام هەندێک بە تەمەن لەم گەورەتر بوون .

ئەم دوو شاعیرە ئەگەرچی قوتابخانە نین ، بەلام بۆ سود وەرگرتن باشن و مەولەوی بە خوێندنەودیان بەهرەی بردووە .

شاعیرەکانی هاوچەرخی خۆیشی کە بە هەورامی شیعریان وتوە وەکو(بولبول ، کۆماسی ،کاک‌ئەحمەدی پریس ، داخی ، مەلا نیظام ، مەحروم ، شێخ عەزیز و شێخ عەبدولڕەحمانی جانەوەرە ، شێخ یوسفی نۆسمە ، شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی ، میرزا ئەولقادری پاوەیی ، فخرالعلماء ، صەرعی ، مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی ، مەلا خەیاڵ ، مەلا چراخ ، فانی ،فەوزی ، عەبدوڵا بەگی شەرەف بەیانی ، یوسف بەگی شەرەف‌بەیانی) . بە پێچەوانەود مەولەوی بۆئەمان بۆتە سەرچاوە و لە قوتابخانەکەیدا فێری هونەر بوون .

کە واتە لەلایەکەوە ئەدەبی فارسی و لەلایەکی‌ترەوە هەندێ لە ئەدەبی کوردی چرایەک بوون لەبەر هەنگاوە شیعریەکانی مەولەویدا وبەرەو لوتکەی خۆی ڕێگای بڕیوە .

ـ واژه ـ

مەولەوی ئەوەندە زاڵ بووە بە سەر واژەدا ، هەرگیز لە هیچ بەیتێکیدا هەست بە نامۆبوونی واژەیەک ناکەیت ، هەر ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە شیعرەکانی خێرا ئەچەسپێن بەدڵەوە ، دیارە شاعیر تا واژە لە دەستیدا وەکو مۆم وابێ باشتر ئەتوانێ شیعری سەرکەوتو بدات بە دەست خوێنەرانیەوە .

ئەم دیاردەیە لای (نالی) پێچەوانەیە . زۆر جار واژە لە لای ئەم نامۆن و بە زەحمەتێکی زۆر و خۆماندوو کردنی نالی توانیویانە ببنە بەردی بناغەو دیواری بەیتێک ، بۆیە لە فۆرمی واژەکاندا هەست بە نامۆیی ئەکرێت و بە زەحمەت لە پەردەی گوێوە ڕەوانەی مێشک ئەبن . لە مێشکیشدا ئەبێ بە شێوەی تەکنیکی نالی چەند جار بیخوێنیتەوە ئینجا بۆت دەرئەکەوێ کە واژەیەکی نامۆنیەو لە شوێنی خۆیدا ڕست کراوە . ئەڵبەتە ئەمەش هونەرێکی بەرزە ، بە مەرجێ شاعیرە کە دەستەڵاتدار بێ و بتوانێ هونەرمەندانە جێگای بکاتەوە ، ئەمە لە ڕەوشتەکانی شیعری قووڵ و پڕ پێچ و پەنایەو بەمەش لە جۆرەکەی تری شیعر واتە (سهل ممتنع) جیا ئەبێتەوە .

بە دوای نالی‌دا ئەم شێوازە لە مەحوی و هەندێ لە حەریق و لە شیعری (خەوە بەردینە)ی سوارەی ئێلخانی‌زادەدا ئەبینین .

بەڵام گەورەیی مەولەوی لەوەدایە کە بە فۆرمی شیعرەکان واهەست ئەکەیت لە خانەی (سهل ممتنع)دا گیرساونەتەوە ، کە چی زۆر جار واژەکان چەند سادەن ، بەڵام لەگەڵ سادەیی‌یەکەی خۆیاندا لە ژێر پەردەیەکی تردا واتایەکی تریان بە خۆوە گرتوە . یانی گێلێ لە بەیتەکانی مەولەوی هەم (سهل ممتنع)ن و هەم قووڵو پڕ پێچ . چونکە واژەکان چەندێ بە شێوە سادەن ، ئەوەندەش لە ناوەڕۆکدا قووڵن . بۆ نمونە با ئەم بەیتانە بخوێنینەوە

ساقی ، پام بەستەی زنجیری پیرین
دەسم دامانت وادەی دەس گیرین

چابوک بەو ڕەفتار بێ درەنگەوە
خەرامان بەو ناز باڵای شەنگەوە

جامت جەم ئاسا لەب ڕێز کەر جەمەی
پێم نۆش کەر وەیاد بەزم ئارای کەی

مەستی وەپیران جەوانی مدۆ
هێزی دووبارەی زرانی مدۆ

پێم دەر تاپەی پەی پێوەهەی کەروون
ڕای سەختی سارای مەحشەر تەی کەروون ل ٤٥٩ - ٤٦٠

لەم چەند بەیتەدا (ساقی) لە باتی (خوا) دانراوەو (مەی) باوەڕو ئیمانە. واتە لە ناوەڕۆکدا مەولەوی داوا لە خوا ئەکات کە ئیمانی زیاتری پێ ببەخشێ بۆ ئەوەی ڕێگای چوونە مەیدانی مەحشەر بە سەر بەرزی ببڕێ.

واژەی (کەی)یش کە مەولەوی بە جێگەی (گەورە) هێناویەتی ، مەبەستی گەورە پیاوانی خوایە وەکو ئەولیاو ساڵحەکان .

مەولەوی نمونەی تری لەم بابەتەی هەیە ، بەڵام بە گشتی ناتوانین بڵێین شیعرەکانی وەهان، گرنگ ئەوەیە توانیویەتی لەم باخچەیەشدا تەمامی خۆی بڕوێنێ و واژە بدات بە دەست خوێنەرەوە کە واتا قاموسیەکەیان نەبەخشن .

زۆر زۆر جاری تر شاعیر واژە بە تەنیا دانانێ ، بەڵکو واژەیەکی تری بۆ ئەخوازێ و ئەیکاتە تەرکیبێکی هونەرمەندانە ، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی و توانیویەتی زۆر کارامانە لەم دەریایەدا مەلە بکات و پشوی سوار نەبێت .

هەندێ جار ئەم تەرکیباتانە بە دوای یەکدا دێنێ ، بە شێوەیەک نەک زیان لە

شیعرەکە نادەن ، بەڵکو ئەوەندەی تر ئەیانڕازێنێتەوە . وەکو :

قەڵای ویرم سەیل هووناو بەردەبی
بورجی ئاگاییم وێران کەردەبی

کێشکچی خەیاڵ خەم فام سەندەبی
دووکانچەی بەدەن بێ کەس مەندەبی

تەرکیباتەکان ئەگەرچی هەندێکیان لە لایەن شاعیرانی پێش خۆیەوە بە تایبەتی شاعیرانی کلاسیکی فارس وتراون ووتراونەتەوە ، وەکو :
(دانەی مەرجانیی هەرس ، خاروخاشاکی موژە ، میراوی سەرجۆی بادە ، پەردەی دڵ ، پای شادیم ، زاری ماری دەرد ، نەسیمی وەسڵ ، ڕیشەی ویر ، ڕوخساری زەوق ، دەرگای عەدەم ، شەرارەی ئاتیرەی فیراق ، حەسرەتی دەردی جیاییت .. هتد)
بەڵام زۆریان دەست چنی خۆینی وەکو :
(تەڵماسکی تنیای سەردیی مەیل ، باڵی بەیداخی تاقەت ، دەوڵەتکەی وەسڵ ، دووربینەکەی چەم ، پۆسی کووسی گۆش ، ڕاداری سوڵتانەکەی خەم ، هەنارەکەی دڵ ، دێوەلولی ئاخ ، قرچەو چۆقەی جەرگ ، هەڵوای موحیببەت ، ئاهوی توونی دڵ ، شنۆی شەوبەرات ، لوولەی پێشەی ڕێش ، شەتاوگەی شادی ، شنۆی پارێزی خەیاڵ ، دووهاچەی چەتاڵ ، ئەڵماسی دووریی ، بنەکداری خەم ، گێجی زرێواری هەرس ، زایەڵەی سەمتوری کەللە ، هتد) .

مەولەوی بێ ئەوەی خۆی بەستبێت بەوەوە کە بە هەورامی شیعر ئەڵێت و ئیتر نابێ لێی دەربچێ ، گەلێ جار واژەی زاراوەکەی خۆی بەکار دێنێ و ئەوەندەش جوان جێگەی کردۆتەوە کە هەست بە نامۆ بوونی ناکرێ و بە شێوەیەک لەگەڵ واژەکانی تردا بۆتە دەستەخوشک کە هەورامییەکی جافی نەزان بە ئاسانی وەری

ئەگرێت.وەکو:

وەخیلافەوەن یارانی سەرمەس

تەقازای زاتی تەبعم هەرچی هەس ل ٤٥٢ دیوان

لێرەدا واژەی (هەس)واژەیەکی جافی‌یەو لە جێگای (هەن)دارێژاوە.

ڕیشێ چەنی من نەیۆ وەحزوور

مبۆ بتاشووش تا وەنەفخ سوور ل ٢٩٢ دیوان

واژەی (ڕیشێ)جافیانەیە یا سۆرانی ،لە هەورامیدائەوترێ (ڕیشیۆ).
یاواژەی (جارێ)لەگەڵێ بەیتداوەکو:

تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا

ئازیز بۆ جارێ پابنیە پێشدا ل ٥٣٩ دیوان

کە بە هەورامی (جاریۆ)ئەگوترێ ،هەروەکو خۆیشی لەم بەیتەدا واهێناویەتی :

دەوڵەتکەی وەسڵ پانەزەواڵەن

جاریۆ تەر دیدەن باڵات مەحاڵەن ل ٥ دیوان

ئەمانەو هەندێ نمونەی ترکە لە خوێندنەوەی دیوانەکەیدابەر چاو ئەکەون. هەموویان ئەوەمان پێ ئەڵێن کە مەولەوی ئەگەر چی هەورامیشی چاک زانیوە،بەڵام هەندێ جار بە ئەنقەست یالە بەر زەرورەتی شیعر واژەی ناوچەکەی خۆی بە کار هێناوە.بێ ئەوەی گرفتێکی بۆزاراوەی هەورامی وشیعرەکانی خۆی دروست کردبێت. هەندێ جاری تر پەنای بردۆتەبەر واژەی تازە، واژەگەلێ کە ڕەنگە

هەرلەو دەورانی ژیانی مەولەویەدا کورد پێیان ئاشنا بووبێ . ئەم خێرا وەری گرتوون ولە شیعردا بە شێوەیەکی جوان جێگای کردوونەتەوە ،وەکو (میقناتیز) کە لەم بەیتەدا ئەیبینین:

جەزبەی ئاهینم دەماخ دان پەرداخ

میقناتیز تۆی جام کەردەن وەیاتاخ (ل ٤٥٢ دیوان)

یا (دووربین):

پۆس کووس گۆش نەم کێشان کەم کەم

ئەم سەرەو سەرەن دووربینەکەی چەم (ل ٤٧٧ دیوان)

ئەم کارە دەستی هونەرمەندیکی بەتوانا ئەتوانێ بیکات و وەها جێگایان بکاتەوە کەهەر وەکو ماڵی کوردبن وەهان .دیارە ئەگەر ئەم دەورانەشی بدیایە زۆر بە ئاسانی واژەی (فریزەر،تەلەفیزیون، ڕادیۆ، ئۆتۆمۆبیل ...هتد)جێگائەکردەوەو زۆرباش ئەیکوردانذن.هەندێ جاری تر شاعیر یاری بەواژە ئەکات ،وای لێ ئەکات کە مانایەکی تر بەخۆوە بگرن و هەم ئاماژەش بن بۆئەوشتەی کەقسەی لە سەر ئەکات .وەکو:

لوقمەکەی ماساوقووڵی دەریای مەیل

لوختِ سای کۆڵەی سارای دەردی لەیل (ل ٢٧٦ دیوان)

لێرەدا(لوقمەکەی ماساو) و(کوڵەی سارای)جگەلەوەی مانای تریان وەرگرتوە ئاماژەشن بۆ هەردووگوندی (لوقمەماسی)و(کۆڵەسارە)کەیەکەمیان زیدی ئەومەلا یونسەیە کە شیعرەکەی بۆ نوسراوەو دووەمیان ئەو دێیەیە کەبە مەلایەتی تێیدا گیرساوەتەوە.

یا :

های وەفەرق دین زامداران تاج دای
شەریعەتی مەیل لەیلێ ڕەواج دای (ل ٤٦٢ دیوان).

لێرەدا هەردوو واژەی (دین) و (تاج) بە واتا جێگای خۆیان گرتووە ، لە هەمان کاتیشدا (تاج‌الدین) دێننە یاد کە ئەو کەسەن شیعرەکەی بۆ نوسراوە .

مەولەوی لە چەند شوێنێ‌تردا ئەم نەزاکەتەی بەکار هێناوە و هونەرمەندانە شیعرەکەی ڕازاندۆتەوە ، ئەمەش نیشانەی زاڵ بوونی شاعیرە بە سەر واژەدا .

«کارتێکردنی مەولەوی لە سەر شاعیرانی هاوچەرخی ودوای خۆی »

ئەوەندەی تا ئێستە دیار بێ لە ڕابوردوی ئەدەبی کوردیدا ، هیچ شاعیرێکی‌ترمان نیەکە بەئەندازەی مەولەوی پەیوەندی بە شەپۆلی شیعری سەردەمەکەیەوە هەبووبێ و توانیبێتی ئاگای لە هەناسە شیعریەکانی سەردەمەکەی بووبێ .

بەو دەستەڵاتە بێ سنوورەی کە لە قەڵەمڕەوی شیعردا هەیبووە ، لە جوگرافیایەکی دیاریکراوی ئەو دەورانەدا بۆتە سەرباشقەیەک کە زۆر جار شاعیرانی هەورامی گۆ لە خزمەتی ئەودا نرخی شیعری خۆیان زانیوەو دەرسیان لە بەهرەوهونەرو سەلیقەی وەرگرتوە .

مەولەوی سیامەندێکی ڕاستەقینەی سەوداسەری خەجی شیعری کوردی بووە ، هەر لە سەرەتای فەقێیەتیەوە کە لە پاوەو جوانرۆ خوێندویە زمانی شیعریی پژاوە ، تا ئەوینی زانست دەرگای یەکێک لە حوجرەکانی مزگەوتی جامیعەی سنەی بۆ ئەخاتە سەرپشت و ئیتر لەم شارە سیخناخ لە ئەدەب و زانستەدا ڕۆژ بەڕۆژ پلەی خوێندەواری و هونەریی ئەچێتە سەرەوە تا هەردووکیان بە لوتکەیەکی پڕ لە شانازی ئەگەیەنێ .

لە خوێندندا ئەبێتە مەلای مەلایان و لەشیعریشدا ئەبێتە قوتابخانەیەک کە

شاعیران تێیدا بخوێنن و فێری ئەو هونەرە ببن .

لێرەدا نامەوێ وناتوانم باسی هەموو قوتابیەکانی بکەم ، بەس چەند نـمونەیەک ئەهێنمەوە کە هیوادارم ڕۆشن کەرەوەی مەبەستەکە بن .

١ ـ حاجی مامۆسا : مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا عەبدولڕەحمان کوڕی مەلا ئەحمەدی موفتی سلێمانی ١٢٨٠ لە نۆدشەی هەورامان لە دایک بـووە . ١٣٠٢ لە شـاری سـنە کۆچی دوایی کردووە . لە زانستدا بە پلەی بەرزی (مفتی) گەشتووەو لە شیعریشدا ئەوەی کەدیار بێ شـاعیرێکی بـاشە ، هـەرچـەندە بـە داخـەوە لە شـێوەی دیـواندا شیعرەکانی کۆنەکراوەتەوە . بە کوردی و فارسی شیعری هەیەو لە شیعرە فارسیەکانیدا نازناوی (فانی) بۆ خۆی هەڵبژاردوە .

زۆرتر لە شیعرە کوردیەکانیدا شوێن پێی مەولەوی هـەڵگرتوە ، هـەرچـەندە بـە مەولەوی نەگەیاندووە ، بەڵام باش بۆی چوە . ئەمە نمونەی شیعرێکیتی :

چەندە پێم واتی : هایدڵەی غافڵ
حەق حەقیقی ، ئیزافەی باتڵ

پەردەی ئەوجەماڵ موتڵەق جە ئیتڵاق
ئاوێنەی مەعکووس میرئاتی ئافاق

بۆ بەبای موراد نەشئەی سافی مەی
بە یاری مەللاح سۆزی ناڵەی نەی

کەشتی غەرق کەوتەن نەگێجاوی وەی
یاونە وەساحیل ئی بەحر بێ پەی

باکەرۆش کۆتا گڵپەی کوورەی دڵ
شەرارەی سەبوون چۆڵەکەی مەنزڵ

تۆ بەتەردامان عیسیانت تەڕ بی
وێنەی بەدبەختان ئاخرت شەڕبی

هیچ نەبیت وەتەنگ دما ڕۆی فەردا
دەی تا مەتاوی بدە وە سەردا

ئەم شیعرە لە دنیای ئەو شیعرانەی مەولەوی دان کە بۆ دەردە دڵی خۆی وتونی .

با لە هەندێ شیعری تریداچەند بەیتێ هەڵبژێرین کەدنیای مەولەوی‌یان تێدا دیارە.

هەر لاسەیلی هوون نە سەرچەمەی چەم
کلپەی ناری دڵ ، ناڵەی کوورەی دەم

پرکەردەن شەتاو ناوانی گەردوون
سۆچنای شەخەڵ ژیای دنیای دوون

تەمی غەم نەسەر سەرکڵاوەی دڵ
چەترەن چون گێسوی جەمین پەڕەی گوڵ

...

سەردیی هەناسەی ئێلاخەکەی دڵ
وستەن سیاکار بەختم جەسەرچڵ

...

زاهیر هەم فەڵەک کەڵەک بەستەبۆ
دیسان دڵ وەتیر دووریی خەستەبۆ

ئەسرین هەم تاف وست وەڕووی ڕوومەدا
تفڵ ئاسامەدۆ وێش وەبوومەدا

لازم کەردەن لێم فەسڵەکەی پایز
دوور وستەن وەهار وەسڵەکەی ئازیز

٢ ـ حەیران (١٢٥٠ ـ ١٣٠٥) شێخ محەممەد ساڵح کوڕی شێخ ئیمام الدین ناسراو بە (فخرالعلما). زاناو هاوچەرخی مەولەوی بووە ، لە شیعردا خۆیمان بە (حەیران) پێ ئەناسێنێ ، بەکوردی و فارسی و عەرەبی‌شیعرو پەخشانی هەیە . بەداخەوە تا ئێستە بەرهەمەکانی کۆ نەکراونەتەوە ، بەڵام لەم لاولا هەندێکی دەرکەوتوون و نیشانەی شاعیرێکی باشیان پێوەیە . زۆر هەوڵیشی داوە کە سوود لە بەهرەو توانای مەولەوی وەربگرێت . شایانی باسە هاوڕێی خۆشەویستی یەک بوون ، هەرچەند مەولەوی (٢٩) ساڵ بەتەمەن لەم گەورەترە ، بەڵام چونکە پلەی زانایی و شاعیرێتی بەرزبووە ، ئەم دوو شتە چاوی لە تەمەن پۆشیوە و لێکی نزیک کردوونەتەوە . لەگەڵی لە بەیتەکانیدا تام وبۆی مەولەوی ئەبینین . بۆنمونە با سەیرێکی ئەم چەند بەیتەی بکەین لە شیعری (دیاردان وەهار)دا .

مەی پەنهان نەجام سافی گوڵاندا
تلوعی نەشئەش نەتۆی دڵاندا

شەونم سوب نەڕووی سەوزە دیاران
چون قەترەی عەرەق زوڵفی نازاران

شینی شەتاوان ، شنۆی سەرکاوان
چون خاڵ خاڵی بەور ڕیشەی دڵ کاوان

شنۆی سەرکاوان کەی سەفا مەدۆ ؟
چون نێشی نەشتەر پێم جەفا مەدۆ

سەوزە چەمەنان کەی دەوا مەدۆ ؟
هاژەی وەفراوان کەی دەوا مەدۆ ؟
یا :
وادەی سەفاو سەیر سەردیارانەن
وەختی نۆشانۆش بادە خوارانەن

من پەی تۆ بەزمم گەرمەی زاری یەن
نالّەی نەی کزەی زامی کاری یەن

ئارۆ من دەردم سەرمەشقی قەیسەن
نەجدم سارای ساف پای (قوللەی وەیس)ەن

با لە شیعری (نازک ساراو دەشت) یش دا ئەم بەیتانە بخوێنینەوە کە بەشێوەی ئەردەڵانی وتویە :

سانەیچی دەی نەی ، سا دەروێش دەفێ
قەزای پەنجەتان لە گیانم کەفێ

تۆ وەسەدای دەف ، ئەو وەناڵەی نەی
جەرگم لەت لەت کەن ، ڕیشەی دڵ کەن پەی

بەڵ وەها کەمێ زامم ساکن بێ
ساتێکیچ دنیا وەکام من بێ

لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا (ئازیزم بەستەن) ئەم بەیتەی مەولەوی تێهەڵکێش کردووە .

واتای (پیر) وقافیەی بەیتەکەیشی پێ دروست کردووە.

٤ـ بەیتی نۆهەم :

پەی تەشویش ناگا قاسید جەلاوە
چون پەیک نەسیم مدرا وەپاوە

لەم بەیتەش‌دا کاک خالید دیسان واژەی پاوەی خستۆتە ناو دووکەوانەوە، وەک ئەوەی ناو هێنانی شاری پاوە بێت. بەڵام نا، (مدراوەپاوە) یانی (وەستا بە پێوە).

٥ـ ئەو بەیتانەی کە کاک خالیدیش ئاماژەی پێکردوون و هی مەولەوین، لە نوسخەی لای (وارستگان)یش‌دا هەروان، بەڵام لە دوو نوسخەی لای ئێمە دانین و ئەم دوو نوسخە جێگای باوەڕن، چونکە بە عالەمی ئاشکرا ئەو بەیتانە مولکی مەولەوین.

٦ـ ئەو شیعرە بەو شێوەی کە کاک خالید بڵاوی کردۆتەوە گرفتی قافیەی تیایە، بڕوانە ئەم بەیتە :

زانام گرد داغدار، داغ دووری تۆن
گرد بەرگ سیای، ئاهە سەرد تۆن

هەردوو (تۆن) ڕەدیفن و (دووری) و (سەرد)یش نابنە قافیە، لای ئێمە بەم شێوەیە :

زانام گرد داغدار داغی دەردی تۆن
گرد بەرگ سیای ئاهی سەردی تۆن

یا ئەم بەیتە :

دەوات چون دەروون نە تەلاتومدا
لیقەوێش کێشان وەلیتەی خەمدا

(تەلاتوم) و (خەم) قافیەیەکی نارەسان. لە باتی (خەم)، (خوم) دروستە، کە

ڕەنگێکی شینی تێرەو شاعیر لەوێدا مەبەستی مرەکەبە ـ جەوهەر.

ئەم شاعیرە ئەوەی باشە لە زۆر لە شیعرەکانیدا بە نازناوی (سەرعی) مۆری خۆییان لێ ئەدات، ئەمەش بۆ گرێ کردونەوەی ئەو تێکەڵ و پێکەڵیەی لە شیعری بە هەورامی وتراودا هەیە شتێکی باشە.

ئێستە بێینە سەر ئەم و مەولەوی و کارتێکردن.

سەرعی بە پێی ئەو هەندە شیعرەی کە لە بەر دەستدایە، نیشانەی ئەوەی پێوە دیارە کە لە ژێر سێبەری کارتێکردنی مەولەویدا ئارامی گرتوە. بۆ نمونە :

١ ـ مەولەوی لە شیعری (بەرزان هیلال تار)دا ل ٦٨ - ٧٠ بە شێوەیەکی هونەرمەندانەو وەک داهێنانێ قافیەی لەدوابەیتەکانی شیعرەکەیدا شێواندوە، ئەمیش لە شیعری (تو خواگیانی وێت)دا پەیڕەوی ئەو خەتەی مەولەوی کردوە. ئەگەرچی ئەو شیعرە کاک خالیدی مەنسوری لە سروەی ناوبراودا بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام چونکە لەگەڵ نوسخەکانی لای مندا جیاوازییان هەیە بە پێویستی ئەزانم منیش لێرەدا بڵاوی بکەمەوە.

تو خوا گیانی وێت ئەرنەواچی پێش
ئی زاری و شینە بە ئەو یانی چێش ؟

با من دوو دیدەم هووناو پاڵا بۆ
ئەو بەو دیدەی مەست گرینش پەی چێش ؟

با من ڕوخسارم تەڵا جەڵا بۆ
ئەو زەردیی ڕوخسار نەسرینش پەی چێش ؟

با من فەریادم فەرهاد ئاسا بۆ
ئەو خەمی ی قامەت شیرینش پەی چێش ؟

با من ئاشوفتەو شێت و شەیدا بۆ
ئەو پەشێویای زوڵف چین چینش پەی چێش ؟

با من قامەتم هیلال نمابۆ
ئەو سەروی قامەت خەمینش پەی چێش ؟

با من شیوەنم هەزار ئاوا بۆ
ئەو بەو دیدەی مەست گرینش پەی چێش ؟ [1]

با من هەر ناڵەم ناڵەم [2] باڵا بۆ
ئەو ناڵەی دڵەی حەزینش پەی چێش ؟

با من دەروونم مەینەت ئەفزا بۆ
ئەو دڵەی چون سەنگ نگینش پەی چێش ؟

با من دەس زانوی شام و سەبا بۆ
ئەو دەس وەزانوی سیمینش پەی چێش ؟

با من چون (سەرعی) شێت و شەیدا بۆ
ئەو پەشێویی خاڵ جەمینش پەی چێش ؟

با ئەو کەس ناڵۆ کام نەیاوا بۆ
ئەو وەکام یاوان ناڵینش پەی چێش ؟

---

١ - ئەم میصرەعە دووبارە کراوەیە .

٢ - ناڵەمی دووەم کورت کراوەی (نەئاڵەم)ە = نە عالەم

٢ ـ شیعری (٨)ی پیتی (هـ) شیعری ئەم شاعیرەیەو بە هەڵەپەڕیوەتە ناو دیوانی مەولەویەوە . لە نوسخەی (شەهاب)دا لە سەری نوسراوە (صرعی در ردیف) لە نوسخەی (باینچو)ش‌دا لە سەری نوسراوە (لاادری) واتە : نازانم . یانی ئەمیش هەر بە شیعری مەولەوی نەزانیوەو نەیشی زانیوە کە خاوەنەکەی کێ یە .

شیعرەکە چونکە لەگەڵ چاپکراوەکەدا جیاوازیان هەیە ، وای بە چاک ئەزانم لێرەدا بڵاوی بکەمەوە .

وەهارەن ، سەوزەن ، ئاوەن ، سەرکاوەن
هاژەی وەفراوەن ، شاخەی شەتاوەن

تەمەن ، دوکەڵەن ، گەردەن ، غوبارەن
فرمێسکەن ، چەمەن . سەیلەن ، فووارەن

ساقی یەن ، بادەن ، نەسیمەن ، بادەن
بولبول جە دەوری گوڵان ئازادەن

بەزمەن ، شادی یەن ، عەیشەن ، نیشاتەن
کەیفەن ، شۆخی یەن ، شەوقەن ، حەیاتەن

سەنگەن ، کۆسارەن ، سەرکۆوەن ، هەردەن
خەمەن ، مەینەتەن ، زوخاوەن ، دەردەن

دڵەن ، هووناوەن ، دیدەن ، سەیلاوەن
کەمەرەن ، هەردەن ، ملەن ، کڵاوەن

هیجرەن ، دووری یەن ، عیجزەن ، فیراقەن
واوەیلان ، شینەن ،ناڵەی عوشاقەن

سەبزەن ، سۆسەنەن ، نەورۆز گوڵانەن
وەنەوشەن ، یاسەن ، گوڵەن ، هەڵاڵەن

(سەرعی)یەن ، شەیدان [1] نەجدەن ، مەجنونەن
مەزاقەن ، جامەن ، پیالەی هوونەن

٣ ـ لە شیعری (شەماڵ بێزارەن)دا دووجار ناوی مەولەوی ئەبات و دوو میسرەع لە شیعرەکانی دێنێ و تێهەڵکێشی ئەکات . ئەڵێ :

چونکە فەرموودەی (مەعدومی) راسەن
هامسایەی یانەی دەوڵەمەن خاسەن

(ئەم میسرەعە لە دیوانە چاپەکەدا نیە ، لە شیعرێکی بڵاو نەکراوەیدایە کە پاشان ئەیبینن) .

چوار بەیت دوای ئەوە ئەڵێ :

فەرمودەی (مەعدوم) ئید وانە وەجۆش
(من دیم تۆ حاڵش نەژنەوی وەگۆش)

(بۆ ئەم میسرەعە بڕوانە مەولەوی ل ١٦٤) .

ئەمەش نمونەی چەند بەیتێکی تری کە لە شیعرەکان هەڵم بژاردون بە مەبەستی ئەوەی کە قوتابی بوونی لە قوتابخانەکەی مەولەویدا باشتر بزانرێ .

تورەی توغرای زوڵف میشک بۆ عەنبەر
چون هەوری سیا گێرتەن دەوری خوەر

---

١ - شەیدا = ئاماژەیە بۆ کێوی (شەیا)ی یان لەیلاخ ـ ڕۆژهەڵاتی سنە ، بەشی دیگولان . لە بەرامبەر (نەجد)دا هێناویەتی ، ئەو کێوەی کە مەجنون تەمەنێکی عاشقانەی تیا بە سەر برد .

پاژنەو پەنجەی پاش پای حوور شکەستەن
دوو دەستی گەردوون چون (سەرعی) بەستەن

...

ڕۆحشان مۆلەقەن هاوە هەواوە
وەڵگی جەستەشان هاوەدەم باوە ...

نەرگس چەم جە گەرد دەردان نەسرەفتەن
سۆسەن زوانش وەلای دەم کەفتەن

...

شەقایق وەرەق بەی تەور شەق وەردەن
وەڵگی زیندەگیش بای فەنا بەردەن

...

ساقی وەمەرگت گوڵان یەند زەردەن
گردین جە زەردیی ڕووی (سەرعی) بەردەن

...

نەک چون من دەروون وەخەم پەروەردە
باری خەم قامەت وەکەوان کەردە

...

مەزەی تاڵی تام دووریی وەسڵی گوڵ
ئاوم لێ کەردەن وەژاری قاتڵ

سەرزەمین کاڵای ڕەنگاڕەنگ پۆشان
سەراوان چون ئاو دیدەی من جۆشان[1]

٤ ـ میرزاعەبدولقادری پاوەیی (١٢٦٦ ـ ١٣٢٨).

ئەم شاعیرە کە دیوانەکەی چەند ساڵێ لەمەوبەر بە چاپ گەشت لە لایەن کاک هادی سپنجی‌یەوە ، لە خوێندنەوەیدا هەست بەوە ئەکەین کە ئەم شاعیرە لە نەزمەوە نزیکە تا شیعر ، واتە ئاسۆی هونەری زۆر فراوان نیە ، وەکو لە شیعری (وادە خەلافی ، لێفە شڕ ، ئاسمان و زەمین ، کولەو ئاینەمەل ، کوتەک لە بەهەشتەوە هاتووە .. هتد) ئەبینین کە حیکایەت و ڕووداوی نەزم کراون و هونەری بەلاغەیان تیا نیەو وشک و برینگن .

بەڵام کاتێ کە هاتۆتەوە سەرخۆی و ئاگاداری ئەوە بووە کەمەولەوی چۆن چۆنی شیعر ئەڵێ،دەستی گۆڕیوەو هەوڵی داوە لەدەلاقەی هونەرەوە بڕوانێتە ڕووداوەکان و بە سەر پەنجەی هونەر کاڵا بە باڵای شیعرەکان ببڕێ .

لەم ڕووەوە نمونەی شیعری (تەپە دوی دوکەڵ ، مەوجی خەیاڵان ، جەفا .. هتد) شیعری زۆر سەرکەوتوون ، ئەتوانرێ بکرێن بە ناسنامەی شاعیرێتی میرزا عەبدولقادر

شاعیر کە دەنگی هونەری دەست پێکردووە ئیتر خۆی سپرانۆتە حوجرە شیعریەکەی مەولەوی‌یەوەو بەو پەڕی شانازییەوە هەوڵی داوە شوێن پێی ئەو هەڵبگرێ .

لە سێ شوێنی دیوانەکەیدا بەڕێزەوە ناوی مەولەوی دێنێ و لەگەڵ ناوبردنیدا بەیتیشی لێ وەرئەگرێ و تێهەڵکێشی ئەکات . وەکو ئەڵێ :

---

١ - مەولەوی ئەڵێ : بەهراوان حون سەیل دیدەی من جۆشان

شەوان تاوەڕۆ یادم جەلاتەن
دەک بە ڕەحمەت بۆ (مەعدومی) واتەن

(چ حاجەتەن دەس پەی قەڵەم بەروون
یادم نمەشی چەنیت یاد کەروون) (ل ٣٨ دیوانی میرزا)

یا :

فەرمودەی (مەعدوم)سەرای خاک ماوان
دەک وەڕەحمەت بۆ چ خاس[1] فەرماوان

(دەروون وەمەودای دووریت بیەن ڕێش
هەی خاکم وەسەر سەوقاتم پەی چێش (ل ٨٨ دیوانی میرزا)

یا :

ڕاسەن نەجای دەنگ نە پای ئامۆشۆن
فەرموودەی (مەعدوم) شامڵ هەر وەتۆن

(مەرگ بێ وادەت عەجەب ڕەنگێ ڕەشت
شین وست وەدنیاشادی وەبەهەشت) ل ١٢٢ دیوانی میرزا

---

١ - بە داخەوە لە دیوانەکەدا نوسراوە (خاص) کەئەمە واژەیەکی عەرەبیە بە واتای (تایبەتی)
ئەبێ لە (خاس)ی کوردی جیای بکەینەوە بە واتای (باش . چاک) .

لەم سێ شوێنەدا وەکو دیمان میرزا ناوی مەولەوی ئەبات ، بەڵام شوێنی تری هەیە کە بەیتی لەو خواستوەوکە چی ناویشی لێ نەبردووە.وەکو لە شیعری(موناجات ـ١)دا ل ٦٧ ئەیبینین ، کە ئەم بەیتانە هی مەولەوین و تێهەڵکێش کراون .

بەیتی : یا جەگونای من کەرەم ئاوان تەر

ڕەحمەت جە تاوان من فراوانتەر (ل ٧٣ میرزا)

بڕوانە مەولەوی ل ٥٣٦

بەیتی :

هەر تۆنی وەتاق دانای تەوانا

تۆم هەنی ، هەنی کێم بۆ وەهانا (ل ٧٣ میرزا)

بڕوانە مەولەوی ل ٥٣٦

بەیتی :

من وێم مەزانوو کام تۆم کاڵاێ

یاران پەی هیمەت وەنەم مەلالان (ل ٧٣ میرزا)

بڕوانە مەولەوی ل ٢٥

بەیتی :

یاڕەبی نەی شەو تاریکە فانی

هەروێت وەکەردەی بەدیم مەزانی (ل ٧٤ میرزا)

بڕوانە مەولەوی (ل ١٢٩)

بەیتی

وەرنە جە مەحشەر ، سەرئەفکەندەوێم

شەرمەندەی حزور خودا وبەندە وێم (ل ٧٤میرزا)

بڕوانە مەولەوی (ل ١٢٩)

بەیتی :

باڵەخانەی چەم چەمەڕاکەی وێت
کوڵ بانی وەخاک تۆز پاکەی وێت (ل ١٤٠ میرزا)

بڕوانە مەولەوی (ل ٥٣٩) کە وای فەرمووە :

باڵاخانەی چەم دێوانەکەی تۆ
بانەناو وەگڵ ئاسانەکەی تۆ

هەندێ جاریش دەقاودەق تەرکیباتی لە مەولەوی هێناوە ، وەکو :

کزەی چزەی زام (ل ٥٢ میرزا)

بڕوانە مەولەوی (ل ٣٥٩) یەکەم بەیت

یا : بووڵەکەی جەستەم (ل ٥٥ میرزا).

کەلە (بووڵەکەی سفتەم)ی مەولەوی وەرگیراوە (ل ٨٧) . کە لە ڕاستیدا ئەمیش (جەستەم)ە .

یا : کزەی ڕەشەبای هەناسەی سەردم (ل ٣٧ میرزا)

مەولەوی فەرموویە : کزەی ڕەشەبای هەناسانی سەرد (ل ٤٢٠)

یا : یانەی دڵ (ل ٣٧ میرزا)

بڕوانە مەولەوی (ل ٧٤)

لە هەندێ شوێنیتردا بێ ئەوەی شتی لە مەولەوی هێنابێ ، خوێنەر هەست بە دنیای مەولەوی ئەکات . بڕوانە ئەم بەیتانە چەند مەولەویانەن :

هەرگیز نەدام ڕای نەسیم سەحەر
جەو یەخەی کەتانبکەرۆ گوزەر (ل ٤٢)

یا :

سەڵتەی سیای خەم تاکەی نەدۆش کەم ؟
حەلقەی نێش خەم تاکەی نەگۆش کەم ؟ (ل ٥١)

یا :

دڵ چون دوکانچەی ئەعلای عەتاران
ڕەنگینەن جە خەم فیراق یاران

خالق وجودم جە خەم سرشتەن
تاس تالعم هەر وەخەم ڕشتەن (ل ٥٣)

یا :

موغەنی ساتۆیچ نۆبەتەن دەی دەی
پەی ئیمشەو نەبۆ سەدای تۆپەی کەی ؟ (ل ٥٥)

یا :

شانای تای توغرای زوڵفی تەتاران
هامڕازو هامدەم دیدە خوماران (ل ٧٥)

وەهەروەها لە چەندین بەیتی‌تردا هەست بەوە ئەکرێ کە کارامزی ڕۆحی میرزادەم‌بە چۆڕاوگەی بەفری شاهۆی هونەری مەولەویەوە ئەنێت وتاسەی تینویەتی ئەشکێنێ .

٥ ـ مەلا عەبدولخالقی کوڵەسارە ، نازناو (حەزین) . بە داخەوە شتێک لە بارەی ژیانی ئەم شاعیرەو شاعیری دوای ئەم ، مەلا مستەفای دۆڵاوی (مەحزوون) نازانم و گەلێکیش سۆراخم کرد بەڵام تائێستە هیچم دەست نەکەوتوە ، تەنیا یەکی چەند پارچە

شیعرێک نەبێت ، ئەویش لە نوسخەیەکدا کە شاعیری دووەم نوسیویەتیەوە ئێمەیش لەم‌کتێبەدا گەلێ سودمان لێ وەرگرتوە بۆ مەولەوی . ئەم نوسخەیە ناوبەناو شیعری ئـەم دووشـاعیرەی تـیایەوهاوڕێش بـوون . لە شـیعردا هـەردووکیان دوو قـوتابی قوتابخانەکەی مەولەوین و وایەکی شیعرێکیان پێش چاو ئەخەم .

بلێسەی ئایر نەدڵ خێزاوە
لافاوی ئەسرین نەچەم ڕێزاوە

سەرتەڵەی عەیشم هەم تەم کەردەوە
وەڵگی داری زەوق دڵان بەردەوە

هوناوان نەهەور دیدەم واراوە
ئەشرەفیی ڕوخسار وەمس فاڕاوە

دووریی ئازیزەن دڵ ماتەم وەردەن
یام قاسید نامەی (مەحزوون) ئاوەردەن

یاوا پێم نامەی شیرین ئوسلوبت
مەکتوبی قەڵەم نەعام مەرغوبت

دڵشاد بی وەشاد دڵشادم کەردی
پەشێویی ماتیی دەروونم‌بەردی

خەرمانی خەمان یەکسەر دای وەباد
دەک بێ بەڵا بای عومرت بۆ زیاد

ئیزهاری ماتیت جەماتیم کەردەن
یانی جەماتیم پەشێویت بەردەن

بەڵێ چرای شارئەلەستم گریان
بەرگی ماتەمی ی وەباڵام بڕیان

جە چەرخەن جە چەرخ هەناسەی سەردم
دایم مەلولم چون بەردی هەردم

دودی ئاە نە چەرخ سەما ویەردەن
سەیلی ئەسرینم ماهی تەڕ کەردەن

ئازیز تا فەڵەک چەپ گەردییش کارەن
بارخانەی خەمان وەدڵان بارەن

بەڵام وەڵگەکەی (حەزین) بێ تاوان
وەتیغی دەستم کاوان چون کاوان

۶ ـ مەلا مستەفای دۆڵاوی (مەحزوون) .

ساقی ئامانەن خەیلێ غەمبارم
سا دەخیلم دەی خاس کەی خومارم

جامێ بدەر پێم بەو لەنجەکەی وێت
نەیچی تۆیچ دەخیل وەپەنجەکەی وێت

موغەنی ئامان هۆردەر سەدایێ
جفت کەوە نەیچی نەغمە و نەوایێ

هەردووتان وەهەم بسازان سازان
بنیشین وەهەم چون ئاوات وازان

تۆ وەسەدای نەی ئەو وەنەغمەی خۆش
ڕیشەی دڵ خاس خاس وەهەم بکەن جۆش [١]

٧ ـ پیرەمێرد : دیوانی چاپکراوی هەیە ، بۆیە بە پێویستی ئەزانم خوێنەر خۆی بچێتەوە سەری ، نەک من لێرەدا باسی لێوە بکەم .

٨ ـ گۆران : ئەمیش دیوانی چاپکراوی هەیە لە هەندێ لە شیعرەکانیدا زۆر بەئاسانی هەست بەدنیای مەولەوی ئەکرێت ، بە تایبەتی لە (پیاهەڵدانی سروشت و شایی و شیوەن)دا. لەم بارەوە ئەتوانین گۆران بە زیرەکترین قوتابی ئەمقوتابخانەیە دابنێین کەوەستایانە توانیویەتی شوێن پێی مەولەوی هەڵبگرێت .

٩ ـ دکتور سدیق مفتی زادە (١٣٣٤ ـ ١٤٠٥) .

ئەم پیاوە خوێندەوارە هێندە عاشقی مەولەوی بووە ، ماوەیەک لە تەمەنی خۆی داناوە بۆ لێکۆڵینەوەی دیوانەکەی وکاتی خۆی بە یەکێک لە مەولەوی ناسان ناوبانگی دەرکردووە .

ئەم بەرهەمەی لە سەرمەولەوی لەم ساڵانی دواییەدا لە لایەن (سۆران سنەیی) یەوەبە چاپ گەشت،هەرچەندە نازانین بۆچی ناوی دکتوری لە سەردیاری نەکردووە؟.

لەگەڵ ئەو خۆ خەریک کردنەیدا بە مەولەوییەوە لە ژێر چەتری کارتێکردنیدا ئارامی گرتوەو لە خوێندنەوەی شیعرەکانیدا جێ پەنجەی هونەری مەولەوی دیارە . بۆ نمونە با ئەم بەیتانەی لە شیعری (شەماڵ) بخوێنینەوە .

وەبۆی هەرگوڵێ دەماخ چاخ کەردە
وەشنۆی کاوان دڵ پەرداخ کەردە

سێراو جە سافی تافی شەتاوان
سەروەش جە نەشئەی شاخەی وەفراوان

---

١ - لە ژێر ئەم شیعرەدا مێژووی ١٣١٣ نوسراوە.

نەتۆی چین زولْف یاران ویەردە
پەردەی شەو نەڕووی سەحەر لابەردە

لەبەیتێکی تریدا ئەلْێ :

فەلْەک وەبەختم مەگرەوۆ زارزار
مەڕێزنۆ ئەسرین چون هەوری وەهار

ئەم بەیتە لە ژێر کارتێکردنی ئەم بەیتەی مەولەویدایە .

هەوری نەوزارزار کلْاو ئەوکلْاو
مەگێلْۆ ، ئەسرین مەڕێزو وەتاو . (لە ١٦١ دیوان) .

لە شیعری (یادی دۆس)دا ئەلْێ :

کەفتەبیم نە گێج دەریای مەهجوریی

مەولەوی ئەلْێ :
کەفتەبیم نە گێج دەریاکەی دووریی (ل ١١٥ دیوان)

یا لە بارەی ئەو نامەوە کە بۆی هاتوە ، لە هەمان شیعردا ئەلْێ :

دلْ وەڕووی زامان کۆنەو نۆش ساوا
مەولەوی ئەلْێ :
دلْ وەمەردومەک دوو دیدەش ساوا (ل ٣٠٠ دیوان)

لە شیعری (قیبلەم با وەس بۆ)دا ، دیسان جێ پەنجەی مەولەوی پێوە دیارە .

ئەڵێ : تاقم جە یاران ، جفتم چەنی خەم
مەولەوی ئەڵێ :
تاجە (داخی) تاق ، جفت خەمەنان (ل ١٣٠ دیوان)

هەر لەو شیعرەدا ئەم بەیتانە ئەبینین

پەردەی دڵ وەخار دووریت بیەن ڕێش
مەیاونۆ وەگیان هەرساتێ سەد ئێش

سەروەڵگ نەمام حەیاتم زەردەن
چونکە زووخاوی دەردی تۆی وەردەن
...
هەرچەن ئیستیغنا پەی تۆ عادەتەن
ڕەویەی چون منیچ هەر ئیرادەتەن

ئەگەر تەوازوع تۆ ئیزهار کەری
شێوەی گەورەیی وێت جا باوەری
...
جارێ ڕەحمێ خەیر وەدڵ باوەرە
پەردەی بێ مەیلی جە بەین لابەرە.

ئەمانە هەندێ نمونە بوون لە باسی کارتێکردنی مەولەویدا لە سەر شاعیرانی هاوچەرخ و دوای خۆی . ئێستەش لەگەڵ ئەمانەدا پێم خۆشە مەولەوی لەم پارچە شیعرەی ئایەتوڵڵا مەردۆخدا دیاری بکەم ..

کاتی خۆی کە دکتور سەعید خانی کوردستانی کتێبی (نزانی) ئەنوسێ و بە دیاری

ئەینێرێ بۆ ئایەتوڵڵا، ئەمیش دوای پەسەندکردنی ئەم نامە شیعریەی بۆ ئەنێرێ:

بەیتی یەکەم:

ئارامی دڵەی پڕ جەخارەکەم
دەرمانی دەروون پڕ ئازارەکەم

مەولەوی ئەڵێ:

تەسکینی دڵەی پڕ جەخارەکەم
دەرمانی زامان بێ قەرارەکەم (لە دیوانەکەیدا نیە)

بەیتی دووەم: نامەی (نزانی)ت وەلای من یاوا
بۆسام و نەرووی دوو دیدەم ساوا

مەولەوی لە هەمان شیعردا ئەڵێ:

نامەکەت کیاست وەلای من یاوا
پەیاپەی نەرووی دوو دیدەم ساوا

بەیتی چوارەم:

یاسای دڵداریت وەجێ ئاوەردەن
بووچک نەوازیت پاوەجێ کەردەن

مەولەوی:

رەویەی بزورگیت وەجا ئاوەردەن
غەریب نەوازیت وەپیشە کەردەن (ل ٢١٩ دیوان)

بەیتی حەوتەم :

کوڵەی دڵەکەت جۆش ئاوەردەبۆ
کزەی دووریەکەت قسە کەردەبۆ

مەولەوی لە هەمان شیعردا :
دەروونت وەکوڵ جۆش ئاوەردەبی
کزەی دووریی وێت ئیزهار کەردەبی

بەیتی نۆهەم :
دێوناتەو دودی کوورەی دەروونم
کولناتەو زامان دڵەی پڕ هوونم

مەولەوی لە هەمان شیعردا
دێوناتەوە دەرد کوورەی دەروونم
کولناتەوە زام دڵەی پڕ هوونم

میسرەعی یەکەم : بەیتی یانزەهەم
هەرسات دیم وەچەم نەوهاڵی باڵات

مەولەوی ئەڵێ :
هەرگا دیم وەچەم شێوەی باڵاکەت   ل ٢٢٠ دیوان)

بەیتی سیانزەهەم :
ئانە ڕۆژ جەژن شادمانیمەن
ئانە نەو وەهار زیندەگانیمەن

مەولەوی :

ئانەگرد وەشی و شادمانیمەن
ئانەگرد مایەی کامەرانیمەن (ل ٢٢١ دیوان)

بەیتی چواردەهەم :

وەرنە ئیسە من هوون دڵ وەردە
گیانم سەنگین بار تەن خەزان کەردە

مەولەوی :

وەرنە ئیسە من هوون دڵ وەردە
قامەت سەنگی بار خەمان خەم کەردە (ل ٢٢١ دیوان)

بەیتی پانزەهەم :

جەرگم وەمەودای دووریت بیەن ڕێش
بێ درۆ ئازیز (نزانی)م پەی چێش

مەولەوی :

دەروون وەمەودای دووریت بیەن ڕێش
هەی خاکم وەسەر سەوقاتم پەی چێش (٢٢٠ دیوان)

ـ شیعری مەولەوی و بۆنی خاک ـ

لە گۆڤاری سروەی ژمارە (١٢١)دا کاک محەممەدی حەمەباقی وتارێکی لەسەر مەولەوی بڵاوکردۆتەوە کە بە پێویستم زانی لێرەدا هەڵوەستەیەکی لە سەر بکەم، چونکە خۆم لە بەر نامەمدا هەبوو کە وتارێ لەم بارەوەبنوسم و لەم ڕەخنەیەدا ناوەڕۆکی وتارەکەم دەرئەکەوێ .

دوای ئەوەی دووجار وتارەکەم خوێندەوە بۆم دەرکەوت کە ئەکرێ وتارەکە بکەین بە دوو بەشەوە ١ - هەندێ لایەنی پرشنگداری دەربارەی مەولەوی تیایەو ئەوە بەجێگەی خۆی ئەبێ دەست خۆشانە بە کاکە حەمە بڵێین بۆپەی بردن بەولایەنانەو بەڵگە هێنانەوە لە سەریان .

٢ ـ هەندێ لایەنیشی تێدا بووکە نەمتوانی لە سەریان ڕانەوەستم، چونکە کپ و کزن و لە کاکە حەمە چاوەڕێ نەئەکرا بەوشێوە بە سەریاندا ڕەت بێ . وەکو :

یەکەم، کاکە حەمە نوسیوویە: لەماوەیەکی کورتی تاقی کردنەوەی شیعریا . واتە مەولەوی ماوەی تاقی کردنەوەی شیعری کورت و کەم تەمەن بووە . بەڵام دیارە پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، ئەمە بۆشاعیرێکی وەکو (سوارەی ئێلخانی زادە) بگوترێ دروستە، چونکە لەگەرمەیکارکردندا بوو لە تەمەنی (٣٣)ساڵیدا کانیاوی ژیانی وشکی کردو کاروانەکەی بە ناکاوی بە جێ هێشت . وەهەروەها کەسێکی وەکو خوشکە (ژیلا)ی جوانەمەرگ .

بەڵام مەولەوی (٧٩) ساڵ ژیانی بەسەر بردووە، جا ئەگەر لە بیست ساڵییەوە دەستی کردبێ بە شیعر وتن، کە لە هەندێ لە شیعرەکانی زەمانی فەقێیەتیدا دیارە هەر لەم تەمەنەو بەرەو خوارتردا وتونی، ئەوا (٥٩) ساڵ خەریکی تاقیکردنەوەی شیعر بووە، کە ئەمەش تەمەنێکی کەم نیەو بگرە زۆریشە.

دووەم، نوسراوە: چ لای جەماوەری هەژاری ناوچەدواکەوتووەکەی، چ لای

پیرو پیرزادەکانی و ، چ لای زانایان و ، چ لای میرانی بابان و ، بەتایبەتیش لای میرانی ئەردەڵان و تەنانەت لای سەرانی قاجاریشەوە ، بەکەسێکی زاناو ڕەوشت بەرز و خاوەن هەڵوێست و دڵسۆز ، سەیری کراوەو، جێگەو ڕێزی تایبەتی هەبووەو ، پلەو پایەی مەزنیان بۆداناوە .. هتد.

ئەمەی کاکە حەمە فەرموویەتی ڕاستەوگومانی تیا نیە ، بەڵام من پێم خۆش بوو کاکە حەمە لەم ڕیزەدا پاشاکانی جافی لەبیر نەچوایە ،کە ئەمانیش بە هەمان چاوو بگرە زیاتریش سەیری مەولەویان کردووە . پەیوەندیی گیانی بەگیانی مەولەوی بە (محەممەد پاشاومەحموود پاشاوقادر بەگی کەیخوسرەو بەگەوە) نابێ لە بیر بکرێت .

سێیەم ، نوسراوە : دیسان هەرئەم شازادەیە (واتە غوڵام شاخان) لەگەڵ ئەوەش دا کە لە باوەش دایکیدا گەورە بووە ، سەدان فرسەخ لەزێدو زمانی مەولەوی یەوە دوورە کەچی ئەوەندە عاشق وهۆگرو سەراسیمەی شیعری مەولەوی بووە ، نەک هەربەدیالیکتی (گۆرانی) ، بەڵکو سەیر لەوەدایە ، بەشێوە زمانی ناوچەی (تاوگۆزی) شیعری لەگەڵ مەولەویدا ئاڵ و گۆڕ کردووە .

غوڵام شاخان ئەوەی تا ئێستە دیاربێ شیعری بە فارسی زۆرترە ، واتە بە زمانی دایکی کە لە کۆشیدا پەروەردە بووە . بۆ بەشەکەی زمانی باوکیشی بەدووزاراوەی کوردی شیعری وتوە ،بەڵام شیعرەکانی ـ ئەگەر هەرئەوەی وتبن کەدیارن ـ بەزمانی کوردی کە من و لە چەند شیعرێ تێناپەڕن . شیعر بە هەورامی وتن باوی قەڵەمڕەوی ئەردەڵانیەکان بووە ، ئەوە هیچ و بە شێوەی جافییش من پێم وایە دوای تاقی کردنەوەکەی مەولەوی کە (العقیدەی المرضیە)ی پێ نوسیوە، یا شیعری (تۆپڵاخەی دووکەڵ هیجران دڵبەرل ١٣٤ دیوان) لە هەرێمی ئەردەڵانیش دا بووە بە باو ، فخرالعلماو سەرعی ش دوو شاعیری ئەو دەورەن

وبەهەمانزاراوە شیعریان وتوە ، ئیتر غولام شاخانیش لەو بازنەیە بەدەرنیەو ئەمیش لەومەیدانەدا خۆی تاقی کردۆتەوەو ئەو دوو شیعرەی نوسیوە .

پاشان ئەبێ ئەوەش بلێین کەناوچەی تاوگۆزی شێوە زمانی تایبەتی خۆی نیە، بەڵکو جافی یەو لە هەموو ناوچەکانی (جوانرۆ ، هەڵەبجە ، شارەزوور ، کەلار ، دەربەندیخان)دا برەوی هەیەو بە تەواوی لە ئەردەڵانیەوە نزیکە ـ جگە لە هەندێ واژەی تایبەتی هەردوولا نەبێ ـ ئەمە جگە لەوەی سالانە جافەکان چەند مانگێکیان لەناوچەی سنەدا بەسەربردووە ، بەهۆی گەرمیانکوێستانکردنەوە . کەواتە غولامشاخان نەک هەر نزیک بووە لەشێوە ئاخافتنی مەولەوی ، بەڵکو ئەتوانین بلێین یەکێکن .

چوارەم ، نوسراوە : بۆ وێنە شاعیرێکی پێشینەو سەودای نیشتمانی وەک (ئەحمەدی خانی ١٦٥ ـ ١٧٦) سەرباری ئەوەش کە شاعیرانی ترمان لەمەوە فێری دڵداری خاک بوون ... کەچی لە تێکرای داستانی (مەمو زین)ە کەیدا ، کەداستانێکی خۆماڵییانەشە ، بەلاملەباس و خواسی پەیوەندی کۆمەلایەتی و داب و نەریتی خۆماڵییاندا ، ئەگەر لەگەڵ شیعری شاعیرانی دراوسێکانماندا تێکەڵ بکرێ ناناسرێتەوە .

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەم ڕایەی کاکەحەمە ، خوا هەڵناگرێ (خانی) زۆرخۆماڵیانە بابەتەکانی ڕازاندۆتەوە ، شاکارەکەی دکتور عزالدین مصطفی رسول کە خۆی وەرێگێڕاوەتە سەرزمانی عەرەبیی هاوسێمان و زۆر بەئاسانیش عەرەبەکان هەست بەوە ئەکەن کە ئەو داب ونەریتانە کوردین و هیچی بەلای داب ونەریتی عەرەبدا ناچێ . پێموایەبۆ هەر زمانێکی تریش بە هەمان شێوەیە (جەژنی نەورۆز و داخوازی زین و ناردنی هەجبێ وشایی تاژدین وستێ و ڕۆشتنی میربۆ ڕاو وشیوەن و بەیەک گەشتنیزاواو بوک) بەتەواوی کوردانەن ، بەلام چونکەئێمە لە

لەهجەکەی مەولەویەوە نزیکین و ڕۆژانەدوور ونزیک لەگەڵیدا ئەژین و لەبەرامبەر ئەمەدا لە لەهجەکەی خانیەوە دووریـن، ئیترپێمان وایە ئەمەی مەولەوی خۆماڵیانەیەو ئەونە ..!!

هەرچەندە منیش بۆ خۆم لەو هەوایەدا ئەژیم ، بەڵام کەوەرگێڕانەکەی هەژاری خوالێخۆشبو ئەخوێنمەوە ئیتر ئەوەم لەسەردا نامێنێ ، چونکە بەڕاستیبابەتەکان خۆماڵیانەن .

پێنجەم : کاکە حەمە وای دیاری ئەکات کە شیعرەکانی مەولەوی لەهی خانی و حاجی قادری کۆیی و نالی و سالم نیشتمانیترن .

لەوەدا کە شیعرەکانی مەولەوی زیاتر بۆنی خاکیانلێ دێ .. ڕاستەوقسەی تیا نیە. بەڵاملەلایەکیترەوە مەولەوی قەرزاری نیشتمانەکە ئەوشاعیرانە بە هەڵویست قەرزەکەیان داوەتەوە.

نیشتمان لەوڕۆژەدا هەر ئەوەی لە مەولەوی نەئەویست کەشیعرەکانی بۆنی خاکیان لێ بێت ، ئەوەشی لێ ئەویست کە لە تێک شکانی ئیمارەتی باباندا سۆزێکی بکردایە ، وەکو ئەو شیوەنە بەکوڵەی نالی و سالمکردوویانە. جا ئەگەر مەولەوی ئەوێی بەنیشتمانی خۆی نەئەزانی ئەی بۆچی دواپلەی خوێندنی لە سلێمانی تەواوکردوئیجازەی مەلایەتی تیاوەرگرت ؟ . ئەی بۆچی بووە هاوخوانی ئەحمەد پاشای بابان و ؟ ئەی بۆچی کۆمەککردنی عەبدوڵڵا پاشا قبوڵ ئەکات ؟ ئەو عەبدوڵڵا پاشایەیکە شێخڕەزا واتەنی (لەشکری والی سنەی شڕکرد) . ئەی بۆچی پەیوەندیی ڕۆحیی لەگەڵ (کاک ئەحمەدی شێخ)دا دروستکرد ؟ ..

یا ئەمەش بەولاوە ، خۆنیشتمان ئەوەی لێ ئەویست کەبۆ ئەو چەندین گیروگرفتەی ئیمارەتی ئەردەڵان دڵۆپێ فرمێسکی بڕشتایە ، ئەمەلەکاتێکدایە کە

کوڕی مەحموی یار وەیسی هاوڕێیبەگوللەی وێڵ ئەکوژرێ، لە چەند شیعردا شین و شەپۆڕی بۆ ئەگێڕێ.

ئەمانە نیشانەی ئەوەن کەئاسۆی بیر کردنەوەی هاوچەرخیانەی مەولەوی زۆربەر تەنگ بووە، بەڵام هی خانی ونالی و سالم و حاجی فراوان بووە وکۆستی گەورەی نیشتمانیان هەست پێکردووەو بەدڵ وگیانلەگەڵیدا ژیاون.

وەئەگەر بێ پەیوەندیی بوونی لەگەڵ نالی وسالمدا لە سەر ئەوە بووە کە بە شێوەی عەروض شیعریان وتوە. هەروەکو کاکە حەمە لەم بارەوە ئاماژەیەکی کردووە - ئەی خۆسەرجەم شیعرەکانی شێخی بهاءالدین بەهەمان شێوەن و بە فارسییش وتراون، ئەی بۆ لەگەڵ ئەمدا دڵی گەرد نەیگرتوە؟ یا لەگەڵ شێخی (ضیاءالدین) داکە چەند دانەیەک شیعری کوردی هەیەو ئیتر هەموو دیوانەکەی عەرەبی و فارسی‌یەو بەهەمان وەزنن کەمەولەوی دڵی پێ‌یان ناکرێتەوە. خۆ ئەمشێخەو سالمی‌سنە جووتە دەست پێشکەری ئەوەن کە لەسنوری جوگرافیای ئەردەڵاندا بەرنامەکەی مەولەویان شێواندو شیعری کوردی‌یان بە شێوەی عەروض وت. ئەی بۆ لەبەرامبەرشێخی (ضیاءالدین) دا دڵی گەرد نەیگرت؟ بەڵکو بە پێچەوانەوە تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی هەر دڵبەندی ئەم شێخە بووە. ئەگەر مەولەوی ئەو بەرنامەیەی خۆی ئەوەندە بەلاوە گرنگ بووە. ئەبوایە دڵی لە شێخی (ضیاءالدین) هەڵکەندایە، با هەزار جار پیرزادەشی بووبێ، چونکەبە پەیڕەوی کردنلە قوتابخانەکەی نالی بناغەی قوتابخانەکەی ئەم تێک ئەدات و شۆڕش بە سەر بەرنامەکەیدا ئەکات. ئەمە شیعرێکی شێخی ناوبراوە، لەبەرئەوە چونکەتائێستە ڕۆشنایی نەدیوە بە پێویستمزانی لێرەدا بڵاوی بکەمەوە.

شەرعی ئەنوەر ڕەهبەرمبێ، پشتیوانم بۆچی‌یە؟
شێخی جاهیل، پیری غافڵ، قەڵتەبانم بۆچی‌یە؟

مەحفەل ئارایی سەفای شاهیدی زیکری خەفی
های و هوویی سەرسەری و زیکری زەبانم بۆچی‌یە ؟

(ڕیشەکەی هەوساری تەمەع)بێ ، سوبحەدانەی فاقەبێ
هەردوو ئەسپابی ڕیان من ئەین و ئانم بۆچی‌یە ؟

عیززەت و زیللەت پەرستن سفڵەیی و بێ عاری‌یە
من کەبێ قەیدو شەرەف مام خان و مانم بۆچی‌یە ؟

تێ گەییشتن دوورنیە ، فەزڵ و هونەر مەئدوونیە
سەرف و نەحوو مەنتق و شەرح و بەیانم بۆ چی‌یە ؟

بانگی نۆشانۆشی ئەحبابان لەگوڵشەن‌دانەبێ
چەهچەهەی کەبکان و نەغمەی بولبولانم بۆچی‌یە ؟

سەبزە پۆشانی چەمەن ئەمڕۆو سبەی ڕوو زەرد دەبن
بەرگی عاری و فاخری و ڕوتبەو نیشانم بۆچی‌یە ؟

خاکپایی عالیمان و عامیلانی مەدرەسەم
واعیزی پڕ گۆ لەقەندو نان و خوانم بۆچی‌یە ؟

لالەیی نوعمانی دنیا داغی باغی باغی‌یە
(فەوزیا) بێ یاری سادق ، گولستانم بۆچی‌یە ؟

ئایا مەولەوی لە بەرامبەر شیعریکی‌واداکە ئەتوانین ناوی بنێین کۆدیتایەک بە سەر ڕیبازەکەیدا چ هەڵوێستێکی هەبووە ؟ .. لەوەڵامدا ئەبێ بڵێین هیچ دیار نیەو تاهاتوویشە شێخ بەلایەوە خۆشەویست‌تر بووە ، ئایا ئەمە لەگەڵ بۆ چوونەکەی کاکە حەمەدا جووت ئەبێ ؟ .

شەشەم : کاکە حەمە لەوتارەکەیدا سنوورێکی جوگرافیای کێشاوە لە (چەمی‌زەڵم)ەوە تا (قوللەی وەیس) کەگوایە کۆماری مەولەوی‌یە و خەیاڵی مەولەوی شورەی بە دەوردا چنیوە.

بەڵام ئەم‌کارە زووتر بەرلە مەولەوی کراوە . بێسارانیش لە هەمان جوگرافیادا قەتیس بووەوئەگەر واژەگەلی (سۆسەن خاڵ ، ڕێحانە ، چنوور، بەڕەزا ، وەنەوشە، کۆسالان ،کەڵەدەر ، عەوالان ، سەرەواڵە ، کاوان، تافی دیۆەزناو ، نسار ، ڕەز ، بەفراو ، قەڵوەزە ، بێساران ، چەمەری ، یوسف= یوسف یاسکە ، دەردین = مەولانا دەردین ، باباشێخ ، شنۆ و شەماڵ) لە دیوانەکەی دەربهاوێژین ، شتێکی وەهای پێ نامێنێتەوە .

وەلی دێوانەش کە هەر بەر لەمەولەوی ژیاوە بە هەمان شێوەیەو ئەگەر ئەم واژانەی لێ بسەنینەوە ئەوا هەگبەکەی خاڵی ئەبێتەوە (شەم ،خەسرەو ، ڕەنجوری، عێلی مرادی ، جاف ، ساراڵ ، گەرمیان ، ئێلاخ ،لەیلاخ ، سیاماڵ ، هەوار ، تەڵمیت ، سەرکڵاوان ، کۆچ و کۆچبار ، شەتاو ، کاوان ، بەڕەزا ، چنوور ، سۆسەن .. هتد) .

کەواتە نابێ ئەو کارە هەر بەهی مەولەوی بزانین و ئەبێ ئاگامان لە شیعری شاعیرانی‌تری نێوسنووری جاف و ئەردەلان بێ کە زۆربەی هەرەزۆریان لە هەمان جوگرافیادا ئەخولێنەوە .

حەوتەم : کاکە حەمە لەوتارەکەیدا وای‌دیاری ئەکات کە (باس و خواسی

پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و داب ونەریتی خۆماڵیانە) لای مەولەوی کوردانەترن تالای خانی . من پێم خۆش بوولەمبارەوە کاکە حەمە چەند نمونەیەکی بهێنایەتەوە کە دیوانەکەی مەولەوی پڕیەتی . هەروەکو (١٢) نمونەی لە سەر (با) و (٢٤)ی لە سەر ناوی شوینەکان هیناوەتەوە . بەمەش باخچەی لێکۆڵینەوەکەی ڕازاوەتر ئەبوو ، ئەمەش شتێک نیەکە بکرێ بەژێر لێوەوە ، بەڵکو پێویستە لەگەڵ باسی مەولەویدا بایەخی تایبەتی بەمبابەتە بدرێ ، چونکە مەولەوی وەستایانەدیواری ئەم لایەنەی هەڵچنیوە. بۆ نمونەباچاوێ بەمبەیتانەدا بگێڕین .

ئاخ قووەی زەمین دەروونم کەم بی

بووڵەکەی سفتەم سەرەڕای خەمبی (لە ٨٧ دیوان)

وەشاندنی خۆڵەمێش بەسەررێگادا نەریتێکی‌ناوکوردە و بۆ ئەوەش ئەیوەشێنن چونکە ئیتر ئەورێگایەگیای تیا سەوز نابێ و بۆ هاتوچۆکردن ئاسانە . لەدێ‌دا دیومانە زۆرتر ئەمکارە لە سەرەڕێ‌ی نیوانِ‌دێ و کانی‌دا ئەکرێ .

یا :

باڵا کەردەوە مەیل ئەو لای پەستی‌ی

وردیکڵانەن دەروازەی هەستی‌ی (ل ١٠٦ دیوان) .

دەرگای نزم و بچوک‌دانان لەماڵاندا نەریتی هەورامانە بە تایبەتی ، چونکە مەڵبەندێکی ساردەدەرگای ماڵان بچوک دروست ئەکرێ ، بۆ ئەوەی لەکاتی کردنەوەدا هەواکەم بچێتەژوورەوە ، ڕەنگە ئێستە بە هۆی پێشکەوتن و زۆر بوونی ئامرازی گەرم کردنەوە لەهەندێ گونددا بەمشێوە نەمابێ . بەڵام‌ئەوساو ئێستەش لەهەندێ دێدا باوبووەو باوە .

یا :

هەرچی بوینوون شێوەی تۆ پێشەن
دڵ وەهەتیتەی حەسرەتدا کێشەن (ل ۲۳۵ دیوان).

هەتیتە = ئەو تەختە دارەی کە شاڵی لێوەئەپێچن بۆ ئەوەی دەق بگرێت، ئەمەش تایبەتی هەورامانەو مەولەوی هونەرمەندانە ئەو واژەیەی بەکار هێناوە.

تای چینی چنوور پای تافی بەفراو
هەروەتۆ مەکەفت نەدەورەی کڵاو (ل ۳۵۵ دیوان)

ئەم بەیتەش هەرنەریتێکە و لەسنووری جافەتی و هەورامانـدا زۆر باوە، پیاوان و تەنانەت ژنانیش چڵێ چنوور یا ڕێحانە یا پونگە لە سەرلاجانگ ئەکەن بە نێوان سەریان و کڵاو یا پوشینەکەیاندا بۆ ئەوەی بە دەم ڕێگا بـڕینەوە بۆنی خۆشیان پێ بگات، ئەمە جگە لەوەی کەدیمەنێکی جوانی هەیە. یـا بـڕوانـە شیعری (شنەفتم دووربالەیل زوکامشەن) ل ۳۲۲دیوان.

ئەمانەو هەروەها نمونەی‌تریش کەئەگەر دیوانەکەی بگەڕێیت زۆری تێدایە و بابەتێکی بە پێزیشە بۆ لە سەر نوسینی.

هەشتەم ، نوسراوە : نیشتمان بە هەموو کەژو کوێستان و گـەرمیان و ڕووبـارو قەڵبەزو گوڵ و سروەو درەخت و مرۆڤیەوە، لە هەموو شیعرێکی مەولەویدا، لە هەموو بەیتێکی مەولەویدا، بەڵکو لەهەموو پیتێکی مەولەویدا، بانگمان ئەکەن و، هانمان ئەدەن، خۆشمان بوێت.

لە خوێندنەوەی مەولەویدا ئەتوانین بڵێین : گەلێ (نەک هەموو) شیعرێکی مەولەوی، گەلێ بەیتی مەولەوی، گەلێ واژەی (نەک پیتی) مەولەوی بانگمان ئەکەن بۆ ئەو مەبەستە .....

چونکە مەولەوی گەلێ شیعر و بەیت و واژەی تری هەیە کە نیشتمانیان تیا دیار نیەو بابەتێکی گشتین و ئەگەر بەزمانی تریش وەربگێڕرێن ئەوا هەست بەو مەبەستە ناکرێ کە جەنابی کاکە حەمە فەرموویە. بۆ نمونە بڕوانە شیعری (١) پیتی (بێ) ئەگەر لە بەکوردی نوسراوەکەی دەری بێنین لەم (٢٧) بەیتەدا یەک واژەی تیا نیە کە بۆنی خاکێکی دیاری کراوبدات. (نمونەی شیعری تری لەم بابەتە هەیە).

یا ئەم بەیتانە بخوێنینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە مەولەوی لە جوگرافیاکەی دەرچووە وشتێکی گشتیمان ئەدات بە دەستەوە.

هەرماهێ نەو بۆ حاڵم پەشێوەن

چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن (ل ٢٣٥ دیوان)

...

سولەیمان جاهێ، جام جەم نیگاهێ

سکەندەر شاهێ، دارا دەرگاهێ (ل ٥٠٧ دیوان)

...

ئۆسای بلوور بەند پەنجەرەی کاوان

ئاینە سازیش وست ئەو شەتاوان (٥٣٨ دیوان)

ئەم دیمەنەش لە هەموو سەرزەمینێکی وەکو لای خۆماندا هەیە (نمونەی تر زۆرە).

یا ئەم واژانە چەند دوورن لە نیشتمانی مەولەوی یەوە:

هەر ڕۆ جە یحوونێ مەڕێزۆ نەچەم (لە ٢٦٧ دیوان)

...

ڕەفیقی سەرحەد ئەقلیمی دەردان

ناخودای کەشتیی بەحرەکەی هیجران (ل ٢٣٧ دیوان)

لەت لەتی جەرگم عومان عەینەین
پڕ کەردەن ، بڕیان بوخاری بەحرەین

(نمونەی‌تر زۆرە)

نۆهەم ، نوسراوە : مەولەوی ئەو قوتابخانە شیعرییە (عروز ئامێزە عەرەبییە)ی نالی ، بەکۆدێتایەکی نامۆو ناوەخت زانیوە ، بۆسەر شێوە زمانی گۆرانی ..

دیسانەوە لەگەڵ ڕێزمدا بۆ کاکە حەمە ، زۆردەمێک بەرلەنالی ، هەر لەسنوری گۆران وبەزمانی گۆرانی (سەیدی یەکەم) و (شێخ شەهابی لۆنی) بەوەزنی عەروز شیعریان وتوە . لەبارەی سەیدی‌یەوە هیچ نالێم ، چونکەبڕێک لە شیعرەکانی چاپ بووە . بڕواننەدیوانی‌سەیدی ـ ئامادەکردنی محەممەد ئەمین کاردۆخی . هەرچەندە لەگەڵ سەیدی یەکەم تێکەڵ کراوە .

دەربارەی شێخ شەهابیش (۱۱۱۲ ـ ۱۱۸۵) ئەوەی کە دیبێتم قەسیدەیەکی (۵۳) بەیتی (بەهاریە)ی هەیە کەبەم‌شێوە دەست پێدەکات.

نەوبەهارا ،دڵبەرا ،وەش بۆ بەئابی دڵبەریی
فەسڵی گوڵ گەشتی چەمەنها، سەیری سەحرای ئەخزەریی

بای شەماڵ شەق شەق شکاوا تەختی یەخ بەندی چەمەن
چون امیرالمؤمنین‌کەرد ، فەتحی دەربی خەیبەریی

تا ئەڵێ :

لا یەقەن یاران بگێران مەجلیسی شاهی‌ی چەنەش
تەکیەدان بەرمەسنەدی گوڵ چون مەلەک، حوورو پەری

بۆ (شەهاب)ت بۆ سەراپایش فیدات ئەی گوڵ بەدەن
فەسڵی سەیری تۆوەهارەن ،تۆ جە گوڵهاخاس تەری ..

شیعرێکی‌تری (۹) بەیتی هەیە کە بەم شێوە دەست پێدەکات :

جە تۆ عەفوەن ، جە من تاوان ، جە تۆ ڤێشتەر بەکێ نازم
فیدات‌بام شۆخی شیرین وەش ، ئەنیسی مەحرەمی ڕازم

تا لە کۆتاییدا ئەڵێ :

(شەهاب)ت پڕ خەم‌و خەستەن، زەعیف و زارو ناجەستەن
سیاحەی تاری تۆ گەستەن ، ئەرێ هەی شای شەکەر ڕازم

شیعرێکی‌تری (۷) بەیتی هەیە کە سەرەتا وکۆتایی‌یەکەی بەم شێوەیە :

جەماڵێوەم‌دیەن یاران ، تەعالا سنعی ڕەببانی
مەلایک یا پەریزادەن ، بەوێنەی شکڵی ئینسانی

تا ئەڵێ :

دوو موشکین‌قەوسی ئەبرۆشەن ،ڕەوایی دڵبەریش دۆشەن
(شەهاب)ش پەی سیاپۆشەن ، خودا وینۆش بەئاسانی

وەهەروەها بەندە شیعری شاعیرێکی‌ترم لە لایە بەناوی (محەممەد)کە بەداخەوە ئەم‌شاعیرەتا ئێستە نەناسراوەولای کاک سەیید باقری هاشمیش لەکرماشان نمونەی شیعری هەیە ، شیعرەکانیشی دەهەجایی نیە ، لێرەدا بە هەلی ئەزانم‌کەئەم شیعرەی بڵاوبکەمەوە ،هەم بۆ نمونەی باسەکەو هەم بۆ ئەوەش کەدەرکەوێ تا بەڵکو ئەمەخوایە لەشوێنێکەوە بناسرێ .

دەبۆ لادێ وەلام ئەی بەرگوزیدەم
قەدەم بنیەر وەسۆمای هەردوودیدەم

دەبۆ عەیشم ، نیشاتم ، شادمانیم
دەبۆ ڕۆحم ، حەیاتم ،زیندەگانیم

دەبۆمایەی مەتای دنیاوو دینم
دەبۆ شادی و وەشی ڕووی سەرزەمینم
دەبۆ ئارامی دڵچەی بێ قەرارم
دەبۆ دەرمانی جەستەی دەردەدارم

دەبۆ هامرازی بێداریی شەوانم
دەبۆ نامت ڕەوای ویردی زەبانم

دەبۆ مەحبوبی دڵچەسپ وظەریفم
فریشتەی (جنةالماوی)ی شەریفم

دەبۆ خەمخوارو دۆستم ،نازەنینم
دەبۆ فیکرم ، ڕەفیقم ، هام نشینم

دەبۆ شیرین زووانی وێڵ وڵاتم
دەبۆ خاوم ،خەیاڵم ،خەم خەلاتم

دەبۆ شای شەککەرین ڕازم ،دەبۆبۆ
دەبۆ جای نازی دڵوازم ،دەبۆبۆ

دەبۆ یاگەی خەمانم تۆنی ئەی دۆست
دەبۆ سۆمای چەمانم تۆنی ئەی دۆست

شەفا پەی ئێشی زامم تۆنی ئەی دۆست
کەلیمەی سوبح و شامم تۆنی ئەی دۆست

بینایی نوری دیدەم تۆنی ئەی دۆست
عەزیزم ، بەرگوزیدەم تۆنی ئەی دۆست

خودا زانۆ گییانم تۆنی ئەی دۆست
وەشیم ، شادیم ،ژیانم ، تۆنی ئەی دۆست

ئەگەر لادێ نەوینوت ئەلوەدامەن
چمان ڕۆمەڵخەزای ڕۆی کەربەلامەن

چمان پەیکانی کارییم هانەدڵ دا
چمان جەرگم مدەی لەت لەت وەچڵ دا

شەوان تک تک مەتکیۆ هوون جە جەرگم
ڕۆوان گوڵ گوڵ مەبۆ بەو هوونە بەرگم

بە مەرگی تۆ ئەوەن دڵ بێقەرارەن
ژیان تاڵەن ، مەواچی ژاری مارەن

زوان لاڵ بۆ بە مەرگو تۆ قەسەم وەرد
بە مەرگو وێم گییانم ها جە دڵ مەرد

دەبۆ بارە شەفا پەیئێشی زامەت
وەگەرنە دیدەنت کەوتەن قیامەت

ئەگەر مەرگەن خەڵات ، ئەر زیندەگانی
ژیانمدەستو تۆن و وێت مەزانی

بینایی گوڵ جەمین و هەردوو دینم
بە تۆن گرد ئیختیاری مەرگ و ژینم

چەنی زوخاوی وێم زامم خەتەرناک
تۆ وەشبی دیدەنت ها ،بەردم ئەوخاک

کەواتەنابێ لەنالیەوە دەست پێ بکەین و زووتر کراوە ، بۆ ئەمشاعیری سێیەمە ناتوانم بڕیار بدەم ،بەڵام دڵنیام مەولەوی شیعری بەو شێوەی (سەیدی) و (شەهاب) دیتوە ، بۆیە ناکرێ بەو شێوەتێیبڕوانین کاکە حەمە فەرموویە .

- مەولەوی و ڕەخنەی ئەدەبی -

ڕەخنە یا لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن هەر وەکو لەمێژووی ئەدەبیاتی جیهاندا تەمەنێکی درێژی نیەو یەکێکە لەتازە نەمامەکانی باخی ئەدەبیات . لە ئەدەبی کوردییشدا ئەوەندەی کەدیاری کرابێ تەمەنی درێژی ئەگەڕێتەوە بۆ دەست پێشکەریەکەی ئەدیبی گەورە (شێخ نووری شێخ صالح)و بەدوای ئەمدا ماموستایان (ڕەفیق حیلمی) و (گۆران)هاتوونەتە مەیدانەوەو هەر یەکە و لە ڕێگەی خۆیانەوە چەپکە گوڵێکیان خستۆتە سەر ئەم مێزە.

بەڵام بەو پێیەی کەشیعر تاقانە بڵندگۆی ئەدەبی بووە و لەسەردەمێکی

دوورودرێژدا هەرخۆی تاکە سواری مەیدان بووەو بەشەکانی تری ئەدەب چاویان هەڵنەهێناوە ، واتە هەرچی مەرام و مەبەست و بیروبۆچوون بووە هەربەشیعر دەربڕراوە ، پێویستە هەموو گەلانی جیهان بچنەوە سەرخوانی شیعر وبزانن لە تەمەنی شیعری گەلەکەیاندا پەیامی ڕەخنەهەیە یان نە. ئەگەر نیە ئەوە هیچ و ئەگەر هەیشە ئەوە ئەبێ ئەو شیعرانە کەباس لەڕەخنە ئەکەن و بۆن و بەرامەی ڕەخنەو ڕەخنەکاریی‌یان لێ دیت بیکەن بەمێژووی لەدایکبوونی ڕەخنەی گەلەکەیان .

ئا بەم پێوانەمێژووی کاری ڕەخنەیی لە ناو زۆر گەلەکانی جیهاندا وەکو ئێستەی خۆی نامێنێ و مێژوویەکی تر ئەچەسپێ . یانی ئێستە کەگەلە زیندووەکانی دنیا ئەدەبیاتی خزیان نوسیوەتەوە و هەر یەکەو مێژوویەکیان بۆ ڕەخنەی ئەدەبی ی خۆیان داناوە. وەلەوە ئەچێ کەلە شیعری ئەو گەلانەش‌دا شیعری ڕەخنەیی هەبێت ،کەواتەئەو مێژووەی کەدایان ناوە ئەگۆڕێ . ئەگۆڕێ بەمێژووی ئەو شیعرە ڕەخنەییانە .

هەروەکو لەئەدەبی کوردیداکارەکە بەم شێوەی لێ هاتووە . واتەئەو مێژووەی کە دیاریمان‌کرد ئەگۆڕێ بۆزیاتر لەسەد ساڵ بەر لەئێستەو ئەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی شیعری مەولەوی تاوگۆزی .

یانی بە پێوانەیەکی ئەدەبی مەولەوی ئەبێتە یەکەمین ڕەخنە گرو هەڵسەنگێنەر لەدنیای ئەدەبەکەماندا.

لەم‌ڕووەوە ئەگەر لە سەر شیعری (نەوباوەی خەیاڵ ـ دیوان ۴۴۱) هەڵوەستەیەک بکەین ئەوەڕاستەوخۆ بەوئەنجامە ئەگەین .

ئەم شیعرە لە ناوەڕۆکدا بریتیە لە هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی لە نێوان‌دووشیعری دوو شاعیری‌تردا (خانای قوبادی) و (مەحروم) .

خانا ئەڵێ :

بەرقی سەیفی ناز ئەبرۆ خەمینان
عەکسی ماوی خاڵ ، خورشید جەمینان

ئەربگنۆ وەکۆی قولەی قەزاڵە
مەکەرۆش وەبووڵ سفتەی سەد ساڵە

واتە : تیشکی شمشێری نازی ئەبرۆ کەوانیەکان و وێنەی خاڵی شینی ئەوانەی کە ڕوخساریان لە خۆر ئەچێ ، ئەگەر بکەوێتە سەرکێوی قەزاڵە ، ئەوە ئەیسوتێنێ و وەکو خۆڵەمێشی سەدساڵ لەمەو بەری لێ ئەکەن .

مەحروم کە شاعیرێکی هاوچەرخی مەولەوی بووە لە بەرامبەر ئەم شیعرەی خانادا چوار بەیتی داناوەو داویەتە دەستی مەولەوی کە بەراوردیان بکات و هەڵسەنگاندنیان لە سەر بکات .

ئەڵێ :

بەرقی بەرقەی ناز عیشوە فرۆشان
چەخماخەی لەنجەی تەلاّ نەگۆشان

بزیسکەی نیگای دیدە شابازان
بریقەی غەمزەی شەکەرین ڕازان

ئەربگنۆ وەسەنگ جای تەجەللای نوور
مەکەرۆش وەگەرد چون سورمەی کۆی توور

(مەعدوم) ڕاس (خانا) سوزانی عەشق بی
کەی وێنەی (مەحرووم) هەرعەشقش مەشق بی ؟

واته : تیشکی چارشێوی نازی نازفرۆشەکان و بروسکەی لەنجەولاری ئاڵتون لە گوێکان و بزیسکەی نیگای ئەوانەی چاویانلە چاوی شاباز ئەچن و پرشنگی خەمزەی ئەوانەی قسەیان شیرینە . ئەگەر بکەوێتە سەر ئەو بەردەی کە نووری تیا هەڵکرا وەکو سورمەی کێوی توور ئەیکاتە گەرد و تۆز . مەعدوم ڕاستە کە خانا سووتاوی عەشق بووە ، بەڵامکەی وەکو مەحروم هەمیشە مەشقی عەشق بووە ؟.

لە دوا بەیتی ئەم شیعرەدا بە ئاشکرا دەنگی مەحرووم دیارەکەداوا لە مەولەوی ئەکات شیعرەکەی لەگەڵ شیعرەکەی خانادا هەڵبسەنگێنێ . مەولەویش بەم شێوەقسەیان لە سەر ئەکات .

نەوباوەی خەیاڵ (مەحرووم)ی دانا
ڕەدیفی لەتیف زەریفی (خانا)

یاوا وەدیدەی کەم بینام ساوا
جە نەوبینایی پەی دیدەم یاوا

پەیڕەویی (خانا)ت یاد ئاوەردەبی
ئەو ئەسڵ و وێت فەرع حەساو کەردەبی

لاکین زادەی تەبع بۆ عەنبەرینت
دەس ڕێسەکەی فیکر بیکر شیرینت

پەسەندیدەی فام عەقڵ دانابی
خاستەر جەخەیاڵ خاسەی (خانا)بی

زیادە پەی فەرع وەسەر ئەسڵەدا
خاسەی واتەی تۆن جەی سەرفەسڵەدا.

واتە : ئەو شیعرانەی کە بەرهەمی نوێی خەیاڵی مەحروومی زانان کە هاوچەشنێکی ناسک و جوانی خانای قوبادی‌یە ، پێم گەشتن و سویمن بە چاوەکزەکانمدا . چاوەکزەکانم سەر لە نوێ ڕۆشنایی‌یان تێ کەوتەوە. وات هێنابووە خەیاڵی خۆتەوە کەشوێن خانای قوبادیی کەوتوویی ، ئەوت داناوە بەتەنەی درەخت وخۆت کردووە بەلقی ، بەڵام ئەو شیعرانەی کە لە زەوقی بۆن خۆشی تۆ کەوتبوونەوەو بە دەستی بیری بە خەیاڵی کەسدانە هاتووی تۆ ڕێسرابوون ، لای عەقڵی ئینسانی زانا پەسەند و دڵگیر بوون و لە خەیاڵە تایبەتیەکەی خانا جوان‌ترو دەلال‌تر بوون . سەرکەوتنی لقی درەخت بە سەر تەنەدا لەم چەرخەدا بە تەنیا بۆ تۆ هەڵکەوتوەو بۆ کەسی‌تر نەلواوە .

****

ئەمەوێ لە دوای لێکدانەوەی ئەم شیعرانە بڵێم : مەولەوی هۆشیارانە هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی‌ی لە سەر هەردوو شیعرەکە کردووە .کەواتە شیعرەکەی مەولەوی بابەتێکی ڕەخنەیی‌یە .

لەم ڕووەوە ئەتوانین بڵێین کە ئەگەر لە سەردەمی ژیانی مەولەویدا ئەدەبی کوردی وەکو ئێستە بازاڕی گەرم بوایە ، ئەوا مەولەوی ئەو شیعرەی نەئەنووسی و لە باتی ئەوە سەرنج و تێبینیەکانی خۆی لە سەر هەردوو شیعرەکە بە شێوەی وتارێکی ڕەخنەیی ئەنووسی . بەڵام چونکە لەوسەردەمەدا ئەدەب بریتی بووە لە شیعرو هیچی‌تر مەولەویش ناچار بووە سەرنجەکانی بدات‌لە قاڵبی شیعر .

دیارە ئەگەر لە سەردەمی خەیامیشدا ئەدەبی فارسی هەر شیعر نەبوایە و وتار نوسینیش باوی هەبوایە ، ئەوا خەیامیش بیروڕاکانی بە پەخشان ئەنوسی ، وەکو هەر کتێبێکی‌تری فەلسەفی کە ئەیبینین . بەڵام‌خەیام ناچار بووە لەگەڵ ئەو هەموو

فیکر کردنەوەدا زەحمەتی شیعر نوسینیش بداتە بەرخۆی ، چونکە شیعر تاقانە بڵندگۆی ڕاگەیاندن بووە .

وەهەروەها ئەگەر هەر شیعر نەبوایە ئەوا پێم وایەنیظامی‌یش خەمسەکەی بە پێنج ڕۆمان ئەنوسی .

شیعرەکەی مەولەوی ئەگەربکرێت بەپەخشان ئەواکورتەوتارێک دەرئەچێت . کەواتەشیعرەکە چەند لە سەرشیعرماڵە ئەوەندەش ڕەخنەی تیدایەو ئەچێتە خانەی ڕەخنەوە .

بەم پێ‌یە هەقی خۆمانە کە لە سەیر کردنەوەو چاوگێڕانەوە بەئەدەبەکەماندا لەسەر ئەم شیعرە ڕاوەستین و بڵێین مەولەوی یەکەمین هەنگاوی ڕەخنەی لە ئەدەبی کوردیدا ناوە .

وەئەبێ ئەوەش لە بیرنەکەین کەهاوزەمانلەگەڵ مەولەوی‌دا (نالی)یش سەرەتایەکی لە ڕەخنە خستوینەتە بەردەست . لە شیعرێکی حاجی قادری کۆیی‌دا وا دەرئەکەوێ کە حاجی چەند شیعرێکی‌داوەتە لای نالی تا سەرنج و تێبینی خۆی لە سەریان دیاری بکات . نالیش شەن و کەوێکی شیعرەکانی کردووە و وای‌داوەتە قەڵەم کە کاڵایەکن وکڕیاریان نیە .

(ئیتیفاقەن ئیتیفاقم بوو لەگەڵ نالی وەکو
تاجرو گەوهەر لەگەڵ گەوهەر فرۆش و موشتەری

چەند غەزەل بوون تازە بافتی کارگاهی موشتەری
تاجرو گەوهەر مەتاع و شامی غوربەت تاجری

یەک یەکی هێنایە دەر گەردی کەسادیی لێ تەکاند
دایە من فەرمووی درێغا کەس نیە سەوداگەری

دەست بەدەستی خستم و هەم دایە بەربا مەجمەعم

(ئاصەف)ی من بای لەباتی تۆ کە حاجی قادری)

بەڵام چونکەنالی خۆی نەینوسیوە ئەوە نابێتە بەڵگە کە قسەی لە سەر بکەین . بەس دڵنیام ئەگەر لەوسەردەمەدا ئەدەب وەکئێستە بوایە ئەوا نالی‌یش وتارێکی ڕەخنەیی لە سەر ئەو چەپکە شیعرە ئەنووسی .

کەواتە هەر ئەتوانین شیعرەکەی مەولەوی بکەینە دامەزرێنەر و قسەی لەسەر بکەین .

ئەو هەوڵانەی کە بۆخزمەتی بەرهەمەکانی مەولەوی دراوە .

مەولەوی شیعرەکانی ئەوەندە بەرز و هونەرین و ئەوەندە پڕ زەوقن ، لە سەردەمی ژیانی خۆیدا وتا ئەودەمەش کە چاپ هاتۆتەکایە ، شاعیران و شیعر دۆستان لەڕووی بەیاز ونوسخەکانی خۆیاندا بەشانازی‌یەوە نوسیویانەتەوە . کە ئەوانە ئەمڕۆ لە بەر دەستماندا سەرچاوەیەکی باشن بۆ ساخ کردنەوەی شیعرەکانی و تەواوداڕشتنی بەرهەمەکانی ، هەرکە کوردیش دەستی بە چاپخانە گەشتوە ، مەولەوی لە ڕیزی پێشەوەی ئەوشاعیرانەیە کە بەرهەمی چاپ کراوە. ئێستەش ئەو هەوڵ و تەقەللا دیارانەدەست نیشان ئەکەین کە لەم مەیدانەدا دراوە.

١ ـ چاپکردنی (عەقیدە مەرضیە) و (فوائح)ەکەی لە یەک‌کتێبدا بە تێکۆشانی (فرج اللەزەکی) و (محی‌الدین صبری نعیمی کانیمشکانی) لە ساڵی ١٣٥٢ هـ ، ١٩٣٤ ز دا . لەوڵاتی میسر و کەسی دووەم‌بۆتە بڵاوکەرەوەی .

٢ ـ ڕۆحی مەولەوی لەدوو بەرگ دا. کە وەرگێڕانی شیعرەکانی مەولوی‌یە لە هەورامی‌یەوە بۆ شێوەی سلێمانی. بەرگی یەکەم ١٩٣٥ . بەرگی دووەم ١٩٤٠ . لەلایەن پیرەمێردەوە .

٣ ـ مەولەوی و شیعری موناسەبەت : وتارێکی بەنرخ و پڕبایەخی مامۆستا گۆرانە کە لە ژمارەکانی (٨ ـ ٩ ـ ١٠)ی گۆڤاری (هەولێر)دا بڵاوی کردوتەوە . ساڵی ١٩٥٠ ز.

٤ ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ، شاکاری خوالێخۆشبو علاءالدین سەجادی کەلە چەند پەڕەیەکدا باسێکی شایانی لە سەر مەولەوی کردووە . ساڵی ١٩٥٢ ز .

٥ ـ دیوانی مەولەوی : ئامادەکردنی بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لەساڵی ١٩٦١ دا کە ئەمە گەورەترین دەروازە بوو لە ڕووی گیانی مەولەویدا کرایەوە.

٦ ـ ئەدەبی کوردی ولێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی خوالێخۆشبو علاءالدین

سەجادی .ساڵی ١٩٦٨ ز . لەم بەرهەمەشدا لێکۆڵینەوەیەکی باش لە سەرمەولەوی کراوە .

٧ ـ الفضیلة : بەرهەمێکی مەولەوی‌یە بە زمانی عەرەبی . بەڕێزمامۆستا مەلا عەبدولکەریم بە زمانی عەرەبی لێکۆڵینەوەیەکی شایانی لە سەر ئەم شاکارە کردووە و ساڵی ١٩٧٧ چاپ بوە.

٨ ـ عەقیدەمەرزیە : بەرهەمێکی‌تری مەولەوی‌یە بە شێوەی ئاخافتنی جاف لە لایەن مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و خوالێخۆشبو مەلا فاتیحی کوڕیەوە شی کراوەتەوە.

٩ ـ مەولەوی و سروشت : نوسینی بەڕێز عەلی شێخ عومەرقەرەداخی .

١٠ ـ لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی : تیزی دکتۆرای کاک ئەنوەر قادر محەممەدە وساڵی ١٩٩١ لە ستۆکهۆلم چاپ بووە .

١١ ـ دیوانی مەولەوی ، بەرگی یەکەم : وەرگێڕانی شیعرەکانی مەولەوی بۆ سۆرانی لە لایەن بەڕێز مامۆستا محەممەد ئەمین ئەردەڵانی‌یەوە . ١٩٩١ ز

١٢ ـ میهرەجانی مەولەوی : کۆمەڵێک وتاری میهرەجانەکەیەو بە شێوەی کتێبێ چاپ بوە .

١٣ - ریسالەی عیشق : لێکۆڵینەوەیەکە لەلایەن خوالێخۆشبوو دکتور سدیق موفتی زادەوە کراوە لەسەر نیوەی دیوانی مەولەوی.

١٤ ـ مولوی فی وثائق‌قدیمة : وتارێکە بەزمانی عەرەبی لەلایەن‌کاک ڕەئوف عوسمانەوە کە گۆشەیەکی پرشنگداری ژیانی مەولەوی ئەخاتە ڕوو . کاروان ژمان ١٣ ـ ١٩٨٣ .

١٥ ـ یادی مەردان : دانراوی بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس . بەرگی دووەم . لەم کتێبەدا یادێکی باش لە مەولەوی کراوەتەوەو چەپکێ نامەیشی

چاپ کراوه کەبە فارسی بۆ دۆست و هاورێکانی نوسیوە.

١٦ ـ دوو وتاری خوالێخۆشبو مامۆستا سەید تاهیری هاشمی کە لە دووژمارەی گۆڤاری (سروە)دا بڵاو کراونەتەوە. بە داخەوە ژمارەکانم نەزانی بەڵام ئەزانم دوو وتاری بەکەڵکن.

١٧ ـ کۆنگرەی مەولەوی : لە ساڵی ١٣٧١ ، ١٩٩٢ دا کۆنگرەیەک لە سێ ڕۆژدا لەسەر ژیان و شیعری مەولەوی بەستراو پاشانیش لە ساڵی ١٩٩٥ دا بە شێوەی کتێب چاپ بوو .

ـ ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێ وەرگیراوە ـ

١ ـ نوسخەی (شەهاب) واتە سەیید شەهابی سەنەندەجی : ئەم نوسخەنایابە بە خەتێکی جوان نوسراوەتەوە ، نوسەرەکەی زۆر بەزەوق بووەو جگە لە مەولەوی هەندێ شیعری لە شاعیرانی تریشی نوسیوەتەوە وەکو (بێسارانی ، کۆماسی ، کوردی ، نالی و چەند شاعیرێکی‌فارس). کەلەبەشەکەی مەولەویدا زۆر وەستایانە دەستی پێکردووەو پێشەکی پێرستێکی شیعرەکانی کردووە وژمارەیەکی زۆرلە شیعرەکانی نوسیوەتەوە .

شایانی باسە لەگۆشەیەکی ناوەڕاستی نوسخەکەشدا مێژوویەکی لێ داوە (١٢٧٩) ئەمەش ئەوەمانبۆ دیاری ئەکات کە کاتێ ئەم نوسخە نوسراوەتەوە مەولەوی لەژیاندا بووەو (٢١) ساڵ دوای ئەوە کۆچی دوایی کردوە .

٢ ـ نوسخەی (سیروس) : ئەم نوسخەیە گەلێ شیعری مەولەوی تیایە لەگەڵ شیعری چەند شاعیرێکی‌تردا . کاک سیروس مەعروفی دایە لام و سوودم‌لێ وەرگرت ، نوسەری ئەم نوسخە ناوی دیار نیە ، بەڵام کە تەواوی کردووە لەسەری نوسیوە(غزلیات کردی حضرت‌سید رحیم‌مولوی علیه‌الرحمه تا اینجابدست آمد تحریر گردید حسب‌الفرمایش حضرت صاحب کارآغای اعزازالملک ادام الله‌اقباله وطول عمره‌بجاه محمد واله‌فی ٤ محرم ١٣٤٠).

واتە : غەزەلیاتی کوردی هێژا سەیید ڕەحیمی مەولەوی ڕەحمەتی خوای لێ‌بێ تا ئێستە کە بەدەست هاتوە نوسرایەوە بە پێی فەرمانی هێژای خاوەنکار ئاغای ئیعزاز ولمولک خوا درێژە بدا بە بەختی و تەمەن درێژی بکات بۆ خاتری محەممەد وبنەماڵەکەی ...)

٣ ـ نوسخەی (شەوکەت یاریان) ئەم‌نوسخەش بە خەتێک کەباش ئەخوێنرێتەوە نوسراوەتەوە . لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەشیعرەکانی مەولەویدا هەندێ شیعری

(کۆماسی ، قانی ، شێخ ڕەضا ، طاهیربەگی جاف ، فخرالعلما ، وەفایی ، میرزا عەبدوالقادری پاوەیی لە گەڵ چەند شیعرێکی فارسیدا) نوسیوەتەوە .

ئەم نوسخە مێژووی ۱۳۳۷ ی پێوەیەو بەدەستی حاجی میرزا ئەحمەدی شەوکەت یاریان نوسراوەتەوە. کە ئەم زاتە لەساڵی ۱۲۸۴ لەدایکیوەو لە ۲۹ی مرداد ۱۳۶۶ دا لەشاری سنە کۆچی دوایی کردووە .

شایانی باسە خوالێخۆشبو میرزا ئەحمەد خۆیشی هەندێ شیعر ویاداشتەکانی ڕۆژانی ژیانی بە یادگار بۆ بەجێ هێشتووین .

۴ ـ نوسخەی (میراث) ئەم نوسخەیە لەئارشیفی ئیدارەی میراث فەرهەنگدا بوو ، برای بەڕێزکاک سیروسی مەعروفی بۆماوەیەک دایە لام و سوودم لێ وەرگرت .

نوسخەکە بە داخەوە لەمسەرو لەو سەریەوە لێی لاچوو بوو ، نەمێژووی پێوەدیار بوو نە ناوی نوسەرەکەی . بەڵام نوسخەیەکی چاک بوو بەشی زۆری تایبەت درابوو بە مەولەوی .

۵ ـ نوسخەی (مەحزون) واتەمیرزا سدیقی مەحزوون . ئەم نوسخەیە گەلێ شیعری فارسی لە (حافظ ، سعدی ، خیام .. هتد) تێدایەلەگەڵ ژمارەیەکی زۆرشیعری کوردی (کوردی ،نالی ، وەفایی ، کۆماسی ،شەهاب) و زۆربەی شیعرەکانی مەولەوی .

نوسخەکەلە ڕۆژی دووشەممە ۲۷ی ذی‌الحجەی ساڵی ۱۳۲۷ دەست کراوە بەنوسینەوەی و جەنابی میرزا سدیق ئەڵێ :یادگاری باوکمە. « بە ڕەحمەت بێ ».

نوسخەیەکی چاکەوپاک هەڵگیراوەولەنوسخەکانی تری لای ئێمەزیاتر شیعری بڵاو نەکراوەی مەولەوی تیا بوو.

۶ ـ نوسخەی (باینچو)واتە سەییدەکانی باینچو کەبەداخەوە ناوی نوسەرەکەی دیار نیە. من ئەم نوسخەیەم لە ڕێگەی برای شاعیرم‌کاک ڕەحیمی لوقمانیەوە دەست کەوت (بە شێوەی فتوکوپی) . بەڕاستی نوسخەیەکی گەلێ دەوڵەمەندەو لە (۲۲۵)

لاپەڕەدا بە خەتێکی جوان نوسراوەتەوە . بێجگە لە بەشی هەرەزۆری کە تەرخان کراوە بۆ مەولەوی ، لە بەشێکیتریدا شیعری (بێسارانی ، وەلی دێوانە ، سادق ، کۆهزاد بەگی خوڕخورە . میرزا شەفیع ، ناری ، سیف‌الشافعی ، حاجی محەممەدی تیلەکۆ)ی تێدایە .

لەوە ئەچێ یادگاری (امین السادات) بێ .

٧ ـ نوسخەی (میم) ئەم نوسخەیە نە مێژووی دیارە و نە ناوی نوسەر ، من لەڕێگەی بەڕێز میرزا محەممەدی سابری‌یەوە وەرم گرت . بەشێکی زۆر شیعری مەولەوی تێدا نوسراوەتەوە خەتەکەشی جوانە . بەڵام بەداخەوە سەرەتاو کۆتایی نەماوە .

٨ ـ نوسخەی (خەسرەو ڕوانسەری) ئەم نوسخەیەش بە داخەوە ناوی نوسەرو مێژوی دیار نیە . بەڵام نوسخەیەکی عەنتیکەیەو زۆربەی هەرەزۆری شیعرەکانی مەولەوی بە خۆوە گرتوە . بەخەتێکی جوان نوسراوەتەوەو باش هەڵگیراوە.

٩ ـ نوسخەی کاک شێخ محەممەدی نەقشبەندی : کە نوسخەیەکی بە داخەوە پەڕپوت بوو ، تەنیا چوارینەیەکی مەولەوی تێدا بوو کە ئەویش بڵاو نەکرابویەوە ، هەروەکو لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێ ئەکەین.

١٠ ـ نوسخەی (دۆڵاوی) واتە مەلا مستەفای دۆڵاوی . ئەم نوسخەیەش بە خەتێکی باش نوسراوەتەوە . لەگەڵ بەشێکی زور لە شیعرەکانی مەولەویدا . هەندێ شیعری خۆیشی لەگەڵ چەند پارچەیەکی (مەلاعەبدولخالقی کۆلەساری ـ حەزین)دا بڵاوکردوتەوە . بە پێی مێژوویەک کە بە سەریەوەیەتی (٦٥) ساڵ بەر لە ئێستە دەس کراوە بە نوسینەوەی و هەمویشی بە خەتی (مەحزون)ە.

١١ ـ نوسخەی (زیائەدینی) « ض ». واتە نوسخەی بنەماڵەی هەردوو هونەرمەند کاک هادی و کاک مەهدی (زیائەدینی)ی . ئەم نوسخە دەوڵەمەندە من تەنیا بۆ بەراورد و پشکنین سوودم لێ وەرگرتوە ، چونکە بەر لە من کەوتبوە دەست بەڕێز کاک محەممەدی حەمەباقی و ئەزانم ئەوان سود لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی وەرئەگرن .

شایانی باسە کە جارێکی ترکتێبخانەی ئەم بنەماڵەیەم دیەوە شیعری (شەوق شادی نۆ)م لەدەست کەوت کە بە جیا نوسرابویەوە ولەنوسخەکەش دا نیە.

١٢ـ نوسخەی جەنابی عبدالغفاری وارستگان (وا) ئەم نوسخەیەش مێژووی پێوەدیار نیەوناوی نوسەریشی لە سەر نەنوسراوە ، ئاغای وارستگان کاتی خۆی لەهەورامان دەستی کەوتوەو چەندین ساڵە لای خۆی پاراستویە. کۆمەڵێ شیعری مەولەوی تیایە لەگەڵ تاک وتەراشیعری (صەرعی ، هیجرانی ،بزورگ ، خەستە ،فانی ، مەجذوب ، مەحروم ،عبدالله ، عولام ، شەهاب ، حەیدەر ، غەمناکی) .

١٣ ـ نوسخەی مەلا حەیدەری ئاویهەنگی . ئەم نوسخەش نوسەرو مێژووی دیار نیە ، خەتەکەشی زۆر جوانن‌نیە ، هەندێ شیعری مەولەوی تێدا بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ چەند شیعرێکی (بێسارانی ، کۆماسی ، شەهاب). رەنگی کۆنیی پێوەدیارەو رۆژگاردەستی خۆی لێ وەشاندوە. ئەم نوسخەیەم لەرێگەی کاک مەلائەحمەدی نەزیریەوە دەست کەوت سوپاسی ئەکەم .

١٤ – نوسخەی مەلا عەلی : ئەم نوسخە کراوە بەدوو بەشەوە ، بەشی یەکەمی شیعری کوردی‌یە کەزۆربەی شیعرەکانی مەولەوی تێدا نوسراوەتەوەلەگەڵ چەند شیعرێکی بێسارانیدا .

بەشی دووەمی شیعری جۆراوجۆری شاعیرە فارسەکانە وەکو (جامی ، ظهیر ، ابوعلی سینا ،خاقانی ، نظامی .. هتد) لەگەڵ چەند شیعرێکی فارسی مەولانا خالید و مەستوورەوکوردی .

ئەم نوسخەیە بە خەتێکی جوان نوسراوەتەوەومێژووی (١٣٢٥ و ١٣٢٨ و١٣٣٢ ، ١٣٣٥) پێوەیەو لە هەندێ لە لاپەرەکانیدا چوار جۆر مۆری لێ داوە ، (علی ابن عبدالرحمن) ، (امین الشریعة) ، (یا علی ادرکنی) ، (یا علی) .

بێجگە لەدووبەش کردنی نوسخەکە ، لە هەندێ لاپەرەی تریدا شیعری دوو

شاعیری تری کوردی بڵاوکردۆتەوە وەکو (میرزا شەفیعی کولیایی ومحەممەد ناوێک).

(کاتب این کتاب ملا علی خلف‌مرحوم‌ملا عبدالرحمن پسرملا محمد ابن‌ملارشید ابن‌ملانصیرابن ملا غفورابن‌مولانا حسین ابن مولانا یوسف علیه الرحمة، و مقبره‌مرحوم مولانا یوسف در مزرعه دویشان‌در قریه‌مامق علیا زیارتگاه اهالی آن حوالی میباشد و مرحوم مولانا یوسف عالمی‌بی نظیر و ولی کامل صاحب خوارق و شخصی فاضل بوده وازاو پشت بپشت ایشان بحضرت ابوبکر صدیق رضی‌الله‌تعالی‌عنه میرسد والله اعلم بحقایق الامور) .

واتە : نوسەری ئەم‌کتێبە مەلا عەلی کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلامحەممەدی کوڕی مەلا ڕەشیدی کوڕی مەلا نەسیری کوڕی مەلا غەفوری کوڕی مەولانا حسەینی کوڕی مەولانا یوسفە ڕەحمەتی خوای لێ بێ گۆڕی خوالێخۆشبو مەولانا یوسف لە کێڵگەی (دویشانە = دووشان)لە گوندی ماموغی سەروو کە زیارەتگای خەڵکی ئەو ناوەیە. وەخوالێخۆشبو مەولانا یوسف زانایەکی بێ وێنەو وەلی یەکی تەواوی خاوەن خەواریق و کەسێکی هێژا بووە ،لەوەوە پشت بە پشت ئەچێتەوە سەر حەزرەتی ئەبوبەکری سدیق (ر-خ)،ڕاستیی کارەکان‌خوائەیزانێ .

شایانی باسە ئەم‌مەولانا یوسفە شاعیریش بووەونووسەر شیعرێکی لێ بڵاوکردۆتەوە کە شیعرێکی فارسی (٤٣) بەیتی‌یە .

١٥ - کتێبی میهرەجانی مەولەوی .

١٦ - گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی (٦) .

١٧ ـ کەشکۆڵی کەلەپوری ئەدەبی کوردی ـ ئامادەکردنی موحەممەد عەلی قەرەداغی .

- پشکنین -

دیوانی مەولەوی بۆ یەکەمجار لە لایەن بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریسەوە چاپ و بڵاو کرایەوە و چاوی خوێنەرانی پێ ڕۆشن بوویەوە . ئەمە هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ ژیانەوەی گیانی مەولەوی . چونکە جگە لەوەی کە شیعرەکانی خستۆتە ڕوو ، شەرحیشی لێ کردووە . کە ئەگەروانەبوایە هیندە نەئەناسرا ، چونکە شیعرەکان هەورامین و خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردەواری بەئاسانی تێی نەئەگەشتن .

من بۆ خۆم وەک عاشقێکی شیعری مەولەوی دەست خۆشانە بە جەنابی مامۆستای هێژا ئەڵێم و لەگەڵ ئەوەشدا داوای لێبوردنی لێ ئەکەم کە دیوانەکە هەندێ هەڵەو کەم وکوڕی و ناتەواوی تێدایە ، منیش بە پێی ئەو نوسخانەی کە لە شاری سنەو دەوروبەریدا دەستم کەوتوون هەوڵی پیاچونەوەی دیوانەکەم داوە ، هیوادارم ئەمەش هەنگاوێکی‌تر بێ بۆ باشترئاشنا بوون بە گیانی بەرزەفڕی مەولەوی . وا بە پێی تەرتیبی دیوانەکە دەست بە کارەکەم‌ئەکەم .

١ ـ شیعری (١) پیتی (ئەلف).

لە دوای بەیتی (شیعر ویم تەنخوای ...) بە پێی نوسخەی (باینچو) ئەم بەیتە هەیە :

سانەیچی دەخیل بێ دێر و درەنگ

موتریب فیدات بام دەس بدەر ئەو چەنگ

وە لەدوای بەیتی (سا دەروێش کەفێ ..) ئەم سێ بەیتە هەیە :

کەف بدەر ئەو دەف ، پەنجەت نەڕووی نەی

بە وێنەی باربود جە بەزم ئارای کەی

نکیسا ئاسا دەس دەر وەسەمتوور
دەف ونەی و چەنگ باوەر وەحوزور

چلچەنگ و سەرچەنگ لێدەر دەرقەرار
وەهەزار دەستان بنوازم ئەمجار

وە لەدوای بەیتی (ساقی سادەخیل ...) ئەم چەند بەیتە هەیە :

وێت بە حەقیقەت مەست بکەر جەمەی
سازان بسازە پەی واوەیلاو وەی

کەف بدەر وەدەف ، چنگ بدەر وەنەی
هیچ مەواچە کەی تو خوودا سادەی

بەو ئاوازی بەرز خاس بکەر ڕازان
بە عەشقی ئازیز نازک ئەندازان

جۆش دەر وەناڵەم ، کوڵ دەر وەدەردم
هۆش دەر وە خەمان ، گۆش دەر وەفەردم

ئازیز بێ خەبەر ، مەینەت با خەبەر
چەنی ڕۆ مەبۆ اللە اکبر

وەلە باری واژەوە بە پێی نوسخەکەی (شەهاب) لە بەیتی :

بەڵکە خەمانم تۆ دەری وەباد
هەی های جوانم، فرێم هەن موراد

لە باتی (هەی های) نوسراوە (هێمای) کەئەمەیان دروستە ، واتە هێشتا لاوم.

وە لەبەیتی :

وەختەن سەرتاپام ببۆ وەزوخاڵ
بۆی سفتەکەم هۆر گێرۆ شەماڵ

لەباتی (بۆی سفتەکەم) نوسراوە (بولی سفتەکەم) کە ئەمەیان دروستە . واتە خۆڵەمێشی لاشە سوتاوەکەم.

۲ ـ شیعری (۲) پیتی (ئەلف)

واژەی (دەولەتەکەی) لە سەرەتای بەیتی دوودا هەجایەکی زیادەو دروستەکەی ئەوەیە بگوترێ (دەولەتکەی) واتە : دەولەتە بچکۆلەکەی ..

وە لە دوای بەیتی (سادڵم وەش کەر ....) بە پێی نوسخەکەی (مەحزون) ئەم بەیتە هەیە :

با بەیۆ وەش وەش سۆزی سەداکەت
لەرەی نەوای تەرز شیرین ئەداکەت

وە بەیتی :

کێ زانۆ چون بۆ ئەی دنیای فانی
بابۆ نە بەین گەردن ئازادی

(فانی) و (ئازادی) نابنە قافیە . بە پێی نوسخەکانی (شەهاب) ، (مەحزون) ، (ض) ،

(دۆڵاوی) ، (سیروس) ، لە باتی (فانی) نوسراوە (بادی) واتە : بایهەوا . کە ئەمە دروستە .

۳ ـ شیعری (۴) پیتی (ئەلف)

مامۆستا نوسیویە : مەولەوی ئەم غەزەلەی لەوەڵامی دۆستێکیا نووسیوە کە نامەی بۆ ناردوە و گلەیی لێ کردووە لە نامەکەیدا.

سەرچاوەکانی لای ئێمەیش ناوی ئەو دۆستەیان دیاری نەکردووە ، بەڵام هەرکەسێ بێ بەیتی شەشەمی ئەم شیعرە هی ئەوە و مەولەوی تێهەڵکێشی نامە شیعریەکەی خۆی کردووە.

نە وەخت هیجران ویداعت فاما
نە وە شەماڵدا پەیامت ئاما

چاکتر وابووئاماژەی پێ بکرایە . چونکە مەولەوی خۆی لە پێشەوە ئەڵێ :

(فەرمابیت بەو لەفز شەکەر ڕازەوە).

وە بەیتی :

زوان چون تاقەت هیممەت وازیشەن
دیدە چون تاقەت شون دیاییشەن

لە نوسخەی (دۆڵاوی)دا لە باتی (وازیشەن) نوسراوە (خوایيشەن) کە ئەمەیان دروستە و لە نوسخەی (شەهاب) و (باینچو)شدا لە باتی(تاقەت)ی میسرەعی دووەم نوسراوە (تامڵ) کە هەر ئەم دروستە ، چونکە دووبارەکردنەوەی تاقەت لە دوو میسراعدا مەولەویانە نیە.

۴ ـ شیعری (ە) پیتی (ئەلف) :

ئەمشیعرە بۆ کۆماسی نوسراوە و بەیتەکانی (۱۴ ، ۱۵ ، ۱۶) هی کۆماسین و لە شیعری

(پەی چێش نەشۆجێش) وەرگیراون و تێهەڵکێش کراون .

بەندە دوای کۆکردنەوەی دیوانی کۆماسی ئەمەم بۆ دەرکەوت وشیعری دوای ئەمەی دیوانەکە (ئەنیس خەیاڵ دەردان پڕ زام)شیعری کۆ ماسی‌یە و لەوەڵامی شیعرەکەی مەولەویدا نوسراوە . بۆ بەراووردیش ئەتوانین وەهای دیاری بکەین.

مەولەوی	کۆماسی
گلەم هەن جە تۆ خەیلێ فراوان (میسرەعی ١٨)	نەکەری خەیاڵ گلەیی کەردەن (میسرەعی ٢٧)
مەربادەت نەجام بێ شەرتی وەردەن(میسرەعی ٢٠)	نەواچی بادەی بێ شەرتیش وەردەن(میسرەعی٢٨)
یانی چێش مەیلت فەرامۆش کەردەن (میسرەعی١٩)	کەی مەبۆ مەیلت فەرامۆش کەروون (دوامیسرەع)

وەلە شیعرەکەی کۆماسیدا بەیتی چوارەم لەباتی (گەردوون ئازادی) بنوسرێ (گەردەن ئازادی) ڕاست و دروستە .

ئەمە یەکێکە لەو شیعرانەی کە بە هەڵە پەڕیوەتە دیوانی مەولەوی‌یەوە .

٥ـ شیعری (١١) پیتی (ئەلف) . بەیتی یەکەم :

ئازیزم ، ئامای ، ئای بێ قەرار وێم
ئای ئای چەمەڕا ، ئای ئینتیزار وێم

لە نوسخەی (وا)دا لەباتی (ئامای) نوسراوە (نامای) ئەمە دروستە. واتە نەهاتی .

٦ ـ شیعری (١٢) پیتی (ئەلف)

لە نوسخەی (دۆڵاوی)دا بەمبەیتە کۆتایی دێ .

دڵ وەتەنگ ئامان هانا هامفەردان
بەیان وەسەر مەشق گردین هامدەردان .

٧ـ شیعری (١٥) پیتی (ئەلف) :

بە پێی نوسخەی (شەهاب) لە نێوان دوا بەیت و بەر لەودا ئەم بەیتە هەیە.

نەقدی گیان شاباش باڵای ئاڵاش کەر
موژە بۆ جاروب گەردی پاڵاش کەر

٨ـ شیعری (١٧) پیتی (ئەلف).

بەیتی شەش : سروور نەشئەی بادەی وەسڵ تۆن.
تەئسیر بۆی عەتر موشک زوڵف تۆن

بە پێی نوسخەی. (خەسرەو) لەباتی (وەسڵ) نوسراوە (لوتف) کە ئەمە دروستە.
چونکە لە بەیتەکەدا هەردوو (تۆن) ڕەدیفن ،کەواتە (وەسڵ) و (زوڵف) نابنە قافیە.

٩ـ شیعری (١٨) پیتی (ئەلف)

بەیتی سێیەم: سا ، دەروێش : وەعیشق مەولای دەروێشان
وەیاهوی وەسۆز ڕیازەت کێشان

لەم بەیتەدا (مەولای دەروێشان) ئاماژەیە بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی.

١٠ـ شیعری (١٩) پیتی (ئەلف).

بەیتی سێیەم : بینایی وەڕاست دڵەی پڕ دەردم
ئای چەند سەرسەخت بیم لوای نەمەردم

لەنوسخەکانی (شەهاب) ، (مەحزون) ، (دۆڵاوی)دا لەباتی (دڵەی) نوسراوە (دیدەی)
کەئەمە ڕاستەو واتە بینایی ڕاستەقینەی چاوی پڕ دەردم. بینایی پەیوەندی بە چاوەوە

هەیە نەک دڵ .

وە لەدوابەیت دا

سا ئیسە ، ها دەرد دەروێش ئاوەرد جۆش

سەبرت ئەر ئازان بمانۆشنۆش

لە نوسخەی (شەهاب) و (دۆڵاوی)دا لەباتی (شنۆش) نوسراوە (وەهۆش) کە ئەمە دروستە. واتە ئەگەر ئارامت ئازایە بە هۆشەوە بمێنی.پەیوەندی نێوان هۆش وسەبرنزیکترو گونجاوترە تا ئەو .

۱۱ ـ شیعری (۲۳) پیتی (ئەلف)

دوا بەیت : جامێمان جەدەس تۆ هەم سەندەبۆ

فرسەتەن ، نسیو نەک نەماندەبۆ

لە نوسخەی (دۆڵاوی)دا لە باتی (نەماندە) نوسراوە (نەمەندە) هەر چەندە هەردووکیان یەک واتا ئەدەن ، بەڵام (نەمەندە) لەگەڵ (سەندە) قافیەکە ڕەساتر ئەکا.

۱۲ ـ شیعری (۲٤) پیتی (ئەلف)

بەیتی (پێنجەم) نەوای مەرحەبا نامان نەگۆشم

چەنی ئەلوەداش هەر نەخرۆشم

لەنوسخەی (خەسرەو)دا لە باتی (نەوا) نوسراوە (سەڵا) کە ئەمە دروستە . لە پانزە ڕۆژی یەکەمی ڕەمەزاندا (مەرحەبا .. مەرحەبا) ئەکرێت و لە پانزەی دووەمدا (الوداع .. الوداع) ئەکرێ ،کە ئەمەش پێی ئەگوترێ سەڵا نەک نەوا .

۱۳ ـ شیعری (۲۶) پیتی (ئەلف)

بەیتی چوارەم: کەی تەوانای سەبر دیارانمەن

یا پەروای تاقەت بێ یارانمەن ؟

لە نوسخەی (دۆڵاوی)دا لەباتی (سەبر) نوسراوە (سەیر) کە ئەمە دروستە . واتە :کەی توانای سەیری وڵاتانم هەیە . شایانی باسە مامۆستاش لە پەراوێزدا نوسیویە : کەی تواناو دەستەڵاتی سەیر کردنم هەیە ... هتد .

نازانم چۆن سەبریان لە بەیتەکەدا داناوە ؟

۱۴ ـ شیعری (۲۷) پیتی (ئەلف)

میسرەعی یەکەمی دوابەیتیش هەر بەحسابی جومەل ئەکاتە(۱۲۹۶)وەکومیسرەعی دووەم

۱۵ ـ شیعری (۳۲) پیتی (ئەلف)

وەڵامی ئەم دوو بەیتەی کۆماسی یەکە ئەڵێ :

ئەر بۆپروزێ وەمەڵاڵەوە

بەیۆ وەڵای تۆ جەشەماڵەوە

ئانە بۆپروز سفتەی جەرگمەن

مەعلوم بۆ مەعدوم وادەی مەرگمەن

۱۶ ـ تاک بەیتی (۳۶) پیتی (ئەلف)

لە نوسخەی (باینچو) دا ئەبێتە شیعرێکی (۱۵) بەیتی کە لە شوێنی خۆیدا بڵاوی ئەکەینەوە.

١ ـ شیعری (٤) پیتی (بێ).

بەیتی نۆهەم: ئەمجار یادکەر عومر عەبەس ویەردەت
باوەر وەخاتر ناپاکیی کەردەت

لەنوسخەی (سیروس) و (شەهاب) دا لە باتی (ئەمجار) نوسراوە (جـا) کـە ئـەمە دروستە، چونکە بەو شێوە هەجایەکی زیادە.

٢ ـ شیعری (٥) پیتی (بێ).

یەکەم بەیت :

بولبول گوڵشەن بێ نام و نەنگی
تەزەرو سەرسەرو باغچەی بێ ڕەنگی

لە نوسخەی (شەهاب) دا لە باتی (بێ ڕەنگی) نوسراوە (یەک ڕەنگـی) کـە ئـەمە دروستە . چونکە واتای وحدانیت ئەدات . مانای بەیتەکە بەم شێوەی لێ دێ : بولبولی گوڵزاری بێ ناوی و بێ باکی و نەی تەزەروی سەردار سەروی نێو باخچەی یەکتا پەرستی.

وەلە هەمان نوسخەدا بە سەر شیعرەکەوە نوسراوە (وقتی خانزاد خانم دختر محمد پاشا مجنونە شدە بە سر مرقد شیخ حسن مولان آبادی‌اش بردەاند . مرحوم معدوم این کلام را خدمت شیخ مرقوم فرمودەاست).

واتە :کاتێ کە خانزاد خانمی کچی محەممەد پاشای جاف شێت بووە بردوویانە بۆ سەر گۆڕی شێخ حەسەنی مەولاناوایی . خوالێخۆشبو مەعدوم ئەم شیعرەی بۆ خزمەتی شێخ نوسیوە.

بەیتی سێیەم :

یانەی دڵ وەفەیز ڕای مەولا ناوا
تەوار تەڕلان لان (مەولان ئاوا)

له نوسخه‌كانی (شه‌هاب) ، (مه‌حزون) ، (باینچو) ، (سیروس) له باتی (ته‌وار) نوسراوه‌(شاباز) كه ئه‌مه دروسته . چونكه ته‌وار هه‌ڵۆی‌مێ‌یه‌و شیعره‌كه‌ش قسه له‌گه‌ڵ پیاودا ئه‌كات .كه‌واته شاباز بۆ سیفه‌تی پیاو دروسته .

۳ ـ شیعری (۶) پیتی (بێ).

به‌یتی یه‌كه‌م :

بنچینه‌ی شادیت جه دڵ به‌ر ئاوه‌رد
جه‌ڕای مۆڵه‌ت دوور هه‌رچێوت كه‌رد ، كه‌رد

له نوسخه‌ی (مه‌حزون)دا له باتی (مۆڵه‌ت) نوسراوه (مۆبه‌ت = موحیببه‌ت) كه ئه‌مه دروسته و مانای به‌یته‌كه وای لێ دێ :

بنچینه‌ی شادیت له دڵم ده‌رهێنا ، ئه‌ی یاری دوور له خۆشه‌ویستی هه‌رچیه‌كت كرد ، كردت .

به‌یتی دووه‌م :

ئیسه ئه‌ی تاڵی و قین گرته‌ت په‌ی چێش
ئه‌ی تۆ به‌سته‌ی زام لابه‌رده‌ت په‌ی چێش

له نوسخه‌ی (شه‌هاب) دا له باتی (گرته‌ت) نوسراوه (كه‌رده‌ت) كه ئه‌مه دروسته . واتا كه‌ی ئه‌بێته : ئیسته ئه‌م ڕووگرژ كردن و قین كردنه‌ت له چی‌یه ؟

له به‌ینه‌كه‌دا هه‌ردوو (په‌ی چێش) ڕه‌دیفن .ئه‌وكاته (كه‌رده‌ت) و (به‌رده‌ت) ئه‌بنه قافیه‌كه جوانترو مه‌وله‌ویانه‌تره .

وه به‌یتی هه‌شته‌می ئه‌م شیعره مه‌وله‌وی له شیعری (۳ ی پیتی چ)دا دووباره‌ی كردۆته‌وه به شێوه‌ی تێهه‌ڵكێش ، شاعیر گه‌لێ جاری تر كاری وه‌های كردووه ، هه‌روه‌كو

وەهەروەها ئەم شیعرە بۆ (بولبول) نوسراوە لە وەڵامی وەڵامەکەی داکە بۆ مەولەوی نوسیوەو مامۆستای بەڕێز لە لاپەڕە (١٧٧ ـ ١٧٨)دا بڵاوی کردۆتەوە.

٤ ـ شیعری (١٠) پیتی (بێ).

مامۆستا فەرمویە : مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لەوەڵامی دوستێکیا نووسیوە .. هتد. لە هەندێ نوسخەی لای ئێمەدا ناوی ئەو دۆستەدیاری کراوە بە (مەجذوب) واتە کاک ئەحمەدی پریسی. مامۆستا گۆرانیش لە گۆڤاری هەولێردا ژمارە (٧) ١٩٥١ هەروای دیاری کردووە. بەڵام لە باتی (عابا) نوسیویە (مل‌پێچ) کە عاباکە ڕاستەو مانای (بەتیە) ئەدات. هەروەها مەولەوی لە شیعرەکەدا ئەڵێ (چون لۆنگ مەجنوون بدەوش وەکۆڵدا) کە دیارە عابا ئەدرێ بەکۆڵدا نەک مل پێچ.

٥ ـ شیعری (١٢) پیتی (بێ)

وشەی (پاڕانەوە) لە میسرەعی یەکەمدا (بەیارانەوە)یە.

بکیانە پەیکێ بە یارانەوە

پەی کێ ؟ پەی مەجنوون بیارانەوە

واتە : نامەیەک و چەندکەسێ بنێرە. بۆکێ ؟ بۆمەجنوون کە بیهێننەوە.

پەیوەندی هونەریی نێوان (بە یارانەوە) و (بیارانەوە) وەکو پەیوەندی نێوان (بشارانەوە) و (بە شارانەوە)ی بەیتی دووەم وایە.

١ ـ شیعری (١) پیتی (پێ).

بەیتی بەر لە دوا بەیت

چون ڕەنگ کەرۆ زام تازە زامانم

ئاومزۆ ئەودەم کۆنە زامانم

لەم بەیتەدا هەردوو (زامانم) ڕەدیفن و (تازە) و (کۆنە)ش نابنە قافیە.

لە نوسخەی (شەهاب) ، (باینچو) ، (دۆلاوی)دا (زامانم)ی یەکەم بە (دامانم) ڕاست کراوەتەوە . مانای بەیتەکەش وای لێ دێ : چونکەزامە تازەکانی داوێنم ڕەنگ ئەکات ، ئەو کاتە زامە کۆنەکانم ئاویان تێ ئەزێ .

٢ - شیعری (٣) پیتی (پێ) .

بەیتی هەشتەم :

خان ومان خامۆش بێ تۆ ، ڕۆڵەڕۆ
ئەتفالان مەدهۆش بێ تۆ ، ڕۆڵەڕۆ

لەم بەیتەداواژەی (خان و مان) (خانمان) ە. واتە ژنان . بەرامبەر بە واژەی (ئەطفالان) جوت ئەبێ . واتە ژنان خامۆش و منالان مەدهۆش ...

بەیتی دوانزەهەم :

پەی ئەو عەقڵ و فام هۆشیاریت ، داد
پەی خۆش نیگاری و خۆش ڕەفتاریت ، داد

لە میسرەعی دووەمی ئەم بەیتەدا (نیگاری) ئەبێ (گوفتاری) بێ کە لەگەڵ واژەی (ڕەفتار)دا جوت ئەبن .گوفتار و ڕەفتار واتە قسەوکردەوە .

٣ ـ شیعری (٤) پیتی (پێ) .

دوا بەیتی ئەم شیعرە هی (داخی)یەو مەولەوی تێهەڵکێشی کردووە . پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ .

٤ ـ شیعری (٥) پیتی (پێ) .

بەیتی نۆیەم :

موتریب ، بۆ وەداد دڵگیریمەوە

پیری ها ئاما وە پیریمەوە

مەولەوی سوژێتی ئەم بەیتەی لە خانای قوبادی وەرگرتوەکە ئەڵێ :

پیری ها ئاما وەپیریمەوە.

ئیتر نیم وەتەنگ زویریمەوە (شیعری پەی سەنەو ساڵم ...)

خاناش لە بەیتێکی فۆلکلوری لەکی وەرگرتوە کە ئەڵێ :

پیری هاتیە وەپیریمەوە

وەی دلەی خەمین دلگیریمەوە.

٥ـ شیعری (٦) پیتی (پێ).

بە پێی نوسخەی (باینچو) بەیتی یەکەمی ئەم شیعرە پەڕیوە. وەها دەست پێدەکات.

خاڵۆ ویەردەن .....

هیجرانت یەکجار جە حەد ویەردەن.

بەیتی یەکەمی دیوانەکە

پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن

دووریت ڕیشەی دڵ خەیمەکەن کەردەن

میسرەعی دووەمی ئەبێتە :

دووریت خەیمەی دڵ ڕیشە کەن کەردەن.

واتە : دووریت خێمەی دڵی لە ڕیشە دەرهێنا.

بەیتی سێیەمی دیوانەکە :

وەسواسەت وەی تەور ئێش دان وەجەرگم

وەمەرگت قەسەم ڕازیم وەمەرگم

بە پێی نوسخەی (میم) لە باتی (ئێش) نوسراوە (نێش) کە ئەمە گونجاوترە. واتە : وەسواسەت بە جۆرێ چزی دالە جەرگم.

بەیتی چوارەمی دیوانەکە :

وێت بدەر ئینساف نەونەمام نۆ

مەردەن خاستەرەن یاخۆ دووریی تۆ

لە نوسخەی (میم)دا لە باتی (نەونەمام نۆ) نوسراوە (خاڵۆکەی خۆش خۆ) . کە ئەمە دروستە چونکە شیعرەکە بۆ خاڵۆی کۆماسی نوسراوە ، ئەویش بە شیعری (چراغم جەی ڕۆ) وەڵامی داوەتەوە کە پاشان شیعرەکەی خاڵۆ بڵاو ئەکەینەوە.

دوابەیت :

دەک ڕەحمەت ئەو قەبر گشت وەفاداران

خسوسەن ئەو کەس شای وەفاداران

لە نوسخەی (باینچو)دا بەم شێوەیە :

دەک ڕەحمەت ئەو قەور گرد سینە سافان

خسوسەن یەعقوب میرەکەی جافان.

(میرزا یەعقوبی جاف شاعیرێکی باش نەناسراوی ئەو دەورەیە ، لەوە ئەچێ

مەولەوی بەیتی لێ هێنابێ بۆ تێهەڵکێشی شیعرەکەی) . پاشان هەربە پێی ئـەم نوسخەیەو نوسخەی (شەوکەت یاریان) شیعرەکە بەم شێوە درێژەی هەیە :

چەرخی چەپ چەنیم ڕاس بەستەن کەڵەک
مەرمن سەنگم دان وەمینای فەڵەک

دایم پەریۆ من هاجە بەهانە
گاهێ (ئەصفەهان) گاهێ جە (بانە)

نمەدۆم فرسەت ساتێ وەبێ خەم
گەرد پاڵاکەت بماڵوون وەچەم

یا شەوێ شین کەم جە شەو ناڵینت
یاڕۆیێ ڕۆکەم وەزاری و شینت

یاناڵەم چەنی ناڵەت بخێزۆ
یادیدەم ئەسرین پەرێت بڕێزۆ

یا شەمەی جە شەرح دووریی دووبارە
داخ هیجرو وەسڵ دڵەی سەدپارە

عیشوەو گریشمەی حووری جەمین گوڵ
عەرز کەم وەپابۆس پەی تەسکین دڵ

چەپگەرد نمازۆم دەمێ فەراقەت
ساخوا یا وەسڵ ، یا مەرگ ، یا تاقەت . [١]

شیعرەکەی کۆماسی :

چراغم جەی ڕۆ ...
من جە ڕۆی ئەزەل مەتەرسام جەی ڕۆ

مەزانام گەردش ئەی چەرخ بێ پۆ
مە کەرۆم مەحروم جەدیداری تۆ

ڕۆی وەسڵت هەربیم ئەی ڕوە پێم بی
جەو بۆنە هەر ڕۆ ڕۆڕۆ خدێم بی

هافەڵەک ئەوڕۆ نیشان دادەن پێم
دەک وەتەرساکەی گیرئاوەردەوێم

ئیسە کێ تاقەت دووریی تۆ دارۆ
دەک بەرقی غەزەب وەبەختم وارۆ

---

١ - کاک محەممەد عەلی قەرەداغیش لە گۆڤاری کۆڕی زمارە (٦) بڵاوی کردۆتەوە هەندێ جیاوازی لەگەڵ ئێمەدا هەیە

چێشەن ئەی عومرەی تاڵ تەر جەژارە
ئەی ئەعزای بێ سەرف مەینەتان بارە

چونکە کۆچمەن جەدیداری تۆ
هەریەک وەدەردێ باگرفتار بۆ

دیدەی نەوینۆ هەر سەحەر دیدەت
نەدیۆ وەخاڵان قودرەت ڕەژیدەت

ئەو دیدە وەنێش نەشتەر کنیابۆ
دیانش وێنەی زوڵفی سیابۆ

زووانێ چەنیت هەرشەو نەبۆباس
فەرەق فەرەق بۆ چون سفتەی پەڵاس

دەستیۆ جەم نەجێت جەیر ئاسات نەبۆ
گاگا شانەی زوڵف تاوەتات نەبۆ

ئەو دەستە گەستەی ماری پڕ ژار بۆ
وەگازی ماران لەتار لەتار بۆ

گۆشێ نەشنەوۆ ڕێزەی رازەکەت
ئەو چفەی وەنەرم دڵنەوازەکەت

هەرپەی ئید خاسەن ئەترەش بۆ دەربەس
بادانەشنەوۆ هەرگیز دەنگی کەس

وەلحاسڵ ژیان بێ دیداری تۆ
بەدتەرەن جەمەرگ نەونەمامی نۆ

(ئەحمەد) ئومێدش بەدانای داوەر
یا تاقەت ، یا مەرگ ، یا وەسڵی دڵبەر

١ ـ شیعری (١) پیتی (تێ).

بەیتی شانزەهەم :

شێوە ئەر ئیدەن من کەردەنم سەیر
فام ، خوداحافیز ، دین ، بنیش وەخەیر

شێوە وەرگێڕانێکی ئەم بەیتەی (خجندی) شاعیری فارسەکە ئەڵێ :

گر که چشم اینست و ابرو این و ناز این و عیشوه این
الوداع ای زهد وتقوی الفراق ای عقل ودین

مەولەوی خۆیشی هەر بە وەرگرتن لەم بەیتە فارسیەی داناوە بۆیە کردویەتی بە پەراوێزی قەسیدەکەی وئەڵێ :

جەو بۆنۆ فەردم ئیستیفا بێزەن
دامەنەش لایق ئەی پەراوێزەن

٢ ـ شیعری (٤) پیتی (تێ).

بەیتی دووەم :

سەنگیی سەنگی بار تاوان زۆر کەردەن
پیری بەد نامەن قامەت خەم کەردەن

قافیەی ئەم بەیتە تەواو نیە. هەردوو (کەردەن) ڕەدیفن. (زۆر) و (خەم)یش نابنە قافیە. بە پێی نوسخەی (میراث) ، (کەردەن)ی دووەم بۆتە (وەردەن) واتە : باڵا خەم وپێچی خواردووە. ئەمە دروستە.

دوو بەیتی کۆتایی ئەم قەسیدەیە ، مەولەوی لە قەسیدەی (٨)ی پیتی (دال) هێناویەتی وتێهەڵکێشی کردووە.

١ ـ شیعری (١) پیتی (جیم).

بە پێی نوسخەی (شەهاب) ، (باینچو) ، (میراث) لە نێوان بەیتی یانزەو دوانزەدا ئەم بەیتە هەیە :

ئەو تەنیای غەریو قامەت وەخەم خەم
تۆ وەسەیر ماردوم هام دەمی کەڵڕەم.

١ ـ شیعری (١) پیتی (چیم).

بەیتی سێیەم :

بێ دەس بێ چنار زیز خاتر ڕێش
بەڵ خاکێش کەرۆ وەسەردا پەی وێش

لە نوسخەی (شەهاب) ، (باینچو) ، (مەحزون) ، (سیروس) ، (میراث) لە باتی (کەرۆ)

نوسراوە (کەردا) کە ئەمەیان دروستەو مەولەویانەیە ، چونکە لە نێوان (کەردا) و (سەردا) شێوە جیناسێ دروست ئەبێ .

بەیتی یانزەهەم :

قازان چون یاران ئاواتە خوازان
قەتارە بەستەن مەکەران ڕازان

لە نوسخەی (میم) ، (شەوکەت یاریان)دا لە باتی (یاران) نوسراوە (بازان) . کەبازیش کینایەیە لەیار ، بەڵام جوانیی بەیتەکە لەوەدایە کە جۆرێ جیناس و هەم مۆسیقایەک لە نێوان (قازان) و (بازان) و (خوازان) و (ڕازان)دا دروست ئەبێ ، کە ئەمە مەولەویانەیە .

بەیتی دوانزەهەم :

بێ لەیل ، ئاخ ، ئامێ جە ئێلاخەوە ... هتد

لە نوسخەی (شەهاب) ، (مەحزون) ، (سیروس) ، (میراث)دا نوسراوە : ئامای جە لەیلاخەوە. کە ئەمەیان دروستە چونکە (لەیلاخ) واتە کوێستان . هەرچی شیعرەکەشە وا دیاری کراوە کە مەولەوی بۆ دۆستێکی جافی ناردووە کە لە کوێستان ماوەتەوە . ئەمە گونجاوترە چونکە (ئێلاخ) واتە گەرمەسێر .

وەلەنێوان بەیتی (٢٦) و (٢٧)دا بەپێی نوسخەی (شەهاب) و (شەوکەت یاریان) ، (سیروس) ، (دۆڵاوی) ئەم بەیتە هەیە :

زوسان پای هەردان ئێڵاخان سەردەن
لازمەن هەوای گەرمەسێر کەردەن

وەبە پێی نوسخەی (شەهاب) ، (شەوکەت یاریان) ، (مەحزون) شیعرەکە بەم بەیتە

کۆتایی دێ :

بازە لەیلاخان ئامان سەد ئامان
وەخەیر تەشریفت باوەر وەلامان .

۲ ـ شیعری (۲) پیتی (چیم) .

بەیتی سێیەم :

ئێش هام فەردم ئێش وێم زانان
دەرد هام دەردم دەرد وێم زانان .

ئەم بەیتە قافیەی دروست نیە . هەردوو (ویم زانان) ئەبنە ڕەدیف . کەواتە (ئێش) و (دەرد) نابنە قافیە . دروستەکەی ئەوەیە بگوترێ :

فەرد هام فەردم فەرد وێم زانان.

واتە : شیعری هاو شیعرەکەم بە شیعری خۆم زانی .

نمونەی ئەمەش هەر لە شیعری خودی مەولەویدا هەیە . بڕوانە قەسیدەی‌یەکی پیتی دال . کە لە بەیتی دوانزەدا ئەڵێ :

گا تێکەڵ مەکەرد چەنی دەرد وێش
فەرد هام فەردش چەنی فەرد وێش

بەم شێوە (فەرد) و (دەرد) ئەبنە قافیە .

بەیتی هەشتەم :

من ڕۆی مامەڵەی گردین خاص و کەس
جەوڕاسە بازاڕ شارەکەی ئەلەس .

بە پێی نوسخەی (خەسرەو) ، (دۆڵاوی) لە باتی (خاص و کەس) نوسراوە (خاس‌وگەس) بە واتای چاک و خراپ . نەک بەواتای ئەوەی کە مامۆستای بەڕێز لێکی داوەتەوە .

بەیتی یانزەهەم

ئەرهەرسات دەردێ دەرێو تەرچەنی
بەیۆ ماچوو ئاخ پەی دەردێ هەنی .

دووبارەکردنەوەی بەیتی هەشتەمی قەسیدەی شەشەمی پیتی (ب) ە

بەیتی سیانزە :

مەرچون تۆ هەڵوای مەحەبەت خامی
قەبای عەشق دڵ پشت ناتەمامی

لە نوسخەی (خەسرەو) و (دۆڵاوی)دا لە باتی (هەڵوای) نوسراوە (هەوای) کە ئەمە دروستە بە واتای ئارەزوو ...

۳ ـ شیعری (٥) پیتی (چیم) .

موناسەبەتی ئەم شیعرە لای مامۆستای بەڕێز وا دیاری کراوە : مەولەوی بەم قەسیدەیە تەعریفی نازارێکی جاف ئەکاکە لەو دیوی دەوارەوە خۆی دەرخستووە .

لە هەندێ نوسخەی لای ئێمەدا وادیاری کراوە کە شیعرەکە بۆ مەهـ چهرە خانمی ژنی والی سنە نوسراوە مەولەوی شیعری (٥) پیتی (خێ) و شیعری (٢٥) ی پیتی (دال) یشی هەر بۆ ئەم ئافرەتە نوسیوە .

بەیتی :

باوەشێن مەکەرد ئەو سەفحەی بێگەرد
نازکیش جەباد ئیحتیات مەکەرد

له هەردوو شیعرەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

وەهەروەها وشەی (چهرە) لە هەر سێکیاندا هەیە. کە حەتمەن ئاماژەیە بـۆ مـەهـ چهرە خانم..

مەولەوی زۆرجار کە شیعری بۆ کەسێ نوسیبێ هەوڵی داوە بە شێوەیەکی هونەریی ناوی ببات. بۆ نمونە بڕوانە شیعری (٢)ی پیتی (لام) کە بۆ مەلا (یونسی لوقمەماسی) نوسیوە. لوقمە ماسی گوندە. یا شیعری (٣)ی پیتی (تێ) کە بۆ مەلاعەبدولڕەحیمی نەجاری نوسیووە.. هتد.

٤ ـ شیعری (٦) پیتی (چیم).

بەیتی یەکەم:

چەمان هەم قامەت کەیفم خەمبارەن
زەردی نەڕووی دڵ زەوقم دیارەن

وەک مامۆستا خۆیشی ئاماژەی پێ کردووە، لە نوسخەکانی لای ئێمەش دا لە باتی (چەمان)، (چمان) نوسراوە، هەرچەندە بە ئیملای عـەرەبی هـەردووکیان وەک یـەک ئەنوسرێن، بەڵام نوسخەی (خەسرەو) لە پاڵیا نوسیویە (کأنە). نوسخەی (دۆڵاوی)ش سکـونێکی لـەسـەر دانـاوە بـۆ ئـەوەی بـە (چـمان) بـخوێنرێتەوە. وەنـوسخەی (شەوکەت یاریان) لە میسرەعی دووەمدا لە باتی (دڵ) (وەڵگی) داناوە کە ئەمە دروستە. واتە: زەردیی بە ڕووی گەڵای زەوقمەوە دیارە.

بەیتی دووەم :

تەوق خەم گەردەن شەوقەکەم بەستەن
کەف پای شادیم خار تێ شکستەن

لەم بەیتەدا بۆ جوانتر بوونی قافیەکە (شکەستەن) دروستە. واتە بە ئیملای کوردی بە

شێوه فارسیەکەی بنوسرێ . ئەم واژەو واژەی (نەم) کە بە (نم) نـوسراوە لە تـەواوی بەیتەکاندا قافیەکان ناڕەسا ئەکەن . پێویستە بەو شێوەیان لێ بکرێ کە ئێمە نوسیمانن .

١ ـ شیعری (٢) پیتی (خێ) .

مامۆستا نوسیویە : مەولەوی ئەم غەزەلەی بۆ برادەرێکـی نـووسیوە . لای ئـێمە ڕوون بویەوە کە ئەو برادەرە (صەرعی)یەو ئەمیش بە شیعری (دڵم جە ئـۆف ئۆڤ زامـەتان شەیدان) وەڵامی داوەتەوە . ئەمەش شیعرەکەیە :

دڵم جە ئۆف ئۆف زامەتان شەیدان
دەردم دەردێوەن دەواش ناپەیدان

ئەو جارە کەسێ مەوات ئای دەردم
تانە مەدام لێش ، مەناش مەکەردم

ئیسە ئەوەند دەرد جە لام بیەن جەم
خودا تەوبە بۆ مەنای کەس نەکەم

های چێشەن یاران دڵ تەم کەردەوە
ئاسمانەی چەم هۆر ئاوەردەوە ؟

شاخەو شریخەی لاسامەو تۆفە
خالق سا ڕەحمێ دیسان ئۆف ئۆفە

شاخەو شریخەی لاسامەی بارە
بەرق و بزیسکەی شۆڵەی شەرارە

کای دڵم نەبەین گێجی فەنادا
مۆلەقەن نە بەین خەوف و ڕەجادا[1]

داخۆم هەم وەغەم قامەت هیلال بۆ ؟
یا نەغمەی ناجەی دووریی جەلال بۆ

نەی تەشویش ناگاه قاسید جە لاوە
چون پەیکی نەسیم جە سوب سەلاوە

خەرامیاو ئاما نە سەردا مەس مەس
نامەی وەش مەزمون تۆم سپەرد وەدەس
چون ئاوات وازان خەیاڵی بۆسیام
تەنخوای بینایی وە چەمان نیام

نامەی سەد شکەن شکیابی وە هەم
خامە دوی سیاش سەرماما نەدەم

دەوات دەرونش نە تەلاتوم‌دا
لیقەوێش کێشان وەلیتەی خوم دا

مەعلوم بی هەردوو دەلالەت مەکەرد
ئید جە خەستەگیت ، ئەو جە ئاهی سەرد

---

١ - ئەم بەیتە تێهەڵکێش کراوی مەولەوییە کای‌دڵم نە گێج مەوج فەنادا
مۆلەقەن نە بەین خەوف و ڕەجادا .(ل ٢۶)

زانام گشت داغدار داخی دەردی تۆن
من هەم بەرگ سیای ئاهی سەردی تۆن

مەزمونش تەمام وەفام ئاوەردم
زامیۆتەر خەتەر گران کەرد دەردم

جەبێ تاویی وێت هاوارت کەردەن
فەریادت وەلای (صەرعی) ئاوەردەن

دەک بێ بەڵا بای هێمای نەیاوای
کێشای باری خەم یاران نەتاوای

پەلە پەل وەلای من هانات کەردەن
هاڵا مەیمەنەت دووریت نەوەردەن

وەشڵەم وەی تاقەت ، وەی گشت دەردەوە
وەی گشت هیجرانان ئاهی سەردەوە

پەی وێم نیشتە بیم خەمبارو خجڵ
دڵ وە دەردەوە ، دەس وەبانی دڵ

براکەم چە بکەم ، کام دەرد دەوا کەم ؟
مەرخاکی سەروێم وەسەر تۆدا کەم

ئەر کەچەڵ مەبی وە تەبیبی دەرد
چارە وەئەحواڵ سەری وێش مەکەرد

ئینە گرد کردار چەرخی چەپگەردەن
سەدچون من و تۆی وەی دەردە بەردەن

ئەردەردانی وێم گرد هۆرشماروون
تا وەڕۆی ئاخر ئاخر نەداروون

بەڵام دەردی تۆ جە گردین بەتر
جە گۆشەی نامە یاوان وەخاتر

یانی شەو نەورۆز خۆر بیەن وە شەم
گرٍیان وگریان تاوەسوبحدەم

ئەر مەلەک بیا نە ئەوجی فەڵەک
مەشیا بوەستاش نەگێجی کەڵەک

تەن دەر وەقەزا هیچ مەبەر دڵگیر
الحکم‌لله هەرچی بۆ تەقدیر

٢ ـ شیعری (٨) بیتی (خنٍ)

خەیلێوەن خەریک زاکەی زەحمەتم
بەڵکو وەڕابۆ بەرشۆ عوسرەتم

فەڵەک وەبەختم مەگەس مکیانۆ
وەڕاکەی ڕەحمەت هەم دیس مڕیانۆ

ئەمە وەرگێڕانی چوارینێکی (انوری) شاعیری فارسەکە ئەڵێ :

اگر انوری خواهد از روزگار
که یک لحظه بی زای زحمت زید

مگس را پدید آورد روزگار
که تا برسر رای رحمت رید [1]

واتە : ئەگەر (ئەنوەری) لە ڕۆژگاری بوێ کە تاوێ بێ (زا)ی زەحمەت بژی ، ئەوا ڕۆژگار مەگەزێ دێنێ تا پیسایی بکات بە سەر (ڕا)ی ڕەحمەتدا.

٣ ـ شیعری (١٠) پیتی (خێ) .

خاک وەدەس زۆر زنجیرم کەردەن
یاد هەمڕازان جە یادم بەردەن

هاو قەد خاک و سەنگ وەجەسەم بارەن
نەڕاگەی جواب ، نە جای گوفتارەن

ئەمەش شیعری مەولەوی نیە . بەڵکو دوو بەیتی شیعری (گڵکۆی تازەی لەیـل)ی کۆماسی یەو بە کەمێ دەست کارییەوە پەڕیوەتە ئەم دیوانە . کۆماسی ئەڵێ :

---

١ بڕوانە دیوانی انوری جلد ٢ ل ٦۴٦ محمد تقی مدرس رضوی

خانی خاک بەو تەور مەحبوسم کەردەن
نازدارانی وێم جە یادم بەردەن

ڕای جەواب نیەن ، دڵ بێقەرارەن
فرە سەنگ و خاک وە جەستەم بارەن

١ ـ شیعری (٣) پیتی (دال) .

بەیتی یەکەم :

دڵە ڕاگەکەت خەیلێ تاریکەن
پردەکە سەختەن ، خەیلێ باریکەن

لە نوسخەی (شەهاب) ، (شەوکەت یاریان) ، (باینچو) ، (دۆڵاوی) ، (سیروس)دا لە باتی (خەیلێ)ی دووەم نوسراوە (یەکجار) کە ئەمە دروست ترە . چونکە دووبارە کردنەوەی (خەیلێ) مەولەویانە نیە .

بەیتی دووەم :

سارای هیدایەت تاریک مەوینوون
ڕای نەجات یەکجار باریک مەوینوون.

ئەمبەیتە لە شیعری (٦)ی پیتی (واو)دا دووبارە کراوەتەوە و بۆتە بەیتی (٣) .

٢ ـ شیعری (٦) پیتی (دال) .

بەیتی یانزەهەم :

شنۆش نەی دەمدا ، نەی دڵەی تەنگ دا
ڕیشەی ویرغەیر بدۆ وەهەمدا.

لەم بەیتەدا (تەنگ) و (هەم) نابنە قافیە . لە نوسخەی (دۆڵاوی)دا لە باتی (تەنگ دا) نوسراوە (تەمدا) کە هەم قافیە کە دروست ئەکات ، هەم مۆسیقایەکیش لە نێوان وشەگەلی (دەم ، تەم ، هەم) دا دروست ئەبێ کە ئەمە مەولەویانەیە .

۳ ـ شیعری (۷) پیتی (دال) .

بەیتی پێنجەم :

وەس وە تەمای وەسڵ مەزاقت شاد بۆ
ژارمار دەرد دووریت وەیاد بۆ.

لە نوسخەی (شەهاب) و (دۆڵاوی)دا لە باتی (تەمای) نوسراوە (تام) کە ئەمە دروستە ، جگە لەوەی ماناکە جوانتر ئەکات ، تەناسوبیش لە نێوان (تام) و (مەزاق)دا دروست ئەبێ .

۴ ـ شیعری (۱۰) پیتی (دال) .

لە نوسخەی (شەهاب)دا موناسەبەتی ئەم شیعرە وا دیاری کراوە .

(جواب کاغذ پریزاد خانم است کە التماس دعا کردە . پریزاد خانم دختر محمد پادشاه جاف است).

واتە : وەڵامی نامەی پەریزاد خانمە کە داوای دوعای کردووە . پەریزاد خانم کچی محەممەد پاشای جافە).

وە لە تەنیشت بەیتی نۆهەمدا :

سەفات خەجاڵەت دان وەجام جەم
دیدەی بەد مەر عەکس وێش بدیۆ وە چەم

نوسراوە (مثل جانوری کە در جام سکندر بوجود آمد و عکس خود را دید و مرد) .

واتە : وەکو جانەوەرێ کە کەوتە سەر ئاوێنەکەی ئەسکەندەرو وێنەی خۆی بینی و مرد.

وه لە خواریشیەوە ئەم بەیتەی حافظ نوسراوە :

مردم دیده ز لطف رخ اودر رخ او
عکس خود دید گمان برد که مشکین خالیست .

٥ ـ شیعری (١٧) پیتی (دال) .

بە پێی نوسخەی (میم) لە سەر ئەم شیعرە نوسراوە (معما باسم محمود) = مەتەڵ بە ناوی مەحمودەوە .

مەتەڵەکەش من بەم شێوە هەڵم هێناوە :

(محمود) بە حیسابی جومەل ئەکاتە (٩٨) .

لە بەیتی چوارەمداکە ئەڵێ :

لەت لەت جەرگم (عومان) عەینەین
پڕ کەردەن ، بڕیان بوخار (بەحرەین) .

(عمان) لەت بکەیت ئەبێتە (عم + ان) . (عم) ئەکاتە (١١٠) .

(بحرین) بوخارەکەی لابەی واتە پیتە نوختەدارەکانی کە (ب) و (ی) و (ن) ئەکات (حر) ی ئەمێنێتەوە ، ئەمیش ئەکاتە (٢٠٨) . ١١٠ – ٢٠٨ = ٩٨ . کە ژمارەی (محمود) ئەکات.

٦ ـ شیعری (٢١) پیتی (دال) .

بەیتی چوارەم :

یەند تۆز مەینەت جە دڵ جا کەردەن
بینایی خەیاڵ باڵاش گوم کەردەن

قافیەی ئەم بەیتە تەواو نیە . هەردوو (کەردەن) ڕەدیفن . (جا) لەگەڵ (گوم) نابنە قافیە ، دیارە ئەبێ (جا) ، (جەم) بێت . واتە : ئەوەندە تۆزی مەینەتی لە دڵداکۆ کردەوە .

جائەو کاتە بۆ ڕەساتر بوونی قافیەکە ئەبێ (گوم) بە شێوە جافیەکەی بنوسرێ ، کە ئەبێتە (گم) . ٧ ـ شیعری (٢٤) پیتی (دال) .

بەیتی دووەم و سێیەمی ئەم شیعرە چوارینەیەکی سەر بە خۆن لە لاپەڕە (٤٧٩)دا .

بەیتی یەکەمی ئەمێنێتەوە بە شێوەی تاک بەیتێکی سەربەخۆ . وەهیچ پەیوەندی یەک لە نێوان ئەم بەیتەودوو بەیتی پاشەوەی دا نیە . بەیتی یەکەم قسەکردنە لەگەڵ کەسێک ، بەڵام دوو بەیتی دوایی یادی ڕابردوو هاوڕێکانی ئەکاتەوە .

٨ ـ تاک بەیتی (٣٠) پیتی (دال) .

ئەم بەیتە مەولەوی لە (العقیده المرضیه ـ مبحث الایمان بالقدر خیره وشره) هێناویەتی کە لەوێ باش جێی گرتوەو پێویستە لەم دیوانە دەربهاوێژرێ . لەوێ بەم شێوە هاتوە :

دەفتەری عیلم ولەوحت لەبەربوو

غەمت هەرجەهلی ساحیب دەفتەر بوو

١ ـ شیعری (١) پیتی (زال) .

بەیتی دووەم :

یەقینەن سەرخێڵ نازک نەمامان

نەکەردەن هەوای هەوارگەی دامان

لە نوسخەی (شەهاب) دا لە باتی (نەمامان) نوسراوە (ئەندامان) کە قافیەو مۆسیقای شیعرەکە جوانتر ئەکات و هیچ لەواتاکەش ناگۆڕێ .

وە بە پێی هەمان نوسخە لەنێوان بەیتی (١٢) و (١٣) دا ئەم بەیتە هەیە .

تاقەت بی وەهوون جە سەختیی زامان

تک تک چەنی هەرس ڕێزا وەدامان

بەیتی پانزەهەم :

جە تەنخوای نەی بەزم خەم وەیلانەوە
هۆردەر ئەی چەند فەرد وە دیلانەوە

میسرەعی یەکەم هەجایەکی زیادە ، ئەگەر (جە) لابرێ هیچ لە ماناکە ناگۆڕێ و کێشەکەش ڕاست ئەبێتەوە . وە لە نوسخەی (شەوکەت یاریان) دا لە بەرامبەر ئەم شیعرەدا شیعرێکی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی بڵاوکراوەتەوە کە لە سەری نوسراوە . (حضرت شیخ عبدالرحمن در جنگ معدومی) . ئەمەش شیعرەکەیە .

دیسان سەرکاوان جەنەو کەردەن تەم
خەیمەی گوڵاڵان مەڕێزۆ وەهەم

شنۆی بای پایز وەیشوم ستێزا
وەڵگی درەختان بێ وادە ڕێزا

بی وەگەردەلول کەللەی کڵاوان
ماتەم بی صەدای هاژەی وەفراوان

گەرمییش کەم کەردەن ، سەردیی سەرهۆردان
وەگەرمی ی مۆبەت شای گەردەن زەردان

سەوزیی چەمەنان تەبدیل بوو وەزەرد
خەزان جە بەرزان ڕێزا هەرداو هەرد

کۆچ کەرد سیامالْ، چۆڵ بی وەرزاخان
پەشێو بی زینەت شەوقی لەیلاخان

ڕەم ڕەم ئاهوان، گەل گەل کەلْڕەمان
مەیل کەردەن وەزێد خاکی گەرمیان

نەوهالاْن وێنەی غەزالانی بەڕ
گەرمەسێری خەیر هەم ئاوەرد وەفەڕ

دیدە مەسەکەی جەیران ئاساکە
ئاوات وازەکەی وەناز دِیاکە

هێمای چون ئێلاخ هانە پەرداخ دا
بای پایز نەدان بۆش وە دەماخدا

شەمالْ شۆهۆرگێر چون وێت کەیل ئاسا
تەم وزۆ ڕووی ڕەنگ هەرد دووجەیل ئاسا

تەم بدەر وەرووی تاشی زاخاندا
زەردیی ڕەنگ نەوەڵگ داری باخان دا

سەیلی چەم نەڕووی چەمەی شەتاوان
تا زانۆ وادەی نەوپایز ئامان

مەپەرسۆ وەرووی گەرمی ی مەیلەوە
چۆنەن قەیسەکەی وە دووجەیلەوە

واچە سەرتاپاش سوزانی نەوتەن
هەردەوهەردشەن ، ساتێ نەسرەوتەن

ئەوەند خەیاڵ تۆش هانە دەروونْدا
کەوتەن نەرووی ئێش دەردی مەجنوونْدا

جە زایفی ی وێش هەردەم مەدا پێچ
شنۆی بای خەزان وەنەش مەدا گێج

گێج مەوەرد مەوات وەدەم دەردەوە
وسۆزی تەئسیر ئی چەند فەردەوە

فیدات بام ئازیز شێوە شیرین ڕەنگ
چەم سیای بووم زەرد ، شەیدای شۆخ و شەنگ

١ ـ شیعری (١) پیتی (شین) .

مەولەوی هەندێ لەم قەسیدەیەی وەرگێڕاوەتە سەر زاراوەکەی خۆی ولە (العقیدە المرضیە)دا هێناویەتی . بڕوانە لاپەڕە (٥٧٣)ی العقیدە المرضیە . ئامادە کردنی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و خوالێخۆشبو مەلا فاتیحی کوڕی .

بەیتی سیانزە و چواردە :

یا کاغەز بریان ، یا مەڵا مەردەن
یا خۆ عارتەن دۆس وەیادکەردەن

غەمگین مەنیشە غەم بدەر وەباد
فەڵەک نمازۆ کەس وەخاتر شاد

ئەم دوو بەیتە هی بێسارانین و پێویستە ئاماژەیان پێ بکرێ . من دڵنیام مـەولەوی زانیویەتی کە شیعری بێسارانین بەڵام لە ئاستی ڕێزوگەورەیی شێخدا دەمی لێ نوقاندوە.

بەیتی (١٧) و (١٨) دووەم ، چون کەسێ گەدایی کێش بۆ
یاد تەوازوع خەسڵەت وێش بۆ

ئەربارۆنەدڵ تەوازوع کەردەن
هەرعادەت وێش وەجا ئاوەردەن

ناوەرۆکی ئەم دووبەیتە لەم بەیتەشیعرەفارسییە وەرگیراوە

تواضع زگردن فرازان نکواست
گداگر تواضع کندخوی اواست

٢ ـ شیعری (٦) بیتی (شین) .

بەبتی یەکەم :

شی ئەو سەفاو سەیر دیدەن یاران
لوا ئەو دووری و ئەو وەسڵ یاران

ئەم بەیتە قافیەی تەواو نیە . هەردوو (یاران) ڕەدیفن . (دیدەن) و (وەسڵ) یش نابنە قافیە . بە پێی نوسخەی (شەهاب) و (دۆڵاوی) لە باتی (یاران)ی یەکەم نوسراوە (جاران) کە ئەمە دروستە .

٣ ـ شیعری (٧) پیتی (شین) .

لە موناسەبەتی ئەم شیعرەدا نوسراوە : مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ (شێخی ضیاءالدین) نووسیوە لەوەرامی ئەوەداکە ئەو چەپکە یەک وەنەوشەی بۆ ناردبوو.

مەولەویش لە میسرەعی دووەمی بەیتی سێیەمی شیعرەکەدا ئەڵێ :

عەشقەکەی قەدیم تازە کەردەوە .

لەوە ئەچێ مەولەوی لە سەردەمی فەقێیەتیدا حەزی لە (وەنەوشە) ناوێ کردبێ ، ناردنی ئەم چەپکە وەنەوشە ئەوی بیر خستبێتەوە .

بەیتی شەشەم :

کەرۆ مەشق عەشق وێنەی مناڵان
گاسەیر کاوان ، گا بۆی گوڵاڵان

لە نوسخەی (باینچو) و (مەحزون) دا لە باتی (مناڵان) نوسراوە (مەڵاڵان) واتە غەمگین و دڵتەنگەکان . کە من ئەمەم بەلاوە دروستە .

بەیتی حەوتەم :

نەک چون من سەرعی سادار مەردە
لافاو دەردان دڵ وێران کەردە

لە نوسخەی (باینچو) و (دۆڵاوی) و (مەحزون) دا لە باتی (مەردە) نوسراوە (هەردە) واتە : نەک وەکو من پەرکەم داروشێتی هەردان ، کە لافاوی دەرد دڵی وێران کردووم.

ئەمەدروستە .

دوا بەیت :

کوورەی عەشق دڵ هەر یەند جۆش وەردەن
گوڵاڵەم چون وێم فەرامۆش کەردەن

لە نوسخەی (مەحزوون)دا لە باتی (گوڵاڵەم) نوسراوە (کەلامم) واتە قسەم .

لە نوسخەی (میم)دا نوسراوە (وەنەوشەم) کە وائەزانم ئەمە لە هەردووکیان دروست‌ترە . چونکە شیعرەکە بە موناسەبەتی چەپکی وەنەوشەوە وتراوە .

وە هەر لە نوسخەی (میم) دا شیعرەکە بەم بەیتە دوایی دێ :

دڵ وەمەودای تیر دووریت بیەن رێش
هەی خاکم وەسەر وەنەوشەم پەی چێش ؟

واتە : دڵ بە نوکی تیری دووریت بریندار بووە ، ئەی خاکم بە سەر وەنەوشەم بۆچی‌یە ؟

۴ ـ شیعری (۱۰) پیتی (شین) .

لە دوای بەیتی دووەمی ئەم شیعرە لە نوسخەی (شەهاب)دا دوو بەیتی‌تر هەیە و لە نوسخەی (دۆلاوی)شدالەگەڵ دوو بەیتەکەی لای (شەهاب)دا دوو بەیتی‌تریش هەیە ، بەم شێوە .

دانا وەئەسرار عیجزو نیازم
مەجلیس ئارای بەزم ، شای شەکەر رازم

دەلیلی وێڵی‌ی بیابانەکەم
قاسیدی پەیام دیدەو گیانەکەم

ئاوییارەکەی سەوزەی ئارەزووم
دانا وەگردین ڕازی کۆنەو نوم
تۆ وێنەی بولبول مەستی هەوای گوڵ
من چون بادە مەس چەنی سەودای دڵ

وەلەنوسخەی (دۆڵاوی)دا لە دوای بەیتی سێیەم ، ئەم بەیتە هەیە .

ئەنیسی مەجلیس عەیش و نیشاتم
دەسگیری ڕاگەی هات و نەهاتم .

لای (شەهاب)یش شیعرەکە سێ بەیتی تری لە دوای دوا بەیتەوە هەیە . بەم شێوە :

نیەن حەکیمێ دەوایێ کەرۆ
یا وەنەوایێ خەمان لابەرۆ

ئومێدم بە تۆن فەریاد ڕەسیم کەر
بۆ نەگێجی غەم باوەرم وەبەر

ئەرناری تەشریف ئینە ها مەردم
داخی باڵای تۆ وەگڵکۆ بەردم.

٥ ـ شیعری (١١) پیتی (شین) .

لە نوسخەی (شەوکەت یاریان) دا لەدوای بەیتی یەکەمەوە ئەم بەیتە هەیە :

لەیل زوکامشەن ئیدەن عیلاجش
چونکە وەهوونم نەستەن میزاجش

١ ـ شیعری (١) پیتی (صاد)

بەیتی یەکەم :

سەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەک
ئاخ هەر یەکجار داخ تۆ سەوزەن فەڵەک

لە نوسخەی (شەهاب) لەباتی (سەوزەن) نوسراوە (سووزەن) بە واتای سوتێنەر . هەرچەندە هەردووکیان لە ئیملای کۆندا بە یەک شێوە ئەنوسرێن ، بـەڵام (شـەهاب) سکونێکی لە سەردا ناوە بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە .

مامۆستا لە لێکدانەوەیدا نوسیویە (بەڵام فەلەک داخی تۆ یەکجار سەوزە). نازانم سەوز چۆن جێی ئەبێتەوە ؟ . (فەلەک داخی تۆ یەکجار سوتێنەرە) دروستە .

بەیتی پێنجەم :

مەعدووم ، ئەرزەرەی شێوەی فاماتەن
بە فام قەرینەی لواَت ئاماتەن

لە نوسخەی (وا) دا لە باتی (بەفام) نوسراوە (بزان) وە لە تەنیشتیا نوسراوە (یعنی بفهم کە آمدنت از عدم قرینۀ رفتنت بە عدم‌است) واتە بزانە کە هاتنت لە عـەدەمەوە بەڵگەی ڕۆشتن بۆ عەدەمتە .

٢ ـ شعری (٤) پیتی (صاد) .

بەیتی سێیەم :

بەڵام ، تاقەتێ ، های هەورە ئامان
هانە سەفەردا شای نەونەمامان

ئەم بەیتە هی بێسارانی‌یە و مەولەوی تێهەڵکێشی کردووە .

١ ـ شیعری (٥) پیتی (فێ) .

لە نوسخەی (باینچو)دا لە سەر ئەم شیعرە نوسراوە (درمرثیۀ ملامحمود) واتە : لە لاواندنەوەی مەلا مەحموددا. وە میسرەعی دووەمی دوابەیت هەر بە حسـابی جـومەل (١٢٥٨) ئەکات .

١ - شیعری (٣) پیتی (قاف)

بەیتی پێنجەم: راستش هەرئێدەن ئیزهارم کەردەن
قەسەم بەوکەسە نەزاونەمەرگەن

قافیەی ئەم بەیتە (کەردەن) و (مەرگەن) دروست نیە ، لەباتی (مـەرگەن) بـنوسرێ (مەردەن) ڕاستە . واتەسوێندم بەوکەسەی کەنەهیچی لێ ئەبێ ونە ئەشمرێ = خوا.

٢ ـ شیعری (٢) پیتی (کاف) .

دوا بەیت :

یا خەلیل ، دەخیل کێ عادەت کەردەن
تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن ؟

بیری ئەم بەیتە لە بەیتێکی مەولانا خالیدی نەقشبەندی وەرگیراوە کە ئەڵێ :

زاد راه بردن به درگاه کریمان ناسزاست
شادم ار رو بردرت بی زاد راه آوردەام

واتە : توێشە بردن بۆ بەردەرگای کەریمان نارەوایە ، من شادم کە بە بـێ تـوێشە ڕووم کردۆتە دەرگانەکەت.ئەگەر (تەواردی خەواطر) نەبێ مەولاناش بیرەکەی لە مەلای جزیری وەرگرتوە کە ئەڵێ:

گۆسوختەمورادا خوە ژ من تەلەب کە ئیرۆ
من گۆژکەریم تەلەب و داخواز چ حاجەت

٣ ـ شیعری (٤) پیتی (کاف) .

دوابەیت :

ئەر رەقیب چون خەس نەیۆ وەدیدەم
پێم وەشەن گێجاو دەریای خەم .

وەزنی میسرەعی دووەمی شکاوە . بەم شێوە ڕاست ئەبێتەوە :

پێم وەشەن گێجاو دەریای خومی خەم .

١ ـ شیعری (٢) پیتی (گاف) .

بەیتی چوارەم :

فەلەک کەی بەرشوون بێ خەم نەدەستت
چێشم کەرد ، کەی بیم وەباوەکوشتت

لە نوسخەی (دۆڵاوی)دا لە باتی (بەرشوون بێ خەم نەدەستت) نوسراوە (پەنجەم بەرشۆ جەموشتت) کە ئەمە جوانترە وقافیەکەش ڕەساتر ئەکات .

٢ ـ چوارینەی (٥) پیتی (گاف) .

دوبەیتی غەزەلێکی (٧) بەیتیی خاڵۆی کۆماسی‌یە بەم شێوە :

گەرمیی کوورەی مەیل قەیسی چۆڵ گەردەن
تەئسیر نەتۆی دڵ لەیلێ ئاوەردەن

بەڵ نەتاو رەقیب وە دەرد مەشهوورەن
وەرنە دەرد و لەیل هەی نە یەک دوورەن

بەڵام بێ زەحمەت نەی جیایی دا
گومانم کەفتەن وەتەنیایی دا

زرەی لەرزانەی دڵ ئاوەرد وەلەرز
کلاڵەی پێچ پێچ باڵا عەر عەر تەرز

قەهقەهەی شیشەی لەیل ستێزاوە
دیسان دود نەفەرق مەجلیس خێزاوە

لەب وەخەندەوە، چەم وەنیگاوە
وەختێ وەڕووی ناز دیا وەلاوە

قەزا وات وەبانگ بڵندی بێ حەد
غەزای یوم البدر العود (ئەحمەدِ) .

مەولەوی لە وەڵامیدا ئەو دوو بەیتەی وتوەکە جەنابی مامۆستا بە ناوی کاک ئەحمەدی پریسییەوە لە پەراویزدا دایناوە (١) وەکو بیستومە (مەلا فەتاحی کاگردەڵ) بیش هەر ئەم دوو بەیتەی بە شیعری مەولەوی داناوە . نەک ئەحمەد پریسی،

٣ ـ چوارینەی (٦) پیتی (گاف) .

بەیتی یەکەم :

گۆشەی سیماڵ هۆرداو دیاوە
چون مانگ نەگۆشەی هەورسیاوە

---

١ ـ بڕوانە پەراوێزی لاپەڕە (٣٦٨)ی دیوانەکە

ئەم بەیتە هی بێسارانی‌یەو مەولەوی بە بەیتێکی خۆی پێشوازی لێ کردووە .

١ ـ شیعری (١) پیتی (لام) .

بەیتی دووەم :

خەم ، خەفەت ، مەینەت ، هەناسان سەرد

هەرکام مەیۆ ، بۆ ، سەفاییش ئاوەرد

لە نوسخەی (شەهاب) ، (باینچو) ، (دۆڵاوی)دا لە باتی (هەناسان سەرد) نوسراوە (هەناسەی سەرد ، دەرد) کە ئەمە جوانترە ، چونکە (دەرد) ئەبێتە هاودەنگی واژەکانی‌تر (خەم ، خەفەت ، مەینەت ، هەناسەی سەرد) .

بەیتی چوارەم :

ناپەیدای تەوەن دوور بێ سەفەرەن

سەفەر بێ لەشکر ، لەشکر بێ سەرەن

لە باتی (تەوەن) ، (وەطەن) ، دروستە . واتە نیشتمانی (کە مەبەستی دنیایە) بە جێ هێشتوەو ڕێی سەفەری گرتۆتە بەر . بەم شێوە وا تاکە ڕەساترە .

بەیتی حەوتەم :

تا فەلەک مەودای نەی تۆ شاردەوە .

داوودی ڕەواج پەیدا کەردەوە .

(شاردەوە) و (کەردەوە) قافیەیەکی ڕەسانین ؛ لە نوسخەی (وا) و (دۆڵاوی)دا نوسراوە (شەردەوە) کە ئەمە هەمان مانا ئەدات و قافیەکەش جۆر ئەکات .

وە لەدوای بەیتی پانزە هەمەوە (شێویایانەی ... هتد) لە نوسخەی (شەهاب) ، (باینچو) ، (وا) ، (دۆڵاوی) دا ئەم دووبەیتە هەیە :

کۆرپەی ئەگریجان نازدارانی چین
فیروزە خاڵان ڕوی سەفحەی جەمین

ئەو پاچان وەپاچ مەودای دوو دەم تێخ
ئێد بە تێخی ساف بەر ئامان جە بێخ .

دوابەیت : ئەرئێمە مەحروم دینت بیم یەکسەر
تۆشادبی وەدین خوداو پەیغەمبەر

واژەی (شاد) لەم بەیتەدا بەحسابی جومەل ئەکاتە ۳۰۵ (قادر) یش هەمان ژمارەئەکات .

١ ـ شیعری (۳) پیتی (میم) .

بە پێی نوسخەی (باینچو) لە دوای بەیتی حەوتەمەوە (ئاخر پەی ئەغیار .. هتد) ئەم دوو بەیتە هەیە :

جەفای فراوان من بەردم یا ئەو ؟
ناڵەی بێ سامان من کەردم یا ئەو ؟

من جەرگم پەرێت لەت لەت بی یا ئەو ؟
من هوون نە دیدەم چون شەت بی یا ئەو ؟

وەهەروەها بە پێی هەمان نوسخە لە دوای دوابەیتەوە ئەم بەیتانە هەیەو شیعرەکەی پێ تەواو ئەبێ .

گۆیا جەلای وێت ئینە خاست کەرد
جیاییت چەنی من وەبەین ئاوەرد

هەی پەی وێت نەبۆ شۆخی دیدە مەست
یاریۆ تەر وێنەی من بگنۆت وەدەست

بکێشۆ نەڕای جەورو جەفای تۆ
بزانۆ وەحاڵ غەمزەی ئیمای تۆ

ساچونکە وەی تەور قیبلەم پێم کەردی
وەفای عەهدو شەرت وەسەر نەبەردی

مەسپارووت وە دەس بێ وەفایی وێت
تۆیچ سەرگەردانیی من بەیۆ نەڕێت.

میسرەعی یەکەمی بەیتی پێنجەم: باعیسی گەرمیی بازارت من بیم
لەشاعیری فارس (وەحشی بافقی) وەرگیراوە کەئەڵێ باعثِ گرمی بازارش من بودم
١ ـ شیعری (١) پیتی (نون).
بەیتی دوانزەهەم:

من دڵم وەتیر تۆ ئێشا، یا ئەو
من جەفاو مەینەت تۆ کێشام، یا ئەو

قافیەی ئەم بەیتە تەواو نیە. هەردوو (یا ئەو) ڕەدیفن. (ئێشا) و (کێشام) نابنە قافیە. لە نوسخەی (شەهاب) و (میراث)دا بۆتە (ئێشان، کێشان) کە ئەمە دروستە و ماناش لە جێگەی خۆیدایەتی.

بەیتی هەژدەهەم:

ناوەش پێ حەرام، وەش حەرامەوێم
شادی پێ نوقسان، غەم تەمامە وێم

لە نوسخەی (شەهاب) ، (مەحزون) ، (میراث)دا لە باتی (ناوەش پێ حەرام) نوسراوە: ناوەش پێ حەڵاڵ.

واتە: ناخۆشیم پێ حەڵاڵ بێ و خۆشیم لێ حەرام بێ.

جەنابی مامۆستا کە (حەرام)ی داناوە، لە لێکدانەوەکەدا نوسیویە: شتی ناخۆشم بۆ حەڵاڵە.

٢ ـ شیعری (٣) پیتی (نون).

لە نوسخەی (میم) ، (شەهاب) ، (دۆڵاوی)دا لە نێوان بەیتی سێیەم و چوارەمدا ئەم بەیتە هەیە:

زیڵەی زایەڵەی زرنگەی لولەی هەی
کەوانەی دانەی زنگڵەی لەرەی بەی.

لە نوسخەی (دۆڵاوی) ، (میراث)دا دوای بەیتی حەوتەم (سەمای دەسماڵان ... هتد) ئەم بەیتە هەیە:

ئیشارەی دیدەی نیگای پڕ هەیبەت
دەنگ دەنگ سا دەور دەر تاوادەی فرسەت

لە نوسخەی (میراث)دا بە دوایدا ئەم بەیتە دێ.

بەو گرد چاوەچاو دۆست شناسەوە
بەو لیباسی عەیش مودبیرماسەوە

لە نوسخەی (شەهاب) و (دۆڵاوی)دا لە دوای بەیتی نۆیەم (لارەی قەنارەی .. هتد)

ئەم بەیتە هەیە :

چفەی بێ وادەی نازەنین نازان
بن دەسێو دادەنگ بازان یا نازان

لە نوسخەی (میم) و (دۆلاوی)دا بەیتی سیانزەهەم

خەمیاو چەمیای ناز نیمچە کناچان
دەنگ هەی شاباش نەوجوان واچان

بەم شێوە نوسراوە :

چەقەی چەقانەی ڕاست و چەپ پاچان
چەمیای چەم و خەم نیمچە کناچان

وەبە دوایدا ئەم بەیتە هەیە :

لەرزەی باڵای تووڵ ، لەرەی لیمۆ ڕەنگ
خڕەی دوگمەی سیم پانە گوڵەنگ چەنگ

ئەحمەد بەگی کۆماسی لەوەڵامی ئەم شیعرەدا نوسیویە :

شابازەکەی ئەوج بورجەکەی (بانە)
شاهینەکەی هەرد (ئەربەبا) لانە

موبارەکت بۆ بەزمی شادی و شەوق
عیشوەو گریشمەو عەیش و کەیف و زەوق

تو خوا تەنخوای من خاس تەماشا کەر
بەوسیم ئەنداماں باڵا نەی عەر عەر

ئیماو ئیشارەی نیگاو غەمزەی شەرم
نمانای باڵای ئامۆشۆی وەگەرم

لەرزەی باڵای نەی ، لەرەی دانەی بەی
تکەی قەترەی خوەی ، نۆشای جامی مەی

دیای نیهانی وەنیم نیگای چەم
شۆڵەو ورشەی شەوق ڕوخسارەی چون شەم

شنۆی بای دەسماڵ ، دەورەی سەمای خاس
سۆزی کەمانچەو چریکەی ڕەقاس

ناڵەی کەرەناو نەغمەی خۆشخوانان
سەدای (لاوهەی لاو) نەورەس جەوانان

زرەی بازوبەند ، خرەی خرخاڵان
فرەی چین شەرواڵ نازک نەوهاڵان

لەنجەو لارەی خاس نیمچە کناچان
ئاماو لوای گەرم ڕاس و چەپ پاچان

کزەی سازی تار ، سۆزی سەدای نەی
چزەی قرچەی جەرگ ، چۆقەی دڵەی پەی

هەرپەی تۆ خاسەن سەیری مەهروان
پەرێ من دەرد و داخ و ڕۆ ڕوان

تۆ سەیر بەزم شیرین نەوهاڵان
پەی من تاسەی سەرد چەنی بەدحاڵان

بارێ جەو بەزمە باوەرم وەیاد
شادیت تا سەر بۆ ، غەمت شۆ وەباد

ئەم شیعرە کاک محەممەد عەلی قەرەداغی لە کەشکۆڵی کەلەپوری بەرگی (١) لاپەڕە (٧١١)دا بە ناوی مەلا وەلەوخانی گۆرانەوە بڵاوی کردۆتەوە . بەڵام شیعرەکە هی کۆماسیە. بەندە لە کۆکردنەوەی دیوانی کۆماسیدا ئەمەم بۆ دەرکەوت . پاشان بە پێی ناوبردنی (بانە) دیارە ئەو دەمانە بووە کە مەولەوی بە فەقێیەتی ماوەیەک لەوێ گیرساوەتەوە.

هەرچی مەلا وەلەوخانیشە لە ساڵی (١٢٢٧)دا کۆچی دوایی کردووە کە مەولەوی لە ساڵی (١٢٢١)دا لە دایکبوە. ئەم دوو مێژووە بە یەک ناخۆن ؟ کاکە .

وە شایانی باسە مەولەوی هەر ئەم قەسیدەیەشی ناردووە بۆ (مەلا ڕەسوڵی) خاڵۆی کە نازناوی شیعری (فانی) بووەو ئەویش ئەم شیعرەی لە سەرداناوە. ئـەمە بـە پـێی نوسخەی (شەهاب) ، (شەوکەت یاریان)

نامەی مەرگ ئارات یەک ڕۆ دیم وە چەم
مەنسوباتی تەن سوچنا وە هەم

مەطلەب نە ئەو شەو شەوق و شادیی بی
مەستی بادەنۆش دنیای بادیی بی

ترنگەی تیتەی گۆش ، زرنگەی زیلەی زەڕ
لەرزەی نەونەمام ، لەرەی لیمۆی تەڕ

چیقەی چەقانەی ڕاست و چەپ پاچان
چەمیای چەم و خەم نیمچە کناچان

چفە کردن کچ مەرگ من چێش واچ
خاین خەفە کەر ، نەزان جگەر پاچ

ڕەقس ڕەوان بەر ، ڕەمەی پەنجەی ڕەم
ناری دڵ خێزەن وەنیم نیگای هەم

شاخەی شۆخ خشڵ سەر سینەی سیم وەنگ
فڕەی فۆتەی شۆڕ ، پاژنەو گوڵەنگ جەنگ

سەودای سەروەرخێز ڕوی سیمین سنجاخ
عەتری گوڵ مێخەک ، بەر موورەو چەناخ

دەنگی دیلانە ، دڵ نە دڵ دیلان
مەستی چەم وە خەم ، فتوای دەلیلان

ئیشارەی ئەبرۆی کەشیدەی مۆبەت
دەنگ دەنگ دەدا سەور تا وادەی فرسەت

قواقوی شاباش توحفەی دڵپەسەند
زەڕئەفشان وەسەر تورکی دۆسی ڕەند

پەخش تاوس پەڕ، مەی وە شەونم تەڕ
شۆڵەی شێوەی شەم، شەوقی کڵاوزەڕ

وشارای پەنجەی ڕازی و نارازیی
تاقی نومای دۆس وەفتوای قازیی

لارەولەنجەی بەژن نازەنین نازان
چون کوورەی گەرم گڕەی گیانبازان

خرنگەی خرخاڵان، خەمیای خاڵ خاسان
یەک شەو نەفورقان دڵ پەی هەراسان

دوودی سەردوکەم دۆزەخ دەروونان
زەمزەمەی شادان، سۆزی زەبوونان

نەی نەزم بەزم شادیی جاهێلان
هەی نەی شەوق پڕ زەوق کەمەندو پێلان

ئەی گرد چاوەچاو دۆس شناسەوە
وەی لیباسی عەیش مودبیر ماسەوە

ئاوات بەو یاوەر شاد بۆ بە یاوەر
مەبریۆش ئاوات نە ئاوات دڵبەر

خوێشان ، عەزیزان ، دڵسۆزان ، یاران
سایەبان وە سەنگ سیام هۆرداران

یە گشت جە شوومی ی بەد ئیقباڵی یەن
هەر کۆ فرسەتەن جاگەم خاڵی یەن

قابیز گیرۆدەی دامی ئەجەڵ بای
نە کەندەی گیانان نە مەرگ غافڵ بای

مەردەنیم فەرزەن بێن بکەن قەستم
گردین جە غەم ڕەس ، من جەی نەڕەستم

بدیە هەر شورێ سەودا نە دڵ بۆ
بە مەقسوودی وێش موراد حاسڵ بۆ

سەوای من فێشتەر سەودام باتڵەن
نە هەرکۆ ئاو بۆ ناپەیدا گوڵەن

دیدەم سەرگرۆی شیرین ئەنداممان
پەی تۆ نە جابۆ پەی (فانی) ئامان .

وە لە کۆکردنەوەی شیعرەکانی مەلا محەممەد سالحی فخرالعـلمادا ئـەم شـیعرەم دەست کەوتوەکە لە سەری.نوسراوە (من کلام شیخ محمد ولدشیخ امام الدین متخلص بحیران در ردیف بهاریات معدوم)

مەبەست ئەوەیە لە ڕیزی ئەم شیعرە بە هـاریەی مـەولەویدا نـوسیویە ، ئـەمەش شیعرەکەیە لێرەدا بڵاوی ئەکەمەوکە بۆلێکۆڵینەوەی ئەدەبی سوودی لێ وەرئەگیرێ .

هانا های ڕەفیق زڕیا نە گۆشم
دەنگێ جاگیر بی نە کەللەی هۆشم

زاهیر زەمزەمەی ڕای زەواری یەن
زایەڵەی قەتار ئیشتیهاری یەن

هەی تیجارباشی خەیر بۆ ئامانت
خاس خاس مەلوولم دەسم دامانت

نەڕاگەی ئیحسان حسەینی مەزڵوم
تو سەرمایەی عیشق ئیمامی مەعسوم

بووشە ساکن بۆ ساتێ قەتارت
وازکەن قوفڵی میشک دیياری بارت

تەنوورەی گەرما وەدڵ خرۆشیان
سەرچەشمەی سیروان هەرسم جۆشییان

سەرزەمین جە ئاو تۆفانم ماتەن
خەوفێ کەر ڕاگەت هات و نەهاتەن

بازە باکوورەی سینەم گێرۆ تاو
بەیۆ وەئاخەر ، وەش کا وەهووناو

بنیشۆ نەجۆش بەحری دیدەی تەڕ
سارای ژاوەرۆت یەکسەر بۆ وەبەڕ

ئینجا وە موژەی سوزەن مەودای من
وەتای بەندی کرژ ئاهی سیای من

بەعەزمی گرۆی ئەهلی یارانت
بورازانەوە تاتای (بار) انت

ڕەگی جۆش وەردەی جەستەم باوەران
ڕەسن بە هوونان باران بارکەران

کوژەکەی پێشەی ئەعزای زەبوونم
کڵانەی عوقدەی داخی دەروونم

بەران بەی کۆپان سەرقەتارەکەت
باوەش گوزەرکا کاروان بارەکەت

وەئەڕەی ڕێزەی پەراسوی خەستە
سەردەستەی قەتار وزان وەدەستە

وەچریکەی ساز نەغمەی یاعەلی
دڵ بەستەی هیمەت ئەمیری وەلی

وەشەوقی (صەفەر) وەسەد سۆزی مەیل
ڕای سەفەر تەی کەن تاوەشاری لەیل

بدیە هەر قەسرێ جەو شارە تاکەن
گوڵناری ڕەنگەن ، خاکش نەمناکەن

نەپاش هەر تەرەف لافاوەن ، سەیلەن
بزانە مەعلوم مەنزڵگای لەیلەن

بەو نارە باران وەقەتارەوە
بگێڕە مەنزڵ وەکەنارەوە

ساجێت مەپرسۆ شای سەرتیجاران
کوون سەرقافڵەکەی گرۆی خەمباران ؟

واچە هیجرانت زۆر ئاوەردەبی
دوکانچەی هەستیش تالاّن کەردەبی

یەک پارچەگیانێ جەلاش مەندەبی
ناچار بی وەدڵ تەماش کەندەبی

مەگێلا وەناو کوچەی شارەدا
(هەی گیان)ش مەکەرد جە بازاڕەدا

زارزار بازاڕش مەدا وەپاوە
تا موشتەریی مەرگ ئاما جەلاوە

مەتای نارەواش دەرلاد نمانا
وەهەرزان پێش‌دا ، غەنیمەت زانا

وەدەستی خاڵی تۆبای سڵامەت
ڕووش کەرد وەبازاڕ سارای قیامەت

(لەژێر ئەم شیعرەدا نوسراوە: تمت شد از ۲۵ شهر صفرالمظفر در سنه ۱۲۷۲).

۳ ـ شیعری (۵) پیتی (نون) .

بەیتی پێنجەم:

گا وەسەر ڕەفەی زەڕین تاقەوە
گا وەدەس ساقیی سیمین ساقەوە

لەم بەیتەدا عیبارەتی (ساقیی سیمین ساق) مەولەوی لە سعدی شیرازی وەرگرتوە کە ئەڵێ :

رشتۀ تسبیح اگر بگسست معذورم بدار
دستم اندر دامن ساقی سیمین ساق بود

۴ ـ شیعری (۶) پیتی (نون) .

بە پێی نوسخەی (دۆڵاوی) لە دوای بەیتی ێوهەمەوە (ئەلوەدای تەئریخ ... هتد) ئەم دوو بەیتە هەیە :

دائیرەی هەوەس بادەی حەقیقی
بداش وەخاتر جیلوەی تەحقیقی

تەنخوای وەجهی مەی مەیخانەی باقیی
ئەی دانە مەدا شاواش وەساقیی .

بەیتی پانزەهەم :

تافوارەی وشک لوولەی پێشەی ڕێش
هەر یەک پرشەی زووخ هۆرشانۆ پەی وێش

وائەزانم لە باتی (وشک) (ئەشک) دروستە .

۵ ـ شیعری (۹) پیتی (نون) .

دوا بەیت :

کەوسەوزەی ئێمەیچ نەکام هەردێ بۆ ؟
وەفەرش مەجلیس کام هام فەردێ بۆ ؟

ئەم بەیتە وەرگێرانی بەیتێکی خەیامەو تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کـردووە کـە ئەڵێ:

این سبزه که امروز تماشاگه ماست
تا سبزهٔ خاک ما تماشاگه کیست ؟

واتە :

ئەم سەوزەڵانەی کە ئەمڕۆ جێگەی سەیرانی ئێمەیە ، ئاخۆ سەوزەی خاکی ئێمە سەیرانگای کێ ئەبێ ؟

٦ ـ شیعری (١٢) پیتی (نون) .

بەیتی شەشەم :

وەیشوومەی مەینەت تەم ئەنگێزاوە
وەڵگەکەی شادی سەرتەڵ ڕێزاوە

لە نوسخەی (دۆڵاوی) ، (سیروس) ، (میراث) دا نوسراوە :

وەڵگەکەی سەرتەڵ شادیم ڕێزاوە .

ئەمەیان دروستە و مامۆستایش لە لێکدانەوەیدا نوسیویە :

(بای سەختی مەینەت تەمی هەڵکردو گەڵای سەرچڵی خۆشیم داوەری) لە شێوەی ئەمەدا لە بەیتی سێیەمی شیعری (١٩)ی پیتی (ن)دا ئەڵێ :

دیت شنۆی غیرەت دیدەکەم خێزا
وەڵگەکەی سەرشاخ زیندەگیم ڕێزا

٧ ـ شیعری (١٣) پیتی (نون).

بەیتی پێنجەم:

بەڵام جە دووریت شای ساحیب شەرتان
دود دڵ وەچەرخ هەفتەمین یاوان

قافیەی ئـەم بـەیتە رەسـانیە . لە نـوسخەی (شـەهاب) و (دۆڵاوی)دا لە بـاتی (صاحیب شەرتان) نوسراوە (چەم سیاوان). کە (سیاوان) و (یاوان) قافیەیەکی گونجاون .

وە لە نوسخەی شەهابدا لە دوای ئەم بەیتەوە ئەم بەیتە هەیە :

خەیاڵ شادیی ڕۆی بەزم ڕەمەزان
بوومی ڕوخسارم کەردەن وەخەزان.

٨ ـ شیعری (١٩) پیتی (نون).

لە نوسخەی (شەهاب) دا شیعرەکە بەم بەیتە دوایی دێ .

هەر یەند دڵ لەب ڕێز خەیاڵی خاڵەن
جە خەیاڵی خاڵ ماچیی خاڵخاڵەن

١ ـ شیعری (٢) پیتی (واو).

دوا بەیت :

های غەفڵەت تاکەی هام سەفەر ویەرد
بێدار بەر جەخاو کاروان ویەرد

ئەم بەیتە وەزن و قافیەی تەواو نیە . هـەردوو (ویـەرد) ڕەدیـفن . (سـەفەر) و (کاروان)یش نابنە قافیە .

وائەزانم بکرێ بە (کاروان کەردەن ڕەد) دروست ئەبێ ... ؟

۲ ـ شیعری (۳) پیتی (واو) .

بەیتی چوارەم:

های وەفەرق دین زامداران تاج دای
شەریعەت مەیل لەیلێ ڕەواج دای

لەم بەیتەدا هێنانی واژەی (دین) و (تاج) ئاماژەیشە بۆ ناوی (تـاج الدیـن) کـە شیعرەکەی بۆ نوسراوە . مەولەوی ئەم هونەرەی لە هەندێ شیعریدا بەکار هێناوە .

بەیتی حەوتەم:

بەڵێ چون لەزەت تیر نازاران
نام نەدان ئەو دڵ بازیت شوماران

لە نوسحەکانی لای ئێمەدا لە باتی (نام) نوسراوە (تام) کە ئەمە دروستە ، مامۆستاش بە تام مانای لێکداوەتەوە دیار هەڵەی چاپە .

۳ ـ شیعری (۸) پیتی (واو) .

لە نوسخەی (شەهاب)دا لە سەر ئەم شـیعرە نـوسراوە (صـرعی در ردیـف) . لە نوسخەی (باینچو)ش دا لە سەری نوسراوە (لاادری) . واتە : نازانم

۴ ـ چوارینەی (۱۵) پیتی (واو) .

لە نوسخەی (باینچو)دا لە تەنیشت ئەم شیعرەوە نوسراوە (بلبل در ردیف) و ئەم دوو بەیتەی نوسیوە :

ئەردەستەی ئایر وەردای جە گیانم
ئازیز ئامانەن سەبەب جە چێشەن

دڵ هابی وەگەرد شەماڵ بەردپەی هەرد
ڕێزەی مەیلی تۆ هێمای هەرتێشەن.

١ ـ شیعری (٢) پیتی (هێ).

بەیتی دووەم:

وەهار هەوای بەرد جە سەرزەمین بەرد
تۆمەی گوڵاڵان وەچێو بەراوەرد

لە نوسخەی (باینچو)، (شەهاب)، (دۆڵاوی)، (سیروس) لە باتی (وەچێو بەراوەرد). نوسراوە: (وەجۆی دەردئاوەرد). واتە تووی گوڵاڵەکانی خستە ناو جۆگەلەی دەردەوە. ئەمە جوانترە.

بەیتی یانزەهەم:

سوب نەجاسووسگەی ملان سەرهەردان
چون سۆمای خورشید شۆڵەکەرد هەرزان

لە نوسخەی (شەهاب)، (باینچو)، (سیروس)دا لە باتی (سەرهەردان) نوسراوە (سەربەرزان) کە ئەمە جوانترە چونکە قافیەی (بەرزان) و (هەرزان) ڕەساترە.

بەیتی دوانزەهەم:

مشانای وەپێڵ لوولەی دوورمەنزڵ
مووسەوی سەرتەڵ کارخانەی مووسڵ

لە نوسخەی (شەهاب)، (باینچو)، (دۆڵاوی)، (سیروس) لە باتی (لوولەی) نوسراوە (لوطی) وە لە نوسخەی (شەهاب)دا بە تەنیشتیەوە نوسراوە (کنایه از تفنگ).

بەیتی هەژدەهەم :

تۆ کەڵ گەل ، گەل گەل وەچەم مەکەردی
پارێز وەپای ڕێز ئەستەم مەبەردی

ئەم بەیتە لە شیعری (پەی سەنەو ساڵم)ی خانای قوبادیدا بەم شێوە هەیە :

تۆ گەل گەل کەڵ گەل جە من ڕەم کەردی
پارێز پای ڕێز هەستی من بەردی

٢ ـ شیعری (٤) پیتی (هن) .

لە پەراوێزی ئەم شیعرەدا مامۆستا وای دیاری کردووە کە مەولەوی ئـەم شـیعرەی ناردووە بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی . بەڵام بەندە لەکۆکردنەوەی دیوانی کۆماسیدا بۆم دەرکەوت کەناردویەتی بۆ کۆماسی و ئەویش بە شیعری (هانا هـامسەران) وەڵامـی داوەتەوە . وابۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی شیعرەکەی کۆماسی لێرەدا بڵاو ئەکەمەوە .

هانا هامسەران نەمەندەن فامم
شیرین سەدایێ بەردەن ئارامم

چمان زیڵەی زەنگ پێش ئاهەنگ مەیۆ
چون دڵم ناڵەش وەسەد ڕەنگ مەیۆ

هانا قافڵەچی پێش باش تیجاران
ساڵ وەردەی دەوران ، گەریدەی شاران

سەیلی هەرسی من نیماو نیم وەهوون
سارای (مەریوان) کەردەن وە (جەیحوون)

بازەبای شەماڵ هەناسەی شەوان
جەو سوب سەحەردا بەیۆ وەدەوان

قافڵەت نەوینۆ ڕەنجی گۆلاوان
بێ خوف بۆ نەتاف قەڵوەزەی ئاوان

چون خەوفی مەینەت ڕات بەرشی نە سەر
بێدار بەر نەخەو وەختی سوب سەحەر

سوزەن کەر موژەی سۆراخ کەردەی ئاخ
ئاوگیر وەچەشمەی زوخاوانی داخ

وەبەندی ڕیشەی دڵەی دێوانە
کرژی لێ نەدەی جەفای زەمانە

پێشەی چەڵەمەی شکەستەی سەدرەنگ
حەلقە کەر پێش دەر زەنگی پێش ئاهەنگ

جەو ئەساسەی وێت چون یاوای وەکام
بفەرما باران بارکەران تەمام

جەو دما وەعیشق بێ ئەندازەوە
وەمەیلی وەتەن، شادیی تازەوە

مەنزڵاو مەنزڵ ڕاگەی ناهەموار
تەی کەر وەخەجلەت تا دەورانی شار

جەو دەم مەکێشی قافڵەی شیرین بار
وەپایەی قەڵای شاهی بێ شومار

خاس باوەر وەدەنگ زەنگی پێش ئاهەنگ
چون ناڵەی دڵەی من وە هەزار ڕەنگ

باجەتی کوورەی گڕی مەیلی من
بەو ناڵەی زگار پای دووجەیلی من

بە شەرافەتی گەرمی‌ی دڵ وەمەیل
لەرزەکەر نەڕای کووچەی قەسری لەیل

سائەڵبەت بەو مەیل بێ سامانەوە
نەتۆی پەنجەرەی باڵا خانەوە

مەپەرسۆ قیبلەی دنیاو دینی من
سەرمایەی وەشی‌ی ڕووی زەمینی من

کوون تیجار باشی تیجاراتی خەم؟
نەتۆی قافڵەدا نمەیۆ وەچەم

واچە ئەو لێوەی سەرگەردانی تۆ
مەجنوونی پای کاو سەرهەردانی تۆ

ویارای واڵا وەناڵەی سەد تەرز
مەگێڵاو مەوات وەزایەڵەی بەرز

مەتام کەساسەن، مایەم نارەواج
خەجاڵەت مەندان نەدەروون عیلاج

ئەشرەفی‌ی پاکتاو شەو ڕەنگی ڕوخسار
قاڵ کەردەی بۆتەی جەفای ڕۆزگار

٣ ـ شیعری (٦) پیتی (هێ).

ئەم شیعرە بۆ کۆماسی نوسراوە و ئەویش لە وەڵامیدا ئەم شیعرەی وتوە :

نامەکەت یاوا هام فەردی فەردم
هەر حەرفێش دوعان پەی دەوای دەردم

دڵەی تاریکی ڕەوشەن کەردەوە
پەی خانەی سیاش خەفەت بەردەوە

ساکە دیارەن تۆ پڕ مەیلەنی
جەمەی سەرچەمەی وەفا کەیلەنی

ئینە چەن ماهەن غەم وەنەم بارەن
هیلالی شادیی لێم نادیارەن

عاجزو زگار ، زیزو ڕەنجوورم
ڕەقیبی زەوق و هەمدەمی موورم

ناگا بای شەماڵ ئاما وەسەروەخت
نامەی تۆش پێ بی ، وەش مەزمون ، وەش خەت

حروفی نامە قشونی زەوق بی
بسم‌الله سەردار ، درەفشش شەوق بی

نەفەسِ هەر سەرباز بۆی عەبیر مەدۆ
دەوای هەزار دەرد وەزەمیر مەدۆ

خاست فەرماوان ئەربابەکەی خەم
ساکن نە گۆشەی باڵەخانەی چەم

ئینە چەند وەختەن هیجران بارەنان
تەنیاو بێ هەمدەم ، دوور نە یارەنان

جە چەم مەڕێزوون هوناو چون سێڵاو
دڵ بیەن وەنار ، جگەر وەکەواو

وەلاکین دڵێ پڕ نەسەودا بۆ
هیچ باکش نیەن مودام تەنها بۆ

دڵێ مەحمەلی حەزرەت لەیلا بۆ
سەما تا زەمین با پڕبەڵا بۆ

(ئەحمەد) تیشنە لەب چەمەڕای جامە
تەمەننای ئامای وێتەن ، نەک نامە

چون چەرخی چەپگەرد وەنەم کەردەن قەست
بازاڕی وەمس مەسانام جە دەست

وەهەرکەس گەوهەر شەوچرای ئەنوەر
مەنمانۆ ماچۆ یە چەند موهرەخەر

صەڕاف ئی شارە خەرموهرە ناسە
نەی بازاڕەدا گەوهەر کەساسە

۴ ـ شیعری (١٥) پیتی (هێ) .

له نوسخەی (خەسرەو)دا له سەر ئەم شیعرە نوسراوە (خطاب به سید محمد شریف سید محمـد مراد آرنانی) ـ ئارەنان گوندیکه نزیک به شاری سنه له ڕووی باشورەوە .

وە شیعرەکە بەم شێوە درێژەی هەیە .

ئەو مەجنوونەکەی شێت و شەیدای تۆ
سەلام کیانا وەخاکپای تۆ

وێش جه تاوی دەرد داد وه خەمان بەرد
جادەی مەینەت گەرد وێڵ بی هەرداو هەرد

دڵ ئەسیرشەن جەلات ئەسیرەن
چون تاوانکاران بەندی زنجیرەن

ئامان سەد ئامان خاس نیگاش دارە
وەرنە ئەو ڕەفتەن زوو مبۆ پارە

٥ ـ چوارینەی (٢٠) پیتی (هێ).

هەرچی دیت وەچەم شی وه سەفەردا
هەرچی موینی ها نەگوزەردا

کەس حاڵی نەبی وه هیچ نەفاما
ئەو پەی چێش ویەرد ، ئید پەی چێش ئاما

ئەم چوارینە شێوە وەرگێڕانێکی چوارینەیەکی خەیامە کە ئەڵێ :

زآمدنم نبود گردون را سود
وز رفتن من جلال وجاهش نفزود

وز هیچ کسی هم دو گوشم نشنود
کاین آمدن و رفتنم از بهر چه بو

٥ ـ چوارینەی (١٧) پیتی (هیَ) .

ئەم دوو بەیتە خانای قوبادی لە (خوسرەوو شیرین)ەکەیدا بەم شێوە هێناویەتی :

چۆن دڵت ئاما بە بێ ئەندیشە
سورەتی شیرین تاشای بە تیشە

دەیسە ڕێزەبای وەرجە گیان کەندەن
کێ تیشەش نە ڕووی یار وێش شەندەن   (ل ٣٧٥ ـ ٣٧٦) .

وەکاکە حەمە لە پەراوێزدا بە پێی نوسخەیەکی تر بەم شێوە بڵاوی کردۆتەوە.

هەنی نەواچان بە فەرهاد ڕەندەن
نەقش شیرینش نە ڕووی سەنگ کەندەن

دەک دەستەشەل بای وەر جە ڕۆی مەردەن
کێ ئەڵماس نە ڕووی دیدەی وێش کەندەن

شایانی باسە خانای قوبادی لە (شیرین و فەرهاد)ەکەشیدا هێناویەتی ، کەواتە شیعری مەولەوی نیەو پێویستە لە دیوانەکەی دەربهاوێژرێ .

١ ـ چوارینەی (٥) پیتی (ی) .

لە نوسخەی (شەوکەت یاریان)دا لە سەری نوسراوە (رباعی معما بأسم احمد) . مەتەڵەکە لەمیسرەعی چوارەمدایە لە واژەی (چەمدا) کە بە ئیملای کۆن (چمدا) ئەنوسرێ. کە ئەڵێ : ئەسرین وەچەم ڕێزا . واتە چمدا نوختەکانی لاچو . نوختەکانی داناوە بە فرمێسک . ئەوکاتە ئەبێتە (حمدا) . کە ئەڵێ: پەشێو بی . واتە گۆڕانیبە سەرداهات ،

گۆڕانەکەش ئەوەیەکە ئەلفەکەی دێتە پێشەوەو ئەبێت بە (احمد.)

ئەم مەتەڵە خوالێخۆشبو مامۆستا سەید تاهیری هاشمی لەگۆڤاری سروەدا لێکی داوەتەوەکە بە داخەوە ژمارەکەم لە بەردەستدا نیە.

ـ شیعره‌کان ـ

ـ ١ ـ

ئاخ فەلەک جە دەس کەچ ڕەفتاریی تۆ
داد نە چەپگەردیی و دل ئازاریی تۆ

هەرسات ئەساسەی دەردێ مەسازی
هەر ڕۆ بە ڕەنگێ نەردێ مەبازی

من خۆ تاڵە شووم خەستەی زام خەتەر
زەدەی خەدەنگان هیجرانی دلبەر

دیدە پڕ ئەسرین ، دەروون پڕ جە تەم
کەفتەن نە ڕوی تەوق بەندیخانەی خەم

دڵ ئالودەی هوون ، تەن بارکێشی دەرد
زوان لەنگ و لاڵ ، ڕەنگ خەزانی زەرد

واتە : ئاخ فەلەک لە دەست کرداری چەوتی تۆو داد لە سوڕانەوەی چەوت و چەوێڵت کە ئازار بە دڵ ئەگەیەنێ .

هەر ساتێ بنچینەی دەردو ئازارێ ساز ئەکەیت و هەر ڕۆژێ بە شێوەیەک یاری بەنەردی بەختم ئەکەیت .

من تالع و بەختم خراپەو بیماری زامی خەتەرم ، پێکراوی تیرەکانی دووریی

دڵبەرم. چاوم پڕ لە فرمێسکەو دەروونم پڕ لە تەمەو کەوتوومەتە نێو بەندیخانەی خەمەوە دڵم خوێناوی یەو لەشم بۆتە بارکێشی دەرد، زمانم لەنگ و لاڵەو ڕەنگم وەکو خەزانی زەرد وایە.

تۆ بەو بێ ڕەحمیی ئازیزیچ وەی مەیل
دڵەی کۆس کەفتەی منیچ جە هوون کەیل

سابا ڕەحمت بۆ چەواشەی بەدخۆ
تویچ چەرخت چون وەسڵ ئازیز کۆتا بۆ [1]

تۆ بەو بێ ڕەحمیەو ئازیزیش بە وەها مەیلێکەوە، دڵەی کۆس کەوتەی منیش پڕ لە خوێن و زوخاوە.

دەی سابارەحمێکت بێ ئەی سەرگەردانی ڕەفتار ناشیرین، با هەڵسوڕانی تۆیش وەکو ماوەی بە یەک گەشتنی ئازیز کورت بێ.

ئاخ ماری زامدار پێچیاگە وێم
دڕۆزنەکەی ماڵ سوچیاگە وێم [2]

پێچیاگە = پێچراوە، پێچ خواردو. وێم = خۆم. سوچیاگە = سووتاوە.

- ٢ -

ئازیز بێ مەیلیت زیندەگیم تاڵ کەرد
بێ مۆبەتیت حوکم شادیم بەتاڵ کەرد

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەحزوون) وەرگیراوە شایانی باسە هەموو ئەو شیعرانەی کە لەم نوسخەیەم وەرگرتوە لەگەڵ کاک خالیدی مەنصوری‌دا پێیاندا چووینەتەوەو گەلێ سوودم لەوردە سەرنجەکانی کاک خالید وەرگرت. سوپاسی ئەکەم

٢ - ئەم بەیتە لە نوسخەی (میم) وەرگیراوە و لەسەری نوسراوە (ولەفرد)

هیچ ئیلتیفاتێ نەدیم پێتەوە
هیچ نەدیای وەلای کوشتەی وێتەوە

دوی ئاخم جە داخ بێ موبالاتیت
قرچەی دل نەدەرد کەم ئیلتیفاتیت

ئەو سەروەسای چەرخ هەفتەمین ساوا
ئید سەداش وە گۆش مەلەکان یاوا

هەرکاتێ زانای جە گشت ویەردم
تۆماری یاریت نەدڵ تەی کەردم

واتە : ئازیز بێ مەیلیی تۆ ژیانی تاڵ کردم ونەبوونی هەستی خۆشەویستیت فەرمانی شادیی بەتاڵ کردمەوە.

هیچ کاتێ نەمدی پێتەوە لە ڕووی سۆزەوە سەیرێکی من بکەیت و هەرگیز سەرنجێکت نەدا بەلای منی کوژراوی دەستی خۆتەوە.

دووکەڵی ئاخم لە داخی کەمتەر خەمیت و قرچەی دڵم لە بەر دەردی ڕوانینت.

ئەو (واتە دوکەڵی ئاخم) سەری گەشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان وئەمیش (واتە قرچەی دڵم) دەنگی بە گوێی فریشتەکان گەیی.

هەر کاتێکت زانی لە هەموو ئەمانە تێپەڕیم و تۆماری خۆشەویستیتم لەدڵدا پێچایەوە.

یاها بینابیم ، ئاواتە وەستەم
جە سەردیی مەیلت گڕ کەفت وە جەستەم

ئایرم نیا وەکۆی وەفاوە
دام وەبێ ئەندێش تەن وەجەفاوە

یەک جەستەی خەستەی عەلیلم مەندەن
پارچەی ئیستیخوان زەلیلم مەندەن [1]

ئەوەتا چاوەکەم ، ئاواتە خوازم .. لە ساردو سڕیی مەیلی تۆ گڕ بەر بووە گیانم . ئاگرم نا بە چیای وەفاوە وبێ‌ترس لەشم دا بە دەستی جەفاوە ، تەنیالەش ولاریکی نەخۆش وپارچەئێسقانێکی داماوم ماوە .

- ٣ -

ئازیز فیراقت دڵ کەردەن وەهوون
سەرکەردەن نە چەم ئەسرم چون جەیحوون

کەشتیی وجودم تەوفانی کەردەن
تەختەی پارەی ڕۆح وەعەدەم بەردەن

خول مەدو نە گێج مەوجی فەنادا
ئەجەل مەکێشۆم وەی لاووەی لادا

زیندەگیم پەی مەرگ هانە تەدارەک
ئومێدی حەیات قەتعەن ، وەبێ شەک

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخە کەی (شەهاب) وەرگیراوە .

دەروازەی فەرەح یەکجار مەسدودەن
ماتیم وەش دەماخ ، ئومێد نابودەن

واتە : ئازیز دوورکەوتنەوەت دڵی کردم بە خوێن و فرمێسک لە چاوم وەکو (جەیحوون) هەڵچو کەشتیی بوونمی خستەناو تۆفانەوە و پارچە تەختەی گیانمی بەرەو مەرگ برد. لە گێژاوی شەپۆلی تیاچووندا خول ئەدەم و ئەجەل بەم لاولادا ڕام ئەکێشێ. ژیانم بۆمردن خۆی ئامادە کردووە و بە هیچ جۆرێ هیوام بە ژیان نەماوە. دەرگای شادیی بە یەکجاری داخراوەو ماتیم دەماخی بەرزەو هیوام لە تیاچووندایە.

هام وەسەرقوللەی خەوف و ڕجاوە
نمەز ڕای لای تۆم یاخۆ ئەولاوە

نەسیب بێ نەسیب جە بەهرەو شەوقەن
خەفەت نەبەزمەن ، شادیی بێ زەوقەن

لێم تاقی نیەن ئان جەورەجە کۆن
موغەننی دەوام لەرەی کزەی تۆن

بەی ناڵەی حەزین لێوێ بەرەوە
چون ئامای خەیاڵ مەحوم کەرەوە

« غەمەن ڕەفیقم ، غەمەن هام دەمم
غەمەن هام مەجلیس عەزاو ماتەمم »

وام بە سەر لوتکەی ترس و هیواوە ، نازانم بەرەو لای تۆدێم یابەرەو ئەو لاوە .

بەختم‌لەبەهردو شادیی‌بێ بەشە ، خەفەت لە خۆشیدایە و شادیی زەوقی نیە . لێم ڕوون نیە ئەو جەورو جەفایە لە کوێوەیە ، گۆرانی‌بێژ : تەنیا دەرمانی‌دەردم‌دەنگی بە سۆزی تۆیە. بە ناڵەی حەزینەوە لێوێ بجوڵێنە ، وەک هاتنی خەیاڵ لە ناوم بەرە . « خەم هاوڕێ و هاودەممە ، خەم هاو کۆڕی پرسەوماتەمینمە » ـ بێسارانی .

غەم زۆرش گێرتەن بەوێش مەنازو
ساقی بۆ وەعیشق ئایەی (وامتازوا)

پڕ کە جامەکەت پەیاپەی جەمەی
بەڵ وەجامێ مەی دیسان ببون حەی

نەزانای وەحاڵ دڵەی پڕ دەردم
ئای چەند سەرسەخت بیم لوایت نەمەردم [1]

واتە : خەم دەستەڵاتی پەیدا کردووە وبەخۆیدا ئەنازێ ، مەیگێڕ وەرەبە عەشقی ئایەتی (وامتازوا) وەوە . ئاماژەیە بە ئایەی (وامتازوا الیوم ایها‌المجرمون) کە لە ڕۆژی دوایی‌دا بە گوناحکاران ئەوترێ : جوێ ببنەوە . جامەکەت پڕ بکە پەیاپەی لە مەی ، بەڵکو بە جامێ مەی دیسان زیندوو ببمەوە. نەتزانی بە حاڵی دڵەی پڕ دەردم،ئای چەند سەرسەخت بووم وتۆڕۆشتیت و من نەمردم.

ـ ٤ ـ

ئامان هامسەران دەردم کاری‌یەن
دەرمانی دەردم نادیاری‌یەن

---

١ ـ ئەم شیعرە لە هەردوو نوسخەی (خەسرەو) و (مەحزوون) وەرگیراوە .

دەردم مەزانی یا بواچون پێت
وەر نمەزانی ئیزهار کەرو لێت

وەتیری مەودای فەلەک پێکیام
وەدەردی دووریی ئازیز دڵ بڕیام

فەناش کەردەوە دەست وەعەدەمدا
فانی زانوی دەرد وەڕوی ماتەمدا

ئەو جە عەشق بەشق سەرزەدەی دەردان
ئید جەتاش وستەی سەیری سەرهەردان

زڕیاو پێکیای دەرد چەنی ئەغیاران
منیچ نەجولمەی مەظەننەی یاران (١)

واتە : ئامان هاوسەران دەردم کاری‌یە ، دەرمانی دەردم نادیاری‌یە . دەردم ئەزانی یا خۆ بڵێم پێت ، ئەگەر نایزانی دەری ئەخەم بۆت . بە تیری تیژی فەلەک پێکرام و بە دەردی دوورکەوتنەوە لە ئازیز دڵم بڕا . لە ناوی بردو دەستی لە تیاچوون گیربوو ، لە ناو بەر ئەژنۆی دەردی دا بە ڕووی ماتەمدا . ئەو لە عەشقدا بەڕێ و شوێنی ئەوانەدا چوو کە دەردسەری لێ داون و ئەمیشی بەست بەتاشە بەردی سەرهەردەکانەوە . نـاوی زڕاو لەگەڵ بێگانەدا دەرد پێکای ، منیش لە دەستە جەمعی جێگای گومانی یاران‌دا مامەوە

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (دۆڵاوی) وەرگیراوە .

- ٥ -

ئاینەی زهور سیفاتی غەیبی
مەکانی تلوع سیری (لاریب)ی

بورهانی قاطع ئیسباتی هەستی‌ی
دارویی دەماغ خودبینی و مەستی‌ی

وەی دیمەی حوسن ، وەی نماناوە
تۆڕی دڵ دیسان ئایر ساناوە

یەند بلێسەی شەوق لێم کەردەن ئەثەر
جەلولەی پێشەم گڕ مەیۆ وەبەر

تەمامی ئەعزام نەڕووی پەردەی پۆس
مەشغوڵەن وەزیکر ئیسباتی یا دۆس

واتە : ئاوێنەی نیشاندەری سیفاتی غەیبی وشوێنی دەرکەوتنی نهێنی (بێگومانی) بەڵگەی بڕاوەی سەلماندنی هەستی وەدەرمانی لوتی خۆ پەسەندی و مەستی‌ی . بەو ڕوخسارە جوانەو ، بەو شێوە خۆنواندنەوە کە خۆی نواند دیسانەوە تۆڕی دڵ ئاگری گرتەوە . ئەوەندە بڵێسەی شەوق کاری تێ کردم ، لە لولەی ئێسقانمدا گڕ دێتە دەرەوە . هەموو ئەندامەکانی لەشم لە سەر پەردەی پێست ، سەرگەرمن بە یادی سەلماندنی دۆستەوە .

غەیر جە جاهیلی هیچ نیەن باقی
وادەی دەورەتەن هانا هەی ساقی

مەستم کەر وەجام بادەکەی سەرشار
تا کەس نەزانۆ منەنان یا یار [1]

بێجگە لە نەزانی هیچ نامێنێتەوە ،کە واتە هانام بە تۆ ئەی مەیگێڕ وەختی ئەوەیە دەوری بدەی . بە پیاڵەی پڕ لە شەرابەکەت مەستم کە ، تاکەس نەزانێ ئەم بەدەنە منم یا یارە .

— ٦ —

ئەو دانە بابام جەڕەوزەی بەهەشت
بە فتوای ئیبلیس چەشتی یا نە چەشت

مەحروم بی نەڕاز حوورانی بەهەشت
بە تەقازای نەفس هەوادان نە دەشت

چون من سەرتا پام ئالوودەی غەمەن
ئیمساڵ ئەودانە جەلامان کەمەن [2]

واتە : ئەو دەنکەی کەباوام واتە (ئادەم) لە باخی بەهەشتدا بە فتوای شەیتان خواردی یا نەیخوارد . بوو بە مایەی ئەوەی کە بێ بەش بوو لە ڕازی حۆریەکانی بەهەشت و بە

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەحروون) وەرگیراوە .
٢ ئەم شیعرە لە نوسخەی (دۆلاوی) وەرگیراوە .

خواستی نەفس دەریان کردە دەرەوە. چونکە مـن سـەرتاپام لە خـەمەوە پـێچراوە، ئیمساڵ ئەو دانەیە لە لامان کەمە

– ٧ –

ئەی هو چەن سەر چەنگ چەرخی چەپ وەردم
چەرخ چەن چەرخیا من مام نە مەردم

یەگەردون مودام گەردەلولشەن
دڵداران، دڵان، های چەند تولشەن

ئاڵەم بەرکەنار، وێم بە حاڵی وێم
ئای چەن گیان سەخت بیم چەن چەرخش دا پێم

ئەوەڵ بارخانەی بەدبەختیش ئاوەرد
هەروێم مەزانو چۆن بار بەندییش کەرد

مەجراو مەحفەرش کەیل نە شادیی پڕ
وەباری ئیبلیس پەردەی حەیا دڕ

واتە : ئەی هوو . چەند چەپۆکی دەستی چەرخی چەپگەردم خوارد و چەرخ چەند سوڕایەوە من هەر مامەوە و نەمردم. ئەمە گەردوونە هەمیشە گەردەلولیەتی، دڵدارەکان، دڵەکان چاوتان لی یە چەند درێژە ئەکێشێ هەموو کەس بەولاوە تەنیا خۆم نەبێ کەوام لە بیری حاڵی خۆمدا ، ئای چەند گیان سەخت بووم ، چـەند دەورو خـولی پـێدام .

یەکەمین کاری ئەوە بوو کە بارخانەی بەوبەختی هێنا، کە ئەوەش هەرخۆم ئەزانم چۆن باربەندیی کردوە. جۆ گەلەو چاڵی پڕیەتی لە شادی و بەباری شەیتان‌دا پەردەی ناموسی دڕی.

ئاوەرد پارچەی بەد پۆشا نەوەرم
ڕووسیا، ڕەنگ زەرد سەرتاکەمەرم

نزول کێشا دەست بەختم ئەو ڕای بەد
پای ئەدەب نەئەرگ عادەت کەردم ڕەد

ڕێزە کەرد شیشەی بەزمی بیساتم
زرنگییا زەنگ نەردی نەهاتم

پارەپارە کەرد مەنیام وەمەینەت
بادا لە تەرەی مەینەت وە بەینەت

ئەی سەرتا ئەو سەرخول ئاوەردەوە
هەودای هەم و غەم مەحکەم کەردەوە

پارچە و قوماشی بەدیی هێناو بە باڵای بڕیم، سەرهەتاکو کەمەرم بە ڕووڕەشی و ڕەنگ زەردیی ماوەتەوە. دەستی بەختم بۆ سەرەڕێی خراپەکاریی شۆڕ بویەوە و پێی ئەدەبم لە کۆشکی عادەت ڕەت کرد. شوشەی بەزمی شادیی شکاندم و زیڕەی نەردی نەهاتم زرنگایەوە.

لەت لەتی کردو بە مەینەتەوە مامەوە، تەشی مەینەتی بە پەیمان بادایەوە. ئەم

سەرتا ئەوسەر خولی خواردو هەودای خەم و خەفەتی توند کردەوە .

ئیسە نە عەیشەن ، نە سرور ، نە راز
نەدائیرەی دەف ، نە چلچەنگ ، نە ساز

یەکسەر پەردەی چەرخ چی ئەهلی کارەن
مالاو بەرد هەر عەکس تاپۆم دیارەن

بازهەم کلافەم چون بەدلەی دەروێش
هەرچەرخم مەدۆ چەنی چەرخ وێش

هەی چەرخ وەبەدیی وێت گرفتار بی
هەرچەرخ بدەری هەرتا دیار بی

شەرط بۆ چون چەنی (یوسف) بەدکاریی
تۆ ئەو چەپ گەردیی ، من ئەو بێ عاریی (١)

ئیستە نە ژیانم هەیەو نە شادی و نەراز ، نە دایرەی دەف ، نە چلچەنگ ، نە ساز . یەکسەرە پەردەی چەرخی هەرچی ئەهلی کارە ، دایمالێ وبردی وبەتەنیا هەرشێوەی تاپۆم دیارە . دیسان کلافەم وەکو جلەشرەی دەرویشی لێ هات و لەگەڵ هەڵسوڕانی خۆیدا هەر هەڵم ئەسوڕێنێ . ئەی چەرخ بە خراپەی خۆت گرفتار بی و تاماوی هەر سووڕ بخۆی . مەرج بێ چونکە لەگەڵ یوسفدا خراپەکاری ، ئیتر تۆ هەر بەڕێگەی خۆتاو منیش ڕێگەی بێ عاری بگرمە بەر .

دیارە بۆ (یوسف) ناوێ وتراوە کە بە داخەوە نەمانزانی کێ یە .

---

١ – ئەم شیعرە نوسخەی (بابنجو) وەرگیراوە

- ٨ -

ئیمشەو دیارەن دەردم کاری یەن
هوناو جە زامم چون سەیل جاری یەن

ئاوازەی مەینەت نە دەروون سەدتەرز
چون چلچەنگە وەچەنگ خەمان بیەن بەرز

بێ هۆشی ی جە هۆش ، کەم فامی ی جە فام
وەهەزار مەقام مەدەرۆ جەفام (١)

واتە : دیارە ئیمشەو دەردم کاری یەو خوێناو لە زامم وەکو لافاو ئەچێ . ئاوازەی مەینەت بەسەد شێوە لە ناخدا هەڵئەسێ و وەکو چلچەنگ بە چنگی خەمان دەنگی بەرز ئەبێتەوە . بێ هۆش بوون لە هۆش و بێ فامی لە فامِ و عەقڵ ، بە هەزار مەقام جەفام ئەدات .

- ٩ -

ئیمشەو وەکەردەش دڵ بێ پەردەبی
مەفهوم جە ناڵەش ئەی دوو فەردەبی

« ئەی خامی بێ مەغز ، هەرپۆسەکەوێم
کۆسی بەد نامی ی کۆس کۆسەکەوێم

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (باینچو) وەرگیراوە .

جه جەردەی هەوەس نەڕەستەکە وێم
نە هەردەی عەبەس دەست بەستەکە وێم »

هانام هەروەتۆن ساقی جە مین جام
ئەحیا کەروەناز ، جەمەی ، مەردەی خام

چەنی خەفنای چەم بدەرۆ دەستش
وەی وەی وە ئەو مەی یەکسەر کەرمەستش

شێوەی دانەی خاڵ نە تۆی جامی مەی
نەشئەی مەزەی تۆم بدۆش پەیاپەی

واته : ئیمشەو دڵ لە کردەوەی خۆی ئابڕوی نەمابوو ، تێگەشتن لە نـاڵەی ئـەم دوو شیعرە بوو ئەی کاڵ فامی بێ مێشک خۆم کە هەر پێستم ماوەتەوە ، کۆسی ناو بانگ خراپی کۆس کەوتو خۆم . لە دەست دزی هەواو هەوەس ڕزگار نەبوو خۆم و لە هەردی بێ هودەییدا دەست بەستراو خۆم . هانام هەر بە تۆیە ئەی مەیگێڕی ناوچاو بێ گەرد وەکو ئاوێنە ، لەو مەیە ئەم مردووە بەنازێ زیندو کەردوە . لە گەڵ چاو نوقاندندا دەستی بگرەو وەیێ وەی بە ئەو مەیە مەستی کە . شێوەی خاڵ لەناو جامە مەیەکەدا ، پەیاپەی نەشەی مەزەی تۆم پێ بدا.

مەست بوون تا مەحشەر وەی ئارەزووی یار
جە نەفخەی هاوار دڵان بۆ بێدار

بەڵ خامی و عەبەث ، بەدنامی و هەوەس
هەنی نە ئاڵەم نەزڕناش جەرەس [1]

تا ڕۆژی مەحشەر بەو ئارەزوی یاردوە مەست بم و لە دەنگی شەیپوری هاوار، دڵەکان بە خەبەربێنەوە . بەڵکو کاڵقامی و بێهودەیی و ناوبانگ خراپی و هەواو هەوەس ئیتر لە دنیادا زەنگیان نەزرنگێتەوە .

– ١٠ –

با (قُلتُ) نەویٚ لە کەلامتا
نەک نەدامەتیٚ بیٚ وەشانْتا

سەد ساڵ بیوڕی و کلکی هەڵپاچی
لە دەست ساحێو ماڵ هەرگیز دەرناچی [2]

– ١١ –

بەهەشتی باقی دیەن دڵبەرەن
جە قیسمەت خانەی ئەمن ئەو دەرەن

---

١ – ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەلا عەلی) وەرگیراوە

٢ – ئەم شیعرە لەنوسخەی (دۆلاوی)دا هەبەو لە کتێبی (میهرەجانی مەولەوی)شدا لە ل ١٩٥ دا بڵاو کراوەتەوە تەنیا جیاوازییان ئەوە بوو کە لای ئێمە لە بابی (نەدامەتی) نوسراوە (نەهامەتی) ئێمەیش ئەومان بەڕاست رانی ئەوانیش لە بابی (کەلاما) و (شانتا) نوسیویانە (کەلامەتا)و (شانەتا) . هەرچەندە هەردووکیان بە ئملای کۆن بە یەک شێوە ئەنوسرێن . بەلام شیعرەکە بە شێوەی ئاخاوتنی حاف نوسراوەو وا دروستەو وەزنەکەشی ناشکێ

ساکه وەی دینەن بەهەشتی باقی
ئیسه من بێدین ، دووره جێم تاقی (١)

١٠ـ **واته** : با (قلت ، واته ئەڵێم) نەبێ لە قسەکردنتا ، نەوەکو پەشیمانی بێ بەسەرتا. سەدساڵ بیبڕێ وکلکی هەڵپاچی ، لە دەست خاوەن ماڵ هەرگیز دەرناچی .

١١ـ **واته** : بەهەشتێ کە هەر بمێنێتەوەو وهەبێت بینینی دڵبەرە ، ئەوەش لە بەختی من دوورە ، جا کە بەو (دین)ەیە یابەو بینینەیە بەهەشتی باقی ، ئێستە من بێ دینم و ئەوە دوورە لێمەوە .

– ١٢ –

بڵێسەی ئاهیر نەدەروون خێزان
نالەم الفراق یەعقوبی بێزان

تەمی خەم یانەی دڵ خاپوور کەردەن
ڕای ئامای لای تۆ جەیادم بەردەن

مەگێڵون نەگێج بەحری ماتەمدا
هەر خەمەن مەیۆ وەبانی خەمدا

خەم زۆرش گێرتەن بەوێش مەنازو
ساقی بۆ بەعیشق ئایەی (وامتازوا)

---

١ – ئەم شعرە لە نوسخەی(باینچو)وەرگیراوە

صوڵحێ دەون وەبەین هەستی وفەنادا
وەس خەیاڵ بەرووم وەی لاو وەولادا[1]

واتە : بڵێسەی ئاگرێ لەدەروونم هەڵساو ناڵەم ناڵەناڵی یەعقوبی بۆ یوسف بێزان . ئەمی خەم ماڵی دڵی خاپوورکردوە ورێگەی هاتن بۆلای تۆی لەبیربردومەتەوە . لەگێژاوی دەریای ماتەمدا ئەگەڕێم وهەر خەمە دێت بەسەرخەمدا. خەم دەستەڵاتی پەیداکردووە وبەخۆیدائەنازێ . مەیگێپر وەرە بەعەشقی ئایەتی (وامتازوا) وەوە . ئاشتی یەک لەنێوان بوون وتیاچووندا دروست بکە ، بابەس خەیاڵم بەرم بەم لاولادا .

- ١٣ -

تاقی خانەقای دڵ پڕ وەلوەلەن
تاسی کەللەی سەر پڕ نەهەلهەلەن

فیکرم نەتەهزیب نەفس و ئیسباتەن
خەیاڵم مەشغوڵ شەرحی سیفاتەن

عەکس تەجەللای مەشعەلی ڕووی دۆس
شەوق مەدۆ چون شەم نەفانۆس پۆس

تۆری تەن شۆڵەی جەزبەی حەقیقەت
وەگەردی سورمەی دیدەی مەعریفەت

---

١ - ئەم شیعرە لەنوسخەی (مەحزوون) وەرگیراوە

تاخاس عەقیدەی ئەحواڵ نەکۆڵ بۆ
نەواقورسی نوور ئیخلاسم کۆڵ بۆ

واتە : تاقی خانەقای دڵ پڕ لەهاوارو واوەیلایە وتاسی کەللەی سەریش پڕلەهای وهوە . بیرم لەپاک کردنەوەی نەفس و سەلماندنی بوونی خودایە وخەیاڵم سەرگەرمی لێکدانەوەی سیفاتەکانیەتی . وێنەی پرشنگدانی قەندیلی سیمای یار ، وەکو مۆم تیشک ئەداڵە چرای پێست . بەگەردو تۆزی کلی چاوی مەعریفەت ، تۆری بەدەن تیشکی جەزمەی حەقیقەتی وەخۆ گرتووە . بۆئەوەی چاک باوەڕی ئەحواڵ بەشانی هەڵبگرێ ، نەکو تۆپی ڕوناکایی دڵسۆزیم کەل وکوم بێ .

ڕوینی ڕای ڕاس وەرمەدە جەدەس
مەبۆ وەباعیس توغیانی هەوەس

یەک ڕەنگی‌ی مایەی ڕستگاری‌یەن
ساقی وەجامێ دەردم کاری‌یەن

دەمێ قبوڵ کەر زەعیفی تاڵەم
بەڵ دەمێ کەم بۆ ناڵەم جە ئاڵەم [1]

ڕۆشتن بەڕێگای ڕاستدا (مەبەست ڕێگای خوایە) بەرمەدە لەدەست ، چونکە ئەبێتەهۆی سەرلێشێوان وزاڵ بوونی هەواو ئارەزوو بەسەر نەفسدا یەک ڕەنگی‌ی (واتە تەنیا خواپەرستی) مایەی ڕزگاری‌یە ، مەیگێڕ بەپیاڵەیەکەوە وەرە دەردم کاری‌یە . دەمی دەنگی کزی ناڵەم قبوڵ کە ، بەڵکوماوەیەک ناڵەم لەم دنیایە کەم بێت .

---

١ - ئەم شیعرەلەنوسخەی (مەحزوون) وەرگیراوە

تۆی دەروون وەنێش زامانی خەتەر
کەیلەن جەهوناو مەوجش وست نەسەر

هاژە وست وەسەرگشت کۆنەزامان
کولیانۆ جەنۆ سەرکەرد نەدامان

کزیان وچزیان قرچەش دانەجەرگ
قەڵوەزەی زوخاو ڕەنگین کەردش بەرگ

وەشتەرەن ئازیز مەرگ جەی ژیانە
هەرساتێ سەد ڕەنگ مەگری بەهانە

جۆی زوخ جارییەن شەو جەزامانم
تەڕەن وەئەسرین ڕۆوان دامانم

ئازیز ساوەسەن ئاخر نەفەسەن
چکەی زوخی جەرگ ، هەرسی چەم وەسەن (١)

واتە : ناخی دەروون بەچزی زامانی خەتەر ، پڕ بووە لەخوێناوو شەبۆلی بەست هاژەی کردبەسەر تەواوی کۆنەزامەکانداو سەر لەنوێ کولانەوە ولەداوێن ڕژا کـزەو

١ ئەم شیعرەلەنوسخەی (دۆلاوی) وەرگیراوەو لەکـتێبی میهرەجانی مـەولەوی ل ١١٨ ١١٩ بڵاوکراوەتەوە .

چزەی لێ هەڵساو قرچەی‌دا لەجگەروقەڵبەزەی زوخاو بەرگی بەرمی ڕەنگاوڕەنگ کرد . ئازیزەکەم ، مەرگ لەم ژیانەخۆشترە ، کەهەر ساتەی سەد جۆربەهانەئەگری . شەوانە جۆگەلەی زوخاولە زامانم خوڕەی دێ وڕۆژانەش بەفرمێسک داوێنم تەڕە ، سائازیزئیتربەسیەتی چونکەمن دواهەناسەم پێ‌ماوە ، چکەی زوخاوی جگەروفرمێسک ڕشتنی چاوبەسە ، بەبەرمەوەنەماوە .

- ١٥ -

تەسکینی دڵەی پڕ جەخارەکەم
دەرمانی زامان بێ قەرارەکەم

نامەکەت کیاست وەلای من یاوا
پەیاپەی نە ڕووی دوو دیدەم ساوا

دەروونت وەکوڵ جۆش ئاوەردەبی
کزەی دووریی وێت ئیزهار کەردەبی

دێونا تەوە دەرد کوورەی دەروونم
کولناتەوە زام دڵەی پڕ هوونم

نمازی ساتێ ڕاحەت بوون پەی وێم
دەک بێ بەلاّ بای چێش مەکەری پێم

من خۆ کەم زوخاو هیجرانم وەردەن
ئەمجار کزەی تۆیچ تەمامم کەردەن [1]

واتە : ئارام بەخشی دڵە پڕ لە ئازارەکەم ودەرمانی زامانی نەسرەوتەم. نامەکەت ناردو بە دەستم گەیی ، پەیاپەی ساویم بە هەردوو چاومدا. دەروونت بە کوڵ تاوی سەندووەو کزەی دوورکەوتنەوەی خۆت نیشان داوە. دەردی ناخی دەروونمت تێک داو زامی دڵە پڕ لە خوێنەکەت کولاندمەوە. نایەڵی ساتێ بۆ خۆم ئارام بم، ئەی بێ دەرد وبەڵا بی چیم پێ ئەکەی. من لە خۆم داکەم زوخاوی دوورکەوتنەوەم خواردۆتەوە ، ئیستە کزەی دوورکەوتنەوەی تۆیشی هاتە سەروگیانم ئەچنێ.

- ١٦ -

تەڵاکەی جەمین قاڵ بۆتەی عەشق
پەی ستادەگی ئەسیری سەرمەشق

کەردەن وەمەفرەق بۆقی سەفرای دەرد
خەریدارەکەم مەیلش کەردەن سەرد

سەر تەرکیبەکەی مەجرای میهرو مەیل
سەوادش لادۆ شەو نەجەستەی کەیل

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (شەهاب) ، (مەلا حەیدەر) ، (خەسرەو) ، (میراث) وەرگیراوە. کاک محەممەد عەلی قەرەداغیش لە بەرگی (٦)ی گۆقاری کوڕی‌زانیاری‌دا بڵاوی کردۆتەوە.

تا ئەشرەفیی ڕەنگ سککەی زەربی جەور
چەنی مروارید سەدەف کاسەی سەور

وەخت عەرزی حوسن ئازیزی دڵڕێش
لێم قبوڵ کەرۆ جەباتی پێشکێش

واتە : ئاڵتونی ڕوخساری قاڵ بووی بۆتەی خۆشەویستی ، بۆ ڕاوەستان و ئیستیقامەتی منی دیلی سەرمەشق . شەپووری زەرداوی دەردی کرد بە دووکەرتەوە ، بەو بۆنەوە کڕیارەکەم مەیل و ئارەزووی سارد کردەوە . ئەوەی کە هەردوو جۆگەلەی خۆشەویستی و مەیل پێکەوە تێکەڵ ئەکات ، شەو تارمایی خۆی لابدات لە سەر لاشەی کەیلم تاکو (ئەشرەفی) ڕەنگ کە سکەیەکە جەورو جەفا لیی داوە ، لەگەڵدانەی مرواری نێو سەدەفی ئارام و ئۆقرەدا. کاتی نیشاندانی سیمای جوانی ئازیزە دڵ بریندارەکەم ، لە باتی پێشکەشی و دیاری لێم قبوڵ بکات .

مەعلومەن زەڕی ناڕەوای شار بۆ
ناقبوڵ تەبع ئەهلی بازاڕ بۆ

کەس جەخاس و عام نمەگنۆش نەوەند
جە هەردیارێ مەیۆ وەڕیشخەند

بەڵ جەو کەمینەم جەزاڵ یوسف
پەی قەڵبیی مایەم کێشۆ تەئەسوف

وەس نیەن نە جەمع بەزمەکەی یاران
ماچان ئیدیچ بوون جە خەریداران[1]

واتە : دیارە پارەوزیڕێک کە لە شاردا برەوی نەبێ و بە دڵی ئەهلی بازاڕ نەبێ . هیچ کەسێ لای خۆی گلی ناداتەوەو لە هەر لایەکەوە دێن و پێی پێ ئەکەنن . بەڵکو هەرچۆن هەیە بەو شتە کە مەم کە لە مایەی پیرەژنەکە ئەچێ بۆ کوشتنی یوسف داخێ هەڵبکێشێ ، واتە هەرچەندە کەمیشە بەڵام هەر قبوڵی بکات . بەس نیە لە کۆڕی بەزمی یاراندا ئەڵێن ئەمیش بوو بە کڕیار .

- ١٧ -

جە قەهقەهەی ڕەعد مینای هەوری تار
نەمابەین بەزم ڕۆح ئەفزای وەهار

فەلەک لەب ڕێزەن پیاڵەش جەمەی
خەم کەردەن قامەت ، مەواچۆ هادەی

نەرگس سەرنەجام لا لە نیانش
مەسەن وەمەی عەکس خەمزەی‌نیانش

وەنەوشە ئەوخاڵ پیشانیش دیەن
سەرنەیەخەی فیکر هەم شانیش شیەن

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەحزوون) وەرگیراوە .

مەشاتەی قودرەت جە هوونی عاشیق
سووراودا وەڕووی چووزەی شەقایق

سۆسەن سەد زوان ئاواش سەد تەرزەن
نەوای (هەی شادی هەی شادی)یش بەرزەن

واتە : لە تریقەی چەخماخەی شوشەی هەوری ڕەش ، لە نێوان بەزمی بژوێنی بەهاردا. فەلەک پیاڵەکەی پڕە لە مەی و باڵای چەماندۆتەوەو ئەڵێ : هانێ . نێرگس سەری ناوەتە ناو پیاڵەی گوڵاڵەو بە مەیی وێنەی خەمزەی نهێنی ئەو ، سەرمەستە . وەنەوشە ئەو خاڵی ناوچاوەی دیوە ، سەری چووە بە بەرۆکی بیری هاوشانەکەیدا. شانەی دەستی قودرەت لە خوێنی عاشقدا ، سووراوی دا بە ڕووی چووزەرەی گوڵەشەقایقدا. سۆسەن بە سەد زمانەوە بە سەد شێوە ئەچریکێنێ و ئاوازەی (هەیشادی هەیشادی) بەرز ئەکاتەوە .

سونبوڵ بە وێنەی دەس زەدەی تڵفەن
تاتا جە هەمتا هەمتایی کڵفەن

سەمەن غەنی نەقد شێوەی ئەو ڕوو پۆش
جەو پەی جورعەی نۆش ، نەسیم پەی سەرخۆش

بەڵام دڵ جەئێش خەم هەر مەدۆ چڵ
دیدەش سیوای خەم کەی وینۆ نەوگوڵ ؟

نەرگس ئەوبیمار پەردەی دڵ ڕێشەن
چەنی دەردی عیشق دایم خدێشەن

غوسسەی دووریی خاڵ ئەو گۆنای گوڵ بێز
خەم کەردەن گەردەن وەنەوشەی پەل دێز

شەقایق نە هوون بەرگش کێشاوە
چون دڵ وەنێشی موژەش ئێشاوە

واتە : سونبول وەکو ئەوەی منداڵ دەستی پێی گەشتبێ ، پەڕەکانی تاڵ تاڵ لە یەک جیابوونەتەوەو هاوتای‌شانی بوون . یا سەمەن وەکو ئەو ڕووپۆشە دەوڵەمەندە و دڕاوی هەیە . بەو پێکەی کە نۆشی کردووە شەماڵ بۆی مەست بـووە . بـەڵام دڵ لە دەست ئازاری خەم هەر چڵ ئەداو چاوی بێجگە لە خەم کەی گوڵـی تازە پشکوتو ئـەبینێ ؟ نێرگس بیمارەو پەردەی‌دڵـی ژان ئەکات ، لەگەڵ دەردی عـەشقدا بـۆتە هـاوسەر و هاوڕێ. خەمی دووریی خاڵی ئەو گۆنا لە گوڵ جوانترە ، ملی وەنەوشەی پەڕەمۆری کەچ کردووە. شەقایق بەرگی‌لە خوێن هەڵکێشاوە ، چونکە دڵی بە چـزی بـرژانگـی ئێشاوە .

جەم جەم سۆسەنان جەلانساران
نە مەسئەلەی خەم گفتوگۆ داران

تەوق تەوق سونبولان نەجامی ڕاخان
پەخش و پەشێوەن ، پەخشەن پەی داخان

جەوق جەوقسەمەنان تەن سپی بێ گەرد
عوریان وێنەی قەیس مەگێلان نەهەرد

موتریب وەمیزراب ڕیشەش پەی کەردەن
نەی وەنەوایێ مایەش وەی کەردەن

جە ئاوازی بەرز بەختی بەد تاڵەش
وەی حوزورەوە شەرارەی ناڵەش

گەردوونبەزمی خەم کەردەن پەرێش ساز
یە ڕەقس ، یە ئاواز ، یە نەیچی ، یەساز

واتـە : کۆمەڵ کۆمەڵ سۆسەنەکان لە لاپالی تزارەکاندا قسەیان لە سەر مەسەلەی خەم هەیە . تیپ تیپ سوتبولەکان لە نێو جامی خەمەکاندا بە چیاکاندا بڵاو بوونەتەوە . دەستەدەستە یاسەمەنە پەرسپیەکان ، ڕووت بوونەتەوەو وەکـو مـەجنوون لە هـەردا ئەگەڕێن . گۆرانی بێژ بە ژەندنیتار ڕیشەی لەبن هێناوە ونەی بەئاوازەیەک مایەی لە ناو بردووە بە ئاوازی بەرزی بەختی نەحسی ، بەو شێوە بڵێسەی ناڵەی بەرز ئەبێتەوە . گەردوون بەزمی خەمی بۆ ساز کردووە ، ئەمە هەڵپەڕکێ ، ئەمە ئاواز ، ئەمە نەیچی و ئەمە ساز .

شیشەو قەهقەهەو شیشەی خەم پەیکەر
ساقی بە سازێ ڕیشەی خەم پەی کەر

بەزمی خەم سازاش بدەر وەهەمدا
مەیلی بیناییش باوەر وەچەمدا

بەڵ دڵەی لێلاو ، چەم چڵ کەردەی خەم
گوڵ وەگوڵی وێش بوینۆ وەچەم [1]

واتە : شوشەو قوڵپە قوڵپ و شوشەی لارەوە بوو ، مەیگێڕ بە سازێک ڕیشەی خەم دەربێنە ئەو بەزمەی کە خەمدایناوە تێکی دە بە سەریەکدا ، مەیلی دیتنی بێنە بە چاودا . بەڵکو دڵی پڕ لە خەم و چاوی ژان گرتوی خەم گوڵبەگوڵی خۆی ببینێ .

- ١٨ -

جەمین ڕەشک جام جەم نومای جەمشید
ڕەوش سەنجەکەی قورس ماە و خورشید

جەو ساوە خەدەنگ موژەت دڵ کاوان
کوورەی فیراقت کۆی سەبرم تاوان

زایفم کەرۆ جە هەوا بەردەن
دیدەم ماچی حەب بید ئەنجیر وەردەن

یاروەرم نامان نە کەمەر یەک چەم
جە تاوی ڕادار سوڵتانەکەی غەم

نەتەقویمی چەرخ شەوان تا سەحەر
پەی زایچەی وەسڵ مەشمارو ئەختەر

---

١ ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەلا عەلی) وەرگیراوە .

واتە : ڕوخسار بە خێلی‌بەر بە ئاوێنەی دنیا نیشاندەری جەمشید، ڕەفتار پێوەکەی تۆپی مانگ و خۆر. لەوساوەتیری بسرژانگت دڵی لەت لەت کردووە، کوورەی‌دوورکەوتنەوەت کێوی ئارامی سوتاندووم. بە چەشنێ لاوازم ئەکات کە هەوا بە ئاسانی ئەمبات و چاوم ئەڵێ‌ی دانەی بید ئەنجیر واتە کەرچەکی تێ‌کەوتووە. یار نەهات بۆلام کە پێکەوە جەم‌بین، ئەویش لەترسی‌ڕاداری سوڵتانەکەی خەم. لەڕۆژژمێری چەرخ‌دا شەوان تا بەیانی بۆ ناو دەفتەری چارەنوسی بە یەک گەشتن ئەستێرە ئەژمێرم.

جە هیچ بورجێدا نیەن ڕای‌نەجات
غەیر جە نیشانەی فەناو هەم مەمات

جە خەوفی هیجران مەلەرزون چون وی
هەرکاتێت زانا ئەجەل پەیدا وی

جلوست نەتەخت ئەقلیمی دەروەن
گیان وە ئەسیر بەرد پەی ئەسڵی وەطەن

با هەم هاڵی‌ی بۆ گۆشەی مزگی ودەیر
هانا موغەننی یادت بۆ بە خەیر

جە کۆن چریکەی سەدای ڕەنگ ڕوح؟
سەماعش پێمان مەدۆ سەدفتوح

واتە : لە هیچ بورجێکدا ڕێگای ڕزگار بوون دەرناکەوێ، تەنیا ئەوەی دیاربێ

نیشانەی مردن و لەناو چوونە لە ترسی دوورکەوتنەوە و لێک بڕان وەکو داری بێ هەڵنەلەرزم و کاتێکت زانی کەمەرگ یەخەی گرتم. دانیشتنت لە سەر تەختی هەرێمی مەبەستم، گیانی بە دیلی برد بۆ نیشتمانیڕاستەقینە. با دیسان گۆشەی مزگەوت وقەلەندەرخانە خاڵی بێت، هانام بە تۆیە گۆرانیبێژ یادت بە خێربێ ـ تێ چریکێنە ـ لە کوێیە ئاوازو چریکەی دەنگی ڕەنگڕێژی ڕۆح، کە بیستنی سەدان سەرکەوتنمان پێ ئەبەخشێ.

بۆ لابەر وەسواس شەحنەکەی حەواس
وەکزەی گیان سووز مەقامەکەی ڕاس

بەڵکم عەکس نوور ذاتی بێ سیفات
خەدەنگێ هەنیم بکەرۆ خەڵات

بێ نامەو عەمەل نەشون وەمەحشەر
پێم بۆ نیشانەی بێ ڕەحمیی دلبەر [1]

---

١ - فخرالعلما لەم مانایەدا وتویە :

بێ زامی خەدەنگ موژەی مەهروان
نەنگەن وەسارای قیامەت لوان

بێزامیماران سەرنەسای گەردەن
نەنگەن وەسارای مەحشەر ویەردەن

بێ زامی خەدەنگ موژەی دڵ پەکەر
نەنگەن وەسارای قیامەت گوزەر

(١) شیعرەکەی مەولەوی لە نوسخەی (مەحزوون) و ئەوی فخرالعلما لە نوسخەی (کاک سەید باقر هاشمی) وەرگیراوە.

واته : وەرە دڵە ڕاوکەی پاسەوانەکەی حەواس لابەو دەست بکە بە وتنی مەقامی ڕاس کەکزەی گیان ئەسوتێنێ . بەڵکو وێنەی پرشنگی خوا تیریکم خەڵات بکات . تا ئیتر بە بێ نامەو بێ کردار نەچم بۆمەیدانی حەشرو نیشانەی بێ ڕەحمی دڵبەرم پێ بێ .

- ١٩ -

چون بەندە بەو بەند ئیخلاسی بەندەن
هەرپاسە بەندەن تاحەیات مەندەن

تەمامی مەتڵەب ئەشعارم وانان
خاسی وخراپی یارۆیچم زانان

عەفیفەن بێ عەیب ، خاڵی یەن جەشەین
ئۆجاغزادەی خاس ، نەجیب تەرەفەین

ئادابش زەریف ، خولقش چون حوورەن
باڵامیانە (خیرالامور)ەن

بلێ واتەی من پوچ وعەبەسەن
گردین درۆبۆ سەییدیش وەسەن

والحاسڵ واتەم بێ درۆ ، راسەن
یارۆ پەی یارۆ پەی یاریی خاسەن [1]

---

١ - ئەم شیعرە وەڵامە بۆ مەلا عیسای جوانڕۆیی کە ئەو دەمە مەولەوی لە سەرەتای فەقێیەتیدا لە سەر دەستی ئەودا خوێندویە . مەلا عیسا بەم شیعرەی خوارەوە داوا لە مەولەوی ئەکات کە تاقیی کچێکی بۆ بکات ، بە مەبەستی ئەوەی ئەگەر شایان بێت بیخوازێت . شیعرەکە :

ڕۆلە بزانە ڕۆلە بزانە
ئەحوالی یارۆ پەریم بزانە

هەم جە خوێشانت ، هەم جە بێگانە
پرسە بزانە ئەو جە مەکانە

خاسیش ، خراپیش ، ئەتوارش ، کاڵاش
پەستیی قامەتش ، بڵندیی باڵاش

ئەحواڵش پەریم تەحقیق بکیانە
مەکەرە درۆ ، ماوەر ویانە

خاس جە لات خاس بۆ ، خراپ خراپ بۆ
تا واتەت مەقبوڵ اولوالالباب بۆ

باکەس نەزانۆ بەگفت وگومان
نەشۆ بە عەبەس گشت ئابڕومان

هەرکەس عاقڵەن ئیشارەش وەسەن
چەنی جاهیلان واتەی عەبەسەن

ئەگەر عاقڵی ئایەت بیینە
الطیبات للطیبین .

واتە : چونکە بەندە بەندم بە بەنی دڵسۆزییەوە ، هەر بەو شێوەش ئەمێنمەوە تا ژیانم ماوە . هەموو مەبەستی شیعرەکانم خوێندەوەو هەواڵی چاکی و خراپی یارۆیشم زانی . پاک داوێن وبێ خەوشە ، هیچ ئەنگی نیە ، وەجاخزادەی تایبەتیەو لە هەردوو سەرەوە واتە لە سەری دایک و هەم باوکەوە ئەجیبە . هەڵس وکەوتی جوانە ورەوشتی وەکو حۆری وایە ، باڵای مام ناوەندی‌یە . بڵێ قسەی من پووچ و بێهودەیە ، ئەگەر هەمووی درۆبێ ئەوەی بەسە کە سەییدە . قسەم درۆی تیا نیەو ڕاستە ، یارۆ بۆ یارۆ بۆ یاری پێ کردن باشە .

– ٢٠ –

حوققەی خەزێنەی تەجەللای زاتی
مەکتوبی تەفسیر شەئنی و سیفاتی

مەوج مەدۆ زهور نوری حەق تێدا
هەر وەک موشەممەع مەویەرۆ پێدا

هەر عوزوێم عوزوێ ئیسباتی فیکرێن
هەر عوزوێم نە عەین ڕابیتەی زیکرێن

تەمامی بەدەن ، مەغزو ڕەگ و پۆس
مەشغوڵەن بە زیکر ئیسباتی یا دۆس

وجودم یەکسەر خاڵی‌ی جە غەیرەن
تەنیا عەکسی یار تێدا نەسەیرەن

واتە : قوتوی گەنجینەی پرشنگدانەوەی خواو نوسراوی لێکدانەوەی شەئن و صیفات. دەرکەوتنی نووری خودا تێیدا شەپۆل ئەدات و هەروەکو شتێکی مۆماوی پێیدا ئەڕوات. هەر ئەندامێکی لەشم سەرگەرمی بیرکردنەوەیەو لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان لەکۆڕی یادی خوادان. هەموو لەشم، مۆخ و ڕەگ و پێستم سەرگەرمی یادی خودان و بوونی خوا ئەسەلمێنن. هیچ شتێک لە بوونی مندا نەماوە تەنیا نیگاری یار نەبێت.

هەستی‌ی و نیستی بە بێ تەوفیرەن
نەیچی هەر تەرزێ یا ها دڵگیرەن

لێدەر با جەم بۆ پەشیویی هۆشم
ناڵەی حەزینت بەیۆ نە گۆشم

تەئیسرش چون مۆم تاونۆمەوە
وە ئەسڵی مەتڵەب یاونۆمەوە (۱)

واتە : بوون و نەبوون لە لام وەکو یەک وایە، کەواتە شمشاڵ ژەن بەزمێکی دڵگیرمان بۆ بڵێ، شمشاڵ لێدە با هۆشی پەشێوم ڕێک بێتەوەو ناڵەی حەزینت بە گوێ ببیسم. ئەوەندە کارم لێ بکا وەکو مۆم بم تونێنێتەوەو بم خاتە سەر مەبەستە سەرەکیەکەم.

---

۱ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەحزوون) وەرگیراوە.

خاڵۆی تەسکین بەخش دڵەی پڕ دەردم
نەسیمی ملەی مانییای سەردم

یەکرۆتاوی هەرس دیدەم سۆڵش بی
بادی هەناسەم گەردەلوولش بی

پیران بەر وەحاڵ سێرەی منداڵی
نەتیجەی کڵپەی خاڵۆی زوخاڵی

ئەورۆ نامەی ئێش، شەوان نەسرەفتم
یەکسەر وانامۆ وەرەهن کەفتم

پەی چێش دەروونت وەجۆش ئاما بی
جەنامەی وەڵین پێسەت فامابی ؟

گۆیا وەتاقی تۆم بێ مەیل وانان
یاخۆ تۆم وەدڵ وەدڵ سەرد زانان

واتە : خاڵۆی ئارام بەخشی دڵەی پڕ لە دەردو ئازارم، شەماڵی ملەی کێوی مانەوەی ساردو سڕیم. ڕۆژێ تاوەبارانی فرمێسکی چاوم سوێر بوو، بای هەناسەم بوو بە گەردەلوول. پیرانی ئەبردەوە بۆ دەورەی منالی، ئەنجامی کڵپەی ئاگری دەروونی

خاڵۆی خەڵوزینم. ئەمڕۆ نامەی ئێش گەیی‌یە دەستم و شەو خەوی لێ حەرام کردم، یەکسەر خوێندمەوەو گیانی خۆم خستە گرەوەوە. بۆچی دەروونت هاتۆتە کوڵ، ئایا لە نامەی پێشو کەناردبومە خزمەتتان وەها تێگەشتی؟ گوایە بەڕاستی من تۆم بە بێ مەیل داناوە، یا بە دڵەوە تۆم بە دڵ سارد زانیوە.

هەی ڕۆ مەر ئاگات جە دۆستی نیەن؟
ڕەویەی یارانت نە خاتر شیەن

چون یارێ کوورەی دەروون جۆش دەرۆ
یادی یاری وێش وەدڵ باوەرۆ

ئارەزوومەند بۆ پەی ڕێزەی ڕازش
تەژنەبۆ پەی ڕاز دۆستی نەوازش

ناعیلاج مەشیۆ وێش بێدەنگ نازۆ
بێ تەقریب یەک چێو بەهانە سازۆ

یا مەواچۆ (گیان)، یا ماچۆ (زووخاو)
چی بکەرۆ دۆس بەیۆ وەجەواو؟

من فامم یەکسەر نە دەس وەردابی
شەوقی بێ سامان تۆ لێم سەردابی

واتە: هەی ڕۆ مەگەر ئاگات لە دۆستایەتیمان نیە؟ شێوەی دۆستایەتی یارانت لە بیر چۆتەوە یارێ کە کوورەی دەروونی تاو بدات و یادی هاوڕێی خۆی بە دڵ بکاتەوە.

وه هەروەها ئارەزوومەند بێ بۆ قسە کردن لە گەڵیاو تینوبێت بۆ قسەی دۆست نەوازانەی . ناچار ئەبێ خۆی بێ دەنگ بکات و هەروا بێ هیچ بەهانە دروست بکات . یا ئەڵێ (گیان) یا ئەڵێ (زوخاو) ، دۆست چی بکات لە بەرامبەر ئەوەدا بێتە وەڵام ؟ من یەکسەر عەقڵ و فامم لە دەست دابوو چونکە شادیی لە ڕادەبەدەری تۆ سەری لێ دابووم .

ئارەزووم ئامای نامەکەی تۆ بی
تەمەننام ڕەشحەی خامەکەی تۆ بی

پەوکە وەخدمەت بێ ئەدەبیم کەرد
تا نامەت بەیۆ پەی ساکنی‌ی دەرد

وەرنە سالاڵ بوون بێ مەیلت زانون
وەبەردی سەرد بوون ، ئەرسەردت وانون

من میعماری دڵ هەر کەفتەم تۆنێ
من خووی فێنکی توی سفتەم تۆنی

دارەکەی سەرکەن حاڵ پەشێوی من
وەبادی مەینەت دیواو دیوی من

ڕیشەم ئەر وەمەیل تۆ نەبەستە بێ
وەمەرگت سەد جار هاژەم پەستە بێ (١)

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (میم) وەرگیراوە .

واتە : ئارەزووم هاتنی نامەکەی تۆ بوو ، هیوام دڵۆپەی قەڵەمەکەی تۆ بوو. بۆ ئەوە لە خزمەتتا بێ ئەدەبیم کرد ، تا نامەکەت بێت بۆ ئارام کردنەوەی دەردو ئازارم . ئەگینا لاڵبم ئەگەر بە بێ مەیلت بزانم ، بیمە بەردێکی ساردو سڕ ئەگەر تۆ بە دڵسارد دابنێم . من وەستای خانوو دروست کەری دڵی بە قوڕ گیراوم تۆی ، من فووی فێنکی دەروونی سوتاوم تۆی . دارەکەی سەرکەنی حاڵی پەشێوی من کە بە بای مەینەت دیـواو دیـو ئەکات . ئەگەر ڕیشەیم بە مەیلی تۆ نەبەستبێ ، سەدجار بە مەرگی تۆ قەسەم هاژەهاژم دوایی بێت .

– ٢٢ –

خورشیدەکەی بورج مەلاحەت سوپیهر
دوورکەوتەن جە خەت ئیستیواکەی میهر

گەرمەسێری دڵ کەردەن وە لەیلاخ
کلێڵەش هۆردان دەمەی ئاخ و داخ

تۆفی زەمهەریر زەلانی ناڵەم
کەردەن وەبریان پای سەعی تاڵەم

فوراتی دیدەم تەمام یەخ کەردەن
گردین ئارەزووم وەسەرما بەردەن

تای ڕشتەی موژەم وەقەترەی ئەسرین
پڕ بیەن جە دوڕ چون خورشید زەڕین

واتە : خۆرەکەی بورجی جوانیی ئاسمان ، لە هێلی ئیستیوای خۆشەویستی دوورکەوتۆتەوە . گەرمیانی دڵی کرد بە کوێستان و کڵێڵەی بەردایە دەمەی ئاخ وداخ تۆفی زۆرساردی بای زەلانی ناڵەم پێی هەوڵ و تێکۆشانی بەختی کردم بە بریان . (سەرمای زۆریش پێست ئەسوتێنێ) . ڕوباری فوراتی چاوم بە تەواوی بۆتە سەهۆڵبەندان و هەموو ئاوات و ئارەزووی بە سەرما بردم . تای هۆنراوەی برژانگم بە دڵۆپەی فرمێسک هەروەکو خۆری زێڕین پڕ بووە لە مرواری .

ساعیقەی دووریت هۆرتکنا ئەعزام
دەخیلم ساقی جەمین ئاهیر فام

جە سەرجۆشی خۆم جامێ ناری تەڕ
باگرەو بەرۆ گەرمیش جە ئەخگەر

پێم دەرتا پەردەی یەخ کەردەم بۆگەرم
موتریب وە پەردەی ڕوبابت بێ شەرم

واچۆ مەهرویان وەفاشان نیەن
کێ جە عەهدی گوڵ دەوامش دیەن ؟

ئەقەل مەنمانان وێشان وە بولبوڵ
سەد پەیکانی خار مەپێکان نە دڵ

واتە : هەورە چەخماخەی دووریت هەموو ئەندامەکانی لەشی هەڵتەکاندم بە سەریەکدا ، دەخیلم مەیگێڕی ناوچاو ئاگرین بەهانامەوە وەرە . لە سەر توێژی کووپەکە جامێ ئاگری تەڕم بەرێ ، با ئەوەندە گەرم بێ گرەو لە پشکۆ بباتەوە . بمدەرێ تا

پەردەی سەهۆڵبەستەم گەرم بێتەوەو گۆرانی بێژ تۆیش بە پەردەی ڕووبابەکەت بێ شەرمدەنگێ هەڵدە . بڵێ نازارانی ڕوو وەک مانگ وەفایان نیەو کێ تا ئێستە دەوامی پەیمانی گوڵی بینیوە ؟ . کەمێک خۆیان بۆ بولبول ئەنوێنن و بەو کەمە تواندنە سەد تیری دڕک لە دڵ هەڵئەپێکن .

جەو دما پای شەرتێ مەکێشان وە پەس
بولبول جە گوڵشەن مەمانۆ بێکەس

فیدات بام نەیچی کەسم هەر تۆنی
حەکیمی زامان کۆنە و هەم نۆنی

لێدەر مەقامێ دڵ باوەر وە دەرد
ئازیز سڵامەت ، من ها کۆچم کەرد [1]

واتە : پاشان پێی پەیمان ئەکێشنە دواوە و بولبولیش لە گوڵشەندا بێکەس ئەمێنێتەوە. بە قوربانت بم شمشاڵ ژەن هەر تۆ کەسمی ، هەر تۆ پزیشکی زامە کۆن و تازەکانمی . مەقامێ لێدە دڵ بێنێتە ژان ، ئازیز خۆش بێ من وا مردم و کۆچی دواییم کرد.

- ٢٣ -

دڵە دیارەن بێ قەرارەنی
خەیاڵی سوحبەت ڕاگەی یارەنی

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەحزوون) وەگیراوە .

ئەر سەد دەوڵەتمەند جە خەدەنگەنی
بشێ گیان نە دوڕ دڵ جە سەنگەنی

بەڵام پەی کەسێ دڵ پڕ جە تاسەن
هەمسایەی یانەی دەوڵەتمەند خاسەن

منیش سەروەشم وەرەفیقیی تۆ
وەرملی چەنیش خودات چەنی بۆ

من بازە وەدەرد هیجرانی باڵاش
ئانە تۆو سوحبەت گەردی پاو پاڵاش

بەڵام ویرت بۆ وەی فەقیرەوە
چون تلیەی وەزام مەودای تیرەوە [1]

واتە : ئەی دڵ دیارە کە بێ ئارامی ، چونکە خەیاڵی ڕێگای یارت لە سەردایە . تیری زۆرت پێوە نراوەو بەوە دەوڵەمەند بوویی ، گیانت هەمووی بۆتە مرواری و کەچی ناخت هێندە ڕەقە هەر ئەڵێی بەردە . بەڵام بۆ کەسێ کەدڵی پڕ لە تاسە بێت ، هاوسێیەتی ماڵە دەوڵەمەند بۆی باشە . منیش بە هاوڕێیەتی تۆ سەرخۆشم ، تۆش ئەگەر لە گەڵیا ئەڕۆی خوات لە گەڵ بێ . من بێڵەوە بەژان و ئازاری دوورکەوتنەوەی باڵایەوە و ئەوەش تۆو گەردو تۆزی پێی ئەو ، بەڵام هەرچۆنێ هەیە بیرت بەم هەژارەوە هەبێ ، وەک چۆن تلای بە زامی نووکی تیرەوە .

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (شەهاب) و (سیروس) وەرگیراوە . کاک محەممەد عەلی قەرەداغیش لە گۆڤاری کوڕدا بڵاوی کردوتەوە.

دیسان هەم گەردش چەواشەی بەدخۆ
مسازۆ پەی وەسڵ بەینی من و تۆ

داخۆ نسیو غەم کام وڵاتشەن
هەم زامی خەدەنگ کێ خەڵاتشەن ؟

ئەمجار وەتەحقیق دووریی تۆ سەردان
دووریت وێنەی قەیس کەردم سەرگەردان

هەنی من خاتر وەکێ کەروون شاد
وەبۆنەی کێوە غەم دەرون وەباد ؟

چفەی ڕاز نەرم کێ نەگۆشم بۆ ؟
شەوان دەستی کێ نەئاغۆشم بۆ ؟

واتە : دیسان سوڕانەوەی چەرخی سەرلێشێواوی بەوخو ، خۆی ڕێک ئەخا بۆ بەیەک گەشتنمان . داخۆ چارەنوسی خەم لەکام وڵات بێ و زامی تیری کێ‌ی خەڵات ئەکرێ ؟ ئیستە ئیتر بە ڕاستی دووریت دەستی پێ کرد و ئەو دوورکەوتنەوەیەت وەکو مەجنوون سەرگەردانی کردم . ئیتر من دڵ بە کێ‌خۆش بکەم و بە بۆنەی کێوە خەم بدەم بە با ؟ چپەی نەرمی کێ بەرگوێم بکەوێ و شەوانە دەستی کێ لە باوەشم دابێ ؟

سا با بناڵون من وەی زامەوە
وەی زامی کاریی بێ دەوامەوە

تەن بدەم وە ئێش دەردی سەختەوە
وەی دەردی کاریی شومیی بەختەوە

شەڵڵا ڕۆی ئەزەل دیدەم کۆر بیا
دیدەم تاوەی دەم دیدەی تۆ نەدیا

نەبیایام چەنەت شەوان وەهامراز
سەرم جە سەودات نەبیا سەرئەفراز

چون وەی تەور تەقدیر کەردش حەواڵە
هەنی دیدەنیی دیدەت مەحاڵە

واتە : دەی سا با بەدەم ئەم زامە کوشندەوە بناڵم کە بە هیچ جۆرێ دەرمانی‌نیە . لاشەم بدەم بە دەم ئێشی دەردی سەختەوە ، بەدەردی کوشندەی بەختی شوممەوە . خۆزگایە هەر ڕۆژی یەکەم چاوم کوێر بوایە و چاوم تا ئەم کاتە چاوی تۆی نەدیایە . شەوانە لە گەڵت نەبوایەم بە هاوڕاز و سەرم لە عەشقتدا سەربەرز نەبوایە . چونکە چارەنووس بەم‌شێوەی‌کرد و ئیتر بینینی چاوت مەحاڵە .

ئازاد کەر گەردەن ئاخر لوامەن
کۆچی نەوپەی دڵ ئەو نەونەمامەن

من خودا حافیز تۆ بنیش وەشاد
داخ بەرین‌وەگڵ ئێمەیچ چون فەرهاد [1]

واتە : گەردنم ئازاد کە دوا کۆچمە ، کۆچی تـازەی دڵـە لە ئـەو تـازە تـەمامە . مـن خواحافیزو تۆیش بە شادیی دابنیشە ، وەکو فەرهاد داخی دڵم بیەمە گڵەوە

– ٢٥ –

دوکەڵی قلیان وەش نەفەسێوەن
ئەڵقەش بە وێنەی زوڵفی کەسێوەن

وەختێ هورمزۆ ، مەمەدرۆ خەیلێ
ئەڵقە مەپێکۆ ، چون زوڵفی لەیلێ [2]

واتە : دووکەڵی قلیان خۆش نەفەسێکە
ئەڵقەی بە وێنەی زوڵفی کەسێکە

وەختێ هەڵئەسێ ناوەستێ خەیلێ
ئەڵقە ئەپێکێ وەک زوڵفی لەیلێ .

(هورمزۆ = بەرز ئەبێتەوە) . (خەیلێ = زۆر) .

---

١ - ئەم شیعرەبۆ کۆچی دوایی ژنی یەکەمی نوسیووە . لە نوسخەی (مەحزوون) وەرگیراوە .

٢ - ئەم شیعرە لەنوسخەی (میم) وەرگیراوە . کاک عثمان هـەورامـیش‌لە کتێبی مـیهرەجانی مەولەوی ل ١٨٨ دا بڵاوی کردۆتەوە . لە نوسخەکەی لای ئێمەدا لە باتی (ئەڵقەش بە وێنەی زوڵفی کەسێوەن) نوسراوە (ئەڵقەش چون کەمەند زوڵفی کەسێوەن) .

سا چۆن دڵ وه شاد ، دڵشاد نەبۆ ، شاد
گیان جه زەمانەی ئەلەست نارۆ یاد

ڕۆح چەنی جه تەن ڕەهایی نەبۆ ؟
تەن چەنی جه ڕۆح جودایی نەبۆ ؟

ئازیز وەکەرەم نامی من بەردەن
گوڵپەرێم به دڵ ڕەوانه کەردەن

نەمەندەن جەلام ئەسڵەن غوسسەو دەرد
جەقەرنێ یەکساڵ ڕاس گێڵا چەپگەرد

فەلەک تا ئازیز خەیمەی خەمان بۆ
وەهاری عومرت وەبێ خەزان بۆ

واته : ساچۆن دڵ بەشادیی تەواو دڵشاد نەبێ ، گیان بیر له ڕۆژی مردن ناکاتەوە . ڕۆح چۆن لەلەش ڕزگاری نەبێ ؟ وەلەش چۆن له ڕۆح جیا نەبێتەوە ؟ خۆشەویستەکەم له ڕووی نازەوە ناوی منی بردووە و بەدیاری گوڵی بۆناردووم . بە هیچ جۆرێ خەم و ئازارم لەلا نەما ، لەچەرخێکا ساڵێک‌دەوران بەلای ڕاست دا گەڕا. ئەی فەلەک تاکو ئازیزەکەم خێوەتی خەمان بێ و خەمی‌لە لاباریێ ، بەهاری تەمەنت بەبێ گەڵاڕێزان بێ (واتەمەرگی بەسەردا نەبارێتی) .

من کێنان وەمەیل وەیادم باری ؟
ئومێدم ئیدەن جە دەرگای باری

تاقاف پەیدنیا چون شیرازە بۆ
سەرمایەی عومرت هەردەم تازە بۆ [1]

واتە : من کێم واتۆ بە مەیلەوە یادم ئەکەیتەوە ، هیوام ئەمەیە لە دەرگای پەروەردگار : تاکو چیای قاف بۆ دنیا وەکو شیرازە وابێ ، سەرمایەی ژیانت هەمیشە تەڕو تازە بێ (واتە : تا چیای قاف بە پێوەڕاوەستاوە تۆ هەربژیت) .

– ٢٧ –

ساقی سا وەیاد ئێمەو هام فەردان
وەعیشقی مەستی گەردەن بێ گەردان

بدیە یەوادەی بادەنۆشانەن
دڵ پڕ جە خەیاڵ مەیفرۆشانەن

یاران وە دڵواز مەجلیس بەستەوە
دیدەنیی ئازیز هاوە دەستەوە

یە چەتری ستوون سای سایەی عەرعەر
یە جەرگەی یاران وێنەی لیمۆی تەڕ

---

١ – ئەم شیعرە لە نوسخەی (دۆڵاوی) وەرگیراوە .

یە سۆزی دەروون ڕەنگین لێوەدار
یە نالەی حەزین ، یە بەزمی دلدار

واتە : مەیگێڕ سا بە یادی ئێمە و هاوڕێ شاعیرەکانمانەوە ، بە عەشقی مەستی گەردن وملی جوانەکانەوە . سەیر کە ئەمە کاتی مەی نۆشینەو دڵ پڕە لەخەیاڵ و کەڵکەڵەی ئەوانەی مەی ئەفرۆشن . یاران بە ئارەزووی دڵ کوڕیان گەرم کردووە ، چونکە ئازیز ئەیەوێ سەردانمان بکات . ئەمە چەتری ستوونی سای سێبەر عەرعەر و ئەمە کوڕی یاران بە وێنەی لیمۆی تەڕ (؟) . ئەمە سۆزی دەروونی ڕەنگاوڕەنگی کەسانی شێت و سەرسام و ئەمە نالەی دڵتەنگ و ئەمەش بەزمی دلدار .

یە قەدەح ، یەمەی ، یە موتریب ، یەنەی
فیدات بوون ساقی سادەی جامێ مەی

جامێ جەو بادەی سافی گوڵناریی
نە قەهقەهەی مەی شیشەی زەنگاریی

بڕێز نە تۆی جام بادە پەروەردە
هەزاران چون من وە ڕەقساوەردە

تاڕێزون نە تۆی مەوجی دەروون دا
تەوەن دۆ وەحاڵ سۆزی مەجنوون‌دا

(مەعدومی) جە داخ دیدە خوماران
داخڵ وەبەزم جەرگەی مەیخواران [1]

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (شەوکەتیاریان) وەرگیراوە .

واتە : ئەمە پیاڵە ، ئەمە مەی ، ئەمە گۆرانی بێژ ، ئەمە نەی ، دەی بە قوربانت بم مەیگێڕ جامێ مەیمان بۆ بێنە . جامێ لەو شەرابە بێ گەردەی کە وەکو گوڵە هەنار ئاڵەو لە قوڵپە قوڵپی ئەومەیەی نێو شوشە سەوزەکە . بڕژێنە ناو ئەو جامەی کە بە شەراب پەروەردە بووە ، ئەو شەرابەی کە هەزارانی وەک منی هێناوەتە هەلە کە سەما تامنیش بیرژێنمە نێو کەف و کوڵی دەروون و بەرد بماڵم بە حاڵی هەڵقرچاوی مەجنووندا (مەعدومی) لە داخی چاو خوماران ، بچێتە ناو بەزمی کۆڕی مەی خۆرانەوە .

- ۲۸ -

سەرمەودای قەڵەم جەکاکەکەی عەشق
نەقشش نە عەقیق دڵدا کەردەن مەشق

زهورت کەردەن نە مەغزو پەیدا
چون قووەی نەشئە جە عەینی مەیدا

تەمامی ئەعزام مەملوی مەیلی تۆن
لێم حاڵی نیەن هەستی‌ی وێم جە کۆن

زوانی تەوبیخ نمەکەردش پاک
ئەرسەد تیغ بەیۆ سینەم کەرۆ چاک

کائینات جەلام گرد تەسویری تۆن
ئەربانەن ، ئەر دەشت ، ئەرشاخەن ، ئەرکۆن

واتە : نوکی قەڵەمی دەستی هەڵکۆڵەرەکەی عەشق، نەخشی‌جێ پەنجەی لەئاقیقی دڵدا کرد بە مەشق . خۆت دەرخستووە لەمۆخ و ڕەگی گیاندا ، هەروەکو تین و تاوی نەشەبوون لەناو مەی‌دا . هەموو ئەندامەکانی گیانم پڕ پڕن لە مەیل و ئارەزووی تۆ ، بە جۆرێ کە نازانم بوونم لەکوێ‌یە . زمانی سەرزەنشت کردنی پاک نەکردەوە ، ئەگەر

سەدتیخ بێت و سنگم لەت لەت بکات. هەموو بوونەوەر بەلامەوە وێنەی تۆیە، بان و دەشت بێ یا کەژ وکێو.

مەرسەرسمانو جەورەکەی قەزا
عەکست نەبینای جەستەم کەرۆ جیا

وەرنە تا حەیات عاریەتم مەندەن
ئەجەل بنچینەی نەسیب نەکەندەن

هۆشو خەیاڵم دایم جەلای تۆن
ویردم زیکری تۆن ئەر شەوەن، ئەر ڕۆن

تاقەت نەکانون عەسیقی جگەر
کەردەن وەتێزاو دەردی پڕ خەتەر

کەردەن وەتەڵا مسی ڕوخسارم
بیەن وەباعیس گەرمیی بازاڕم

واتە: مەگەر سەرسمدان واتە کەوتن و ستەمی قەزا، وێنەت لە گیانم جیا بکاتەوە. ئەگینا تاکو ژیانی ڕەجالیم ماوەو ئەجەل بنچینەی نسیبی هەڵنەکەندووم. هۆشو خەیاڵم هەمیشە لە لای تۆیە، ویردم هەریادی تۆیە ئەگەر بە شەو بێ یا بە ڕۆژ. تاقەت لە ئاگردانی خۆیدا سەرابی خراپ بووی جگەری کرد بە تێزابی دەردێکی پڕ خەتەر. مسی سیمای کردم بە ئاڵتوون و بووبە هۆی گەرم بوونی بازاڕم.

هەرکەس مەوینۆ مەشناسۆ دەردم
مەزانۆ نەعلم وەفادا مەردم

خاکم نەمداوەی مەوتەن جە ئەزەڵ
سەبتەن نەکەللەم یەکڕەنگی‌ی ئەوەڵ

پایەداریی عەهد خاصەی زاتمەن
سەربازیی پەی دۆس نە سیفاتمەن

سەرفی ڕای یاران تا گیان بۆ باقی
ئومێدەواریم دەورەی تۆن ساقی

ڕەواجی بازاڕ سەهبا نۆشان بۆ
داخڵ وەمەجلیس خەرقەپۆشان بۆ [1]

واتە: هەرکەس ئەمبینێ دەردم ئەزانێ و ئەزانێ لەزانستی وەفادا مردووم. لە سەرەتاوە خاکم شێی هێناو پێم نایە ئەم نیشتمانە، باوەڕ بوون بە یەکبوونی خـوا لە کـەللەمدا جێگیر بووە. پەیمان بە سەر بردن لە تایبەت مەندیەکانمەو سەرکردن بـە قـوربانی دۆست سیفەتمە. تا گیان ماوە لەڕێی یاراندا بە سەربەرێ و ئیتر هیوام‌وایە مەی‌گێڕ دەورێ بدەیتەوە. ئەو دەوردانەوەت برەو بدات بە بازاڕی‌مەینۆشان و بچمە کـۆڕی خەرقە پۆشانەوە.

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەحزوون) وەرگیراوە.

- ٢٩ -

سەراپای ئەعزام ئێسک و مەغزو پۆست
دایم مەیۆ لێش زایەڵەی یادۆست

دۆستەن نەتۆی پۆست مەواچۆ یا دۆست
وەرنە کێ دیەن سەدا بدۆ پۆست ؟[1]

واتە : هەموو ئەندامەکانی لەشم ، ئێسقان و مۆخ و پێست ، هەمیشەزایەڵەی یا دۆستیان (خوا) لێ دێ . ئەوە خودی‌دۆست خۆیەتی لە پێستمدا ئەڵێ : یا دۆست ، ئەگینا کێ‌دیویەتی پێست دەنگی لێوە بێ .

- ٣٠ -

شەست پەڕسەوز بان وەڕووی زەردەوە
چون شەفیع پەی من عوزر ئاوەردەوە

بویەر جە تەفسیر خەریکی دەردم
وەرنە گیان پێشکەش باڵات مەکەردم[2]

---

١ - ئەم شیعرەلە نوسخەی(دۆلاوی) وەرگیراوە و لە گۆڤاری سروەی ژمارە (٧٤) ل ١٩ شدا بڵاو کراوەتەوە .

٢ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (دۆلاوی)وەرگیراوە .

واته: سورایی بە وێنەی ڕەنگی گوڵە شەست پەڕ بە ڕوخساری زەردەوە دروست ببێ، چونکە (شەفیع = تکاکار)عوزری بۆ من هێنایەوە. لە کەم و کورپیم بیورە چونکە سەرگەرمی دەردو ئازارم، ئەگینا گیانم پێشکەشی باڵات ئەکرد.

- ٣١ -

شەماڵ لای سەروی ساوای سایەنەو
عەرزێم بۆ تەسکین ئەر بەریش پەی ئەو

تاسفتەم مەندەن بشی بە یادی
هەرگەردێت بەردەن گەردەن ئازادی [١]

واته: شەماڵی لای ئەو تازە پێگەشتوە، قسەیەکم هەیە بۆ ئەوەی ئارام بم، بیبە بۆ ئەو تا خۆڵەمێشەکەم ماوە پچی بۆ لای و هەرگەردو تۆزیکیشت برد گەردنت ئازادبێ

- ٣٢ -

شەوق شادی نۆ ....
بینای کاری خێر، شەوق شادی نۆ

عەجەب ئاهەنگێ تۆ وەپاکەردی
عەجەب ئەساسێ وە هەم ئاوەردی

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (بایتچو) وەرگیراوە.

هەی هەی جەی شۆڕش ڕۆح ئەفزای خاسە
بەخ بەخ جەی‌شادی شیرین ئەساسە

فەلەک نەشێونۆ ئەی بەزم تازە
ئەی بازاڕی عەشق ناز وە ئەندازە

یاران ، هامسەران ، هەی دەردەداران
هەی گرۆی مەینەت ، دەخیل غەمباران

واتە : خۆشی‌ی شایی نوێ ، دروست بوونی‌کاری خێر.. .خۆشی‌ی شایی نوێ . ئاهەنگێکی‌سەیرت بەرپا کرد و بناغەیەکی سەیرت دامەزراند . هەی هەی‌لەم هەراو هوریای گیان‌بزوێنە تایبەتیە ، بەخ بەخ لەم‌شایی‌یە بنەماشیرینە . فەلەک ئەم بەزمە تازەو ، ئەم بازاڕی خۆشەویستیەی کەنازی بە ئەندازە تیا ئەفرۆشرێ ، نەشێوێنێ یاران ، هاوسەران ، هەی دەردەداران ، هەی‌دەستەی مەینەتبار ، ئامان خەمباران .

هەرکەس ئارەزووش نەزەربازی بۆ
مەیلش وەمەیدان تیر ئەندازی بۆ

بەیان ، بوینان ، بزانون ڕاسەن
یاخۆ من سەرسام هۆشم وەسواسەن

یا غەوغای مەحشەر هجومی عامەن
یازەلزەلەی گەرم یوم‌القیامەن

بەزمەن ، بساتەن ، نەزمەن ، ئاهەنگەن
ڕەقسەن ، ڕەقاسەن ، چەقانەن ، چەنگەن

وادەی ئەحیای مەوت مەردەی سەدساڵەن
نۆشانۆش جام بادە وە پیاڵەن

واتە : هەرکەسێ حەزی لە چاوەبڕکێیە و مەیلی چوونە مەیدانی تیر تەقاندنی هەیە . بێن ببینن ، بزانن ئەمە ڕاستە . یا من شێت بووم و هۆشم تێکچووە و. یا هەراو زەنای ڕۆژی دوایی و هاشاوڵی حەشیمەتی خەڵکە ، یا بوومەلەرزەی یەک‌لەدوای یەکی ڕۆژێ پەسڵانە. بەزمە ، شادی‌یە ، چریکەیە ، ئاهەنگە ، سەمایە ، سەما کەرە ، حەقەنەیە، چەنگە . کاتی زیندوو بوونەوەی مردووی سەدساڵەو نۆشانۆشی جامی شەرابە بە پیاڵە .

شەهدەن ، شەربەتەن ، شوربەن، شەرابەن
کەمانچەو موکەش ، ڕەوق و ڕوبابەن

تەپڵەن ، دەهۆڵەن ، سەنتورەن ، تارەن
سازی عادەتی ، هەم مۆسیقارەن

گازەن ، دڵوازەن ، سازەن ، ئاوازەن
ڕازەن ، دەمسازەن ، نازەن ، نیازەن

عەیشەن ، عوشرەتەن ، کەیفەن ، دەماخەن
زەوقەن ، زینەتەن ، بەرگەن ، پەرداخەن

سەدای لەرزانەی شەدەلارانەن
سەیری سەرتاپای خاتر دارانەن

واتە : شەهدە ، شەربەتە ، خواردنەوەیە ، شەرابە ، کەمانچەو موکەشە ، ڕەوق و ڕوبابە . تەپڵە ، دەهۆڵە ، سەنتورە ، تارە ، سازی ئاسایی و هەم مۆسیقایە . گازە ، دڵخوازە ، سازە ، ئاوازە ، ڕازە ، دەم سازە ، نازە ، نیازە . خۆشی‌یە ، ڕابواردنە ، کەیفە ، دەماخە ، زەوقە ، خۆڕازاندنەوەیە ، جل و بەرگی ئاڵ و واڵایە . دەنگی لەرزانەی شەدەلارانە ، سەیری سەرتاپای دڵدارانە.

قەتارەی قەیتول نازک ئەنداماں
سەماو ڕەمای خاس جەمین چون جامان

(سەوزە سەوزەڵێ)ی ساز زەنان گەرمەن
ناڵەی موتریبان بێ وادەو شەرمەن

جە سەدای (جەیران) عالەم حەیرانەن
دوو شاخەی (جەیران) شاخی جەیرانەن

زومرەی خەوانین بزورگان یەکسەر
ئاشوفتەی (صەنەم) حەیرانی دڵبەر

قاپی‌ی هیدایەت ، ڕای نەجات بەستەن
تەمامی‌عالەم (صەنەم) پەرەستەن

واته : ڕیزبوونی‌نازک ئەندامان و هەڵپەرکێی تایبەتی سیما وەک ئاوێنەکان . گۆرانی (سەوزە سەوزەڵێ)ی ساز لێدەرەکان گەرمەو چریکەو ناڵەی گۆرانی‌بێژەکان بە وەخت وناوەخت پەردەی شەرم ئەدڕێ . لە تاودەنگی (جەیران) دنیا سەرسامەو دووشاخەی (جەیران) لە شاخی ئاسک ئەچێ . دەستەی خان و پیاوە گەورەکان هەموویان شەیدای (صەنەم) و حەیرانی دڵبەر بوون . دەرگای هیدایەت (ڕێنمونی) و ڕێگای ڕزگار بوون بەستراوە ، هەموو جیهان صەنەم پەرستە .

شای (صەنەم) سورەت غەمزەو ناز فرۆش
هونی دڵداران ئاوەردەن وەجۆش

ڕیشمەو گریشمەی (زیبا)ی نازەنین
بەتاڵ کەرد بازاڕ سەنەمخانەی چین

باقی بێگلەران لاقەید جەتانە
سەرمەست و مەدهۆش مەیل وەمەیخانە

خسوس ئارەزوی مەجنون دەماخان
تەمەننای دیدەی لەیلێ پەرداخان

عەتری گوڵ عەرەق شیرین جەماڵان
شین وست وەیانەی کۆکەن خەیاڵان

واتە : شێوەی زۆر جوانی صەنەمی خەمزەوناز فرۆش ، خوێنی دڵدارانی هێناوەتە کوڵ . ڕیشوی دەسماڵ و نازکردنی زیبای نازەنین ، بازاڕی نازدارنی چینی بەتاڵ

کردەوە . میرەکانی تر بێ ئەوەی گوێ بە تانەو تەشەربدەن ،سەرمەست و سەرگەردان بوون و ئارەزووی مەیخانە ئەکەن . بە تایبەتی ئارەزووی لاوەدڵدارەکان ، ئەوانەی کە بوونەتە مەجنون ، مەیلی چاوی لەیلی ڕازاوەکان ئەکەن . عەتری ئـارەقەی جـوانـە شیرینەکان ، شیوەنی بەردایە ماڵی فەرهادەکان .

شەرارەی ئاهیر بۆتەی وەفاو مەیل
ئیشارەی ئەبرۆی یاری مۆبەت کەیل

بن دەسێ فرسەت چفەو چەم بازیی
وادەدان وەلەیل ڕەزاو ناڕازیی

ناڵەی زگاران ، زڕەی کۆسە ڵکۆس
قاعیدەی قەدیم (هەی شاباش ، هەی دۆس)

کاڵای بازاران ، ئاڵای نازاران
لاڵای دڵداران ، ناڵای ئەوگاران

کەمانچەدڵگیر ، دوکانچە عەبیر
دەوانچە زەمیر ، قەوانچە زنجیر

واتە : بڵێسـەی گڕی نێو بـۆتەی وەفـاو مـەیل و بـرۆهەڵتەکـاندنی یـاری مـەستی خۆشەویستی . ئەوانەی لە پاڵ یەکدا دەستیان گرتوە هەل ئەقۆزنەوە بۆ چپە کردن و چاو لە یەک داگرتن ، بەڵێن ئەدات بە خۆشەویستەکەی ڕازی بێت یا ناڕازی . ناڵەو هاواری خەمباران و زیڕەی گریانی ئەوانەی کە دووجار کۆسیان کـەوتوە بـە پـێی

دەستووری کۆن گۆڕا بە دەنگی (هەی شاباش) (هەی دۆس) . کاڵای بازارەکان ، باڵای بەرزی نازدارەکان ، لاڵانەوەی دڵدارەکان ، ناڵەناڵی بریندارەکان . (لاڵانەوەی دڵدارەکان بۆ بەدەست هێنانیکاڵای بازارەکان ، تابکرێن بە جل و بەرگ بۆ باڵای بەرزی نازدارەکان و ئینجا لە سەیری ئەو دیمەنەدا بریندارانی عەشق دەست ئەکەن بە ناڵە ناڵ) کەمانچە دڵگیرە ، دوکانی بچکۆلە عەبیری تیایە (مەبەست سەرسنگە) ، دەمانچە زەمیرە وفیشەکدانیش بۆتە زنجیرە .

پەنجەی بێ ئەندێش ، لەنجەی چۆپی کێش
قەنجەی دڵەی ڕێش ، ڕەنجەی شێوەی وێش

دیای ڕەوێڵان ، خەمیای سەرخێڵان
ڕەمیای کامێڵان ، چەمیای جاهێڵان

(دابۆ) ی سەرسامان ، (لاچۆ) ی نەمامان
وەشبۆی شەمامان ، ڕۆڕۆی کەم فامان

لفەی سەردەسماڵ ، خفەی لیمۆی کاڵ
قفەی سۆسەن خاڵ ، چفەی پەری باڵ

ساقی مەی هەی مەی ، باقی دەی باقەی
تاقی دنیای دون (لیس الاحی) .

واتە : پەنجەی بێ ترس (کە پەنجەیەتر ئەگوشێ) ، لارو لەنجەی چۆپی کێش ، لەت کردنی دڵی بریندارو حاڵی کەسێکیڕەنجاوی شێوەی خۆی . ڕوانینی خەڵک بۆ

چەمینەوەی سەرۆک خێڵەکان لەکاتی هەڵپەڕکێداو ڕاکردنی پیاوانی خوا لەکاتێکداکە لاوەکان ئەنوشتێنەوە . (ئادەی وەرە)ی سەرسامەکان و (لاچۆ)ی کیژەکان ، بۆنی خۆشی شەمامەکان و هاوارو ڕۆڕۆی کەمفامەکان . لفەی دەسماڵی دەستی چۆپی کێش و لەرزەی لیمۆی کاڵ ، کۆکەی سۆسەن خاڵ و چپەی ئەو نازدارەی کە هێندەی باڵی پەری جوانە مەیگێڕ مەیەکم ئەوێ بەڵام مەی بێ ، وەها بێ کە بەڕشانەوە باقی بدەمەوە. دڵنیابە ئەم دنیا هیچ و پووچە کەسی تیانیە خوانەبێ .

نیگای دیدەی دۆس ، دیای پەنهانی
دڵ وەشی‌ی مابەین یارانی گیانی

سەدای (لاوەی لاو) نەزمی دڵ لاوان
هونی ڕیشەی جەرگ ئادەمی تاوان

نمانای قوماش قوتنی هەزارڕەنگ
واڵای ئاڵای خاس باڵای شۆخ و شەنگ

بۆی عەتری گەردەن ، شوشەی تەڵای تەڕ
برقە برقی تاس فەرق (کڵاوزەڕ)

هارەی لاچناخ لاڕیشەی یاران
خاستەر جەزیلەی زەنگی زواران

واتە : نیگای چاوی دۆست و دزەڕوانین ، بۆتە مایەی دڵخۆشی‌ی نێوان یارانی گیانی بە گیانی . دەنگی گۆرانی (لاوەی لاو) ڕشتەی دڵی هۆندەوە و خوێنی ڕیشەی

جەرگ ئینسانی تاواندەوە. تواندنی قوماشی لۆکەیی بە هەزار ڕەنگەوە و بەرز کردنەوەی ئاڵای تایبەتی باڵای نازداری شۆخ و شەنگ بۆنی عەتری گەردن و ملی وەکو شوشەی پڕ لە ئاڵتونی تەڕدا،بریقە بریقی تاس کڵاوی سەری (کڵاوزەڕ). هاڕەی لاچناخی یاران خۆشترە لەزایەڵەی زەنگی کاروانەکان.

حەڵقەی حەی تاران ، دەستەی زوڵفی شۆڕ
سەر نەسای گەردەن ئاهوانی تۆڕ

گرمەگرمی جۆش لیتە ڕەش بەڵەک
لارەو قەتارە ، ئیشارەی وەکەڵک

هەوەسیا ، بۆسا ، تۆئاسا ، تاسا
سەرگۆش وەخەڵوەت هزم وهەناسا

نەتۆی تای کەتان لۆنگی بەغدایی
یار وەئیشارەی پەنجەی حەنایی

شەوق و زەوق زەنەخ ، خاڵانی ئاوی
ورشەو پرشەی گوڵ گۆنای گوڵاوی

واتە: ئەڵقەی ڕەشماری جەپکە زوڵفی شۆڕ کە بە سەرگەردنی ئاسکی سرکدا شۆڕ بۆتەوە، گرمەگرمی بەکوڵی دەستەی ڕەشبەڵەک و لار بوونەوەو ڕیز بەستن و ئاماژەکردنی بە کەڵک. حەپەسا، ماجی کرد، تۆ ئاسایی تاس بردیەوە، ئیتر کاتی قسەکردن نەماو گویچکە پێویستە ئاگای لە جموجوڵ و هەناسەی هەڵپەڕکێ کەران بێ

له دووتوێی کەتانی کوڵەوانەی بەغدادیدا، یار بە پەنجەی خەناوی‌یەوە خەریکی ئاماژە کردنە. شەوق و زەوقی چەناکەو خاڵی شین و ورشەو پرشەی گۆنای وەکو گوڵی عەتراوی.

هاژەی کەڵەوێم ئاڵای سەرووەهەم
خشەی مێخەک بەند لە سەر سینەو مەم

زیلەی زایەڵەی زرنگەی زەر زەنگۆڵ
زڕەی زەڕزنجیر کۆڵوانە وەکۆڵ

تەقەی پەنجەی گۆش، گێڵای بازیی باز
خڕەی خڕخاڵان، فڕەی (سەرووەناز)

خەندەی بێ خەیاڵ، چریکەی وەسۆز
پریکەی دڵبەر پەردەی دەروون دۆز

ڕەقس و سەمای خاس نازەنین نازان
فەسڵی وەسڵی مەیل ئاواتە وازان

واتە: دەنگی هاژەی کەڵەویم کە سەریان ناوە بە یەکەوە تێکەڵ بووە لەگەڵ خشەخشی مێخەک بەندی سەرسنگ. زیرەی زایەڵەی زرنگەزرنگی زەنگڵەی ئاڵتون بۆتە هاودەنگی زڕەزڕی زنجیری کۆڵەوانە بەکۆڵ (تەقەی پەنجەی گۆش؟) بەدەم یاری کردنو گەڕانەوەی چاو بازەوە. خڕەخڕی خڕخاڵان و فڕەی سەرووەناز تێکەڵ بووە. پێکەنینی شادمانانەو چریکەی بەسۆز تێکەڵ بووە بە پریکەی ئەو دڵبەرە کە پەردەی دەروون ئەدورێتەوە. هەڵپەڕکێ و سەمای تایبەتی نازەنینە بە نازەکان، وەرزی بەیەک

گەشتنی ئارەزووی ئاواتەخوازانە .

قورتاسە مەفتول شۆڕاوە گوڵەنگ
گێسوی سەرازێر ، پاوانە پاچەنگ

سائەجەل بورێ قەبزی گیانم کەر
نەدەی نەجاتم ئەمشەو تاسەحەر

(مەعدوم) چون بازاڕ بەزمش کەساسەن
پەی دووریی یاران پەی مەردەن خاسەن [1]

واتـە : قورتاسە پێچراوەتەوە و شۆڕاوە گوڵەنگی لێ بەسراوە ، زوڵف شۆڕ بـۆتەوەو پاوانە کراوەتە پێ . سا ئەجەل وەرە گیانم دەرکێشە و ئەمشەو تا بەیانی نەهێڵی دەرچم لە دەستت.چونکە(مەعدوم) بازاڕی بەزمی کەساسە . لەتاودووریی یاران بۆمردن چاکە.

-٣٣-

شیرین دەم وەدەم ناسکە دەم دەمەن
ئاخۆم دەم دەمین دەم بدا وەمەن ؟

عەجەو ، ڕیش چەرمو ، شیرین گفتوگۆ
نەخێر دەم دەمین دەم نادا وەتۆ [2]

---

١ - ئەم شیعرە لە کتێبخانەی بنەماڵەی ضیاءالدینی وەرگیراوە. هـەندێ وشـەوزاراوەی تـیابوو واتاکانیانم بۆ لێک نەدرایەوەو باوەڕ ناکەم لە هەندێکی تریشیدا باشم پێکابێ . بەڵام هەرچۆن بوو خۆم دا لە قەرەی و هیوا دارم کەسێکیتر بتوانێ شەرحێکی باشی لێ بکات .

٢ - ئەم شیعرە لە نوسخەکەی لای کاک شێخ محەممەدی نەقشبەندی وەرگیراوە . مەولەوی لە ←

واتە : شیرین دەمی بە خوێنەوەیە و ئەو دەمە خوێناوییە چەند ناسکە، ئاخۆ ئەو دەمە خوێناوییە دەم بدا (ماچ بدا) بە من ؟ ـ هاتە وەڵام ووتی ـ سەیرە ، ئەی ڕیش سپی گفتوگۆ شیرین .. نەخێر دەم خوێناوی (لێوسوور) دەم نادا بە تۆ . دەم نادا بە تۆ ، دوو واتای هەیە

١ ـ ماچت ناداتێ .

٢ ـ قسەت لەگەڵ ناکاو وەڵامت ناداتەوە .

- ٣٤ -

فیدای دیدەت بام وەبێ مەی مەستەن
نیگای دیدەی تۆ بادەی ئەلەستەن

بەهای نیگای تۆ گیانی ئالەمەن
زەڕەی مەیلەکەت شەفای نالەمەن (١)

واتە : بە قوربانی چاوت بم کە بە بێ مەی مەستەو سەیر کردنی چاوی تۆ شەرابی ڕۆژی دواییە . نرخی سەیر کردنی تۆ گیانی هەموو کەسێکە و کەمێ مەیلی تۆ شیفای ناڵەو هاوارمە .

شیعری (١٨)ی پیتی (نون)دا دووبەیتی لەم شێوەی وتوە :

فیدات بام ئۆسای پادەمە دەمەن
دەست وەدەم بۆ ، دەم بدەر وەمەن
هەی موسڵمانان ئینە چ دەردەن
دەمە دەمانش دەم دەمین کەردەن (ل ٤٤٥)

١ - ئەم شیعرە لەنوسخەی (دۆڵاوی) و (میم) وەرگیراوە .

قوربان چەم چەمش وەتۆ نەکەفتەن
بەڵام نەوساوە نامت ژنەفتەن

ئارەزووی وەگەرم دیداری تۆشەن
پەی فەردای خدمەت نەزرلفتۆشەن

تا ئیستە چەند جار تەدبیرش کەردەن
تەقدیر ڕیشەی ئەو جە بێخ ئاوەردەن

بەندە ئیحرام بەند کەعبەی حزورەن
ڕانمەزانون بەڵەد زەرورەن

مەواچان هیممەت پەی بەڵەد خاسەن
ڕاسشان فەرمان ، ئەلبەت هەرپاسەن

واتە : قوربان چاو چاوی بەتۆ نەکەوتوە ، بەڵام لەو کاتەوەی کەناوتم بیستوە چاوم بە گەرمی ئارەزووی بینینی تۆیەتی و بۆ ئەوەی بەیانی بە خزمەتت بگەم (نذرالفتوح) یەتی . تا ئیستە چەند جار تەکبیری کردووە ، بەڵام دەستی چارەنووس ڕیشەی لە بێخ دەرهێناوە . بەندە ئیحرام بەندی کەعبەی حوزورتانە ، چونکە ڕێگا شارەزانیم شارەزایەک پێویستە . ئەڵێن هیممەت بۆ شارەزا باشە ، ڕاستیان فەرمووە ، ئەڵبەتە هەروایشە .

هیممەت تا سەر بۆ چەم بەیۆ وەلات
سەرسەربڵند بۆ ، چەم وەخاکی پات

ئەر سەد واوەیلان هیجرانی باڵات
مەینەتەن دووریی تۆزەکەی پاڵات

بەڵام چون کەردەی گەردشی چەپگەرد
گەردەلولی چەرخ هیجرانت هۆرکەرد

ڕەزام وەتەقدیر ، دڵ دام وەڕەزات
تەن کەردم سوپەر تیرەکەی قەزات

وەبەردی فەسڵی وەسڵەکەی جاران
ئاماو لواکەی سەباو ئێواران

واته : هیممەت تا سەربێ چاو بێت بۆ لات ، سەرسەر بەرز بێ وچاو بکەوێ لە خاکی بەر پێیت . ئەگەر سەدبار دوورکەوتنەوەی باڵات ناخۆشە ، دوورکەوتنەوەش لە گەردی کەوشەکانت هەر مەینەتیە . بەڵام چونکە کردەوەی گەردشی چەپگەرد گەردەلولی دوورکەوتنەوەتی هەڵکرد . شادم بە چارەنوس و دڵمدا بەڕەزامەندیی تۆ و لەشم کرد بە سەنگەری تیری قەزات . بە سەرمای وەرزی بە یەک گەشتنی جاران وهاتوچۆی بەیانی و ئێوارانت .

ئێستە پێچ وەردم چون ماری کوشتە
مەقرچو وێنەی دانەی بریشتە

سەرسەری هیجران هۆرکەردم پەی دڵ
هەرتۆزم بەردەن مەنزڵ وەمەنزل

جەدووریی باڵات ناڵە ناڵەمەن
ئاماو ناماکەم اللەو ئاڵەمەن [1]

واتە : ئێستە وەکو ماری کوژراو ئەڵقەم بەستوە و وەکو دەنکە بریشتە هەڵئەقرچێم . بای صەرصەری لە یەک برانم بۆ دڵ هەڵکرد و هەر تۆزێکی بردم بۆ مەنزڵێ . لە دووریی باڵات ناڵەناڵمە و خوا ئەیزانێ دێم یا نایەم .

- ٣٦ -

کوورەی دڵ چمان جۆشش وەردەوە
کەم کەم بێ هۆشیی هۆشش بەردەوە

ئەسرینی هەرتاف بەست وەڕوویی ڕووم‌دا
تیفڵ ئاسا مەدۆ وێش وەبووم‌دا

بەختم سیاپۆش ، یەخە پارەشەن
شەرارەی ناڵەم شووم ستارەشەن

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (دۆلاوی) وەرگیراوە . کاک محەممەد عەلی قەرەداغییش لە بەرگی (٦)ی گۆڤاری کوردا بڵاوی کردۆتەوە . لەگەڵ ئێمەدا لە دوو شوێن‌دا جیاوازی هەبوو.
١ ـ لە بەیتی شەشەم‌دا لە باتی (بەیۆ وەلات) لای ئەو نوسراوە (بالا پەی لات) .
٢ - لە بەیتی دەهەم‌دا لە باتی (فەصلی) لای ئەو نوسراوە (هاوین) .

لەرزەی دڵ جە شەوق پەیکانی پەیکان
دڵ خاس بە پەیکان نە پەیکان پەیکان

زاهیرەن فەلەک کەڵەک بەستەبۆ
دیسان دڵ وەتیر دووریی خەستە بۆ [1]

واتە : کوورەی دڵ وەکو تاوی سەندبێ، کەم کەم بێ هۆشی ی هۆشی بردەوە. فرمێسک تافی بەست بە سەر ڕووم‌داو وەکو منداڵێ خۆی لە خاکا ئەگەوزێنێ. بەختم ڕەشپۆشەو بەرۆکی خۆی دائەدڕێ، بڵێسەی ناڵەم نیشانەی بەوبەختیمە. لەرزەلەرزی دڵ لە خۆشی ئەوەی کە تیر پێکاویەتی، چاک بە تیرێ دڵی هەڵپێکا بە تیرەوە. دیارە فەلەک کەڵەکی بەستوە، وادیسان دڵ بە تیری دووریی نەخۆش ئەکەوێ.

- ٣٧ -

کولەکەی کەللەم پەی شکاری خەم
پڕەن نە دەرمان شووری ئەسری چەم [2]

واتە: کولەکەی سەرم بۆ ڕاوکردنی خەم، پڕبووە لە دەرمانی سوێری فرمێسکی چاوم.

- ٣٨ -

گەرمی‌ی دەرد قامەت کەردەن وەکاهێ
هەرڕۆ نەهەردێ وەشنۆی ئاهێ

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەلاعەلی) وەرگیراوە

٢ - ئەم بەیتەم بە دەمی لە برای خۆشەویست کاک نوری حیسامی وەرگرتوە.

وجودم بەو تەور نامەعلوم بیەن
بەغەیر جە ئیسمێ موسەمماش نیەن

ئەرناڵە جەهیچ نەکەرۆش جییا
تەوفیرش نیەن چەنی نەقشی پا

واتە : تای نەخۆشی باڵای کردووە بەکایەک و هەرڕۆژەی لە هەردیکدا بەدەم شنەی ئاهێکەوەیە . بوونم بە شێوەیەک نادیار بووە ، بێجگە لە ناوێ ئیتر ناوەڕۆکی نیە. ئەگەر ناڵەو هاوار لە هیچی جیا نەکاتەوە ، لەگەڵ جێ پێدا جیاوازی نیە .

بوڵی سفتەی تەن هاوەدەس باوە
فیدات بوون ساقی خەمێ وەی لاوە

نەمین کەر پودرەی وجودم وەمەی
بەڵ وەجامێ مەی دیسان ببون حەی

مەینەت خەم پەی پەی پەرێش بکیانۆ
بێ مەنزڵ شەوان ماتڵ بمانۆ [1]

واتە : خۆڵەمێشی لاشەی سووتاوم وا بەدەست باوە ، مەیگێڕ بە قوربانت بم بەرەو ئەم لا وەرچەرخێ . بۆدرەی بوونم بە مەی تەڕبکە ، بەڵکو بە جامێ مەی دیسان زیندوو بیمەوە . مەینەت لە پەساخەمی بۆ بنێرێ و شەوانە بێ ڕێگەو جێگە بمێنێتەوە

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەحزوون) وەرگیراوە .

لاونامەوە ....
دیت فەلەک چەنی لاونامەوە

نە بۆتەی فیراق تاونامەوە
چون مەجنوون وەنەجد یاونامەوە

ئایر کەرد وەسەر پوشی جەستەمدا
نمەک شەند وەبان پەترۆ بەستەمدا

دڵ لەت لەت کەردەن ئەڵماسەکەی دەرد
کوت کوت مەڕفانۆش بەم هەردو بەو هەرد

تەنووری دەروون جۆشش ئاوەردەن
لاوی هەرس گرەو جە تۆفان بەردەن

واتـە : لاواندمیەوە ، بینیت چۆن فەلەک لاواندمیەوە. لە بـۆتەی دوورکـەوتنەوەدا توندامیەوە و وەکو مەجنوون گەیاندمیەوە بە کێوی نەجد.

ئاگری بەردایە پوشی لاشەم وخوێی وەشاند بە سەر زامی پەترۆ بەستووم‌دا

ئەڵماسی دەرد دڵی لەت لەت کرد و پارچە پارچە بۆ ئەم هەردو ئەو هەرد ئەیفڕێنێ .

تەنووری دەروون تاوی سەندوە ولافاوی فرمێسک گرەوی لەتۆفان بردۆتەوە .

کەشتیی وجوودم هانە تەلاتوم
هاوەختەن هەستیم نەجێم کەرۆگوم

هاڵی بۆ گۆشەی بەزمی مەی نۆشان
شێوەت نە جەرگەو حەلقەی خامۆشان

هەتیتەی فیراق تەن کەردەن وەسیم
باریک تەر جە خەت تەحریری تەقویم

زایفیم قووەت جە دەستم سەندەن
تاپۆی وجودم هەر وەزۆر مەندەن

بێ تینیی زانووم کەردەن وەتاڵێ
مەسافەی شبرێ مەبڕون وەساڵێ

واته : کەشتیی بوونم کەوتۆتە بەر شەپۆلی دەریاو هەستیم خەریکە لە جێی خۆیداون ئەبێ . خاڵی بێت گۆشەی ڕابواردنی مەیخۆران ، شێوەت لەکۆڕو ئەڵقەی خامۆشاندا نەمێنێ . هەتیتەی لە یەکبڕان لاشەی کردووم بەسیم و لە خەتی نوسراوی تەقویم باریکتری کردۆتەوە . لاوازیم هێزی لە دەست سەندووم ، تارماییی بوونم هەر بە زۆر ماوە. ناتوانایی ئەژنۆی ئەوەندە باریک کردومەتەوە وەکو تاڵێکی لێ کردووە ، ماوەی ئەنگوستێ بە ساڵێ ئەبڕم .

حەیات و مەمات هەردوو هانە خەو
لێم مەعلووم نیەن ئید مەیۆ یا ئەو

جۆشی دیجلەی هەرس یەکجار پەی بیەن
ساقی وەش تەرزیت ئیتر پەی کییەن ؟

جەو جورعەی مەینەت وەحاڵی کەی‌دا
غەرقت کەرد نەگێج بەحری بێ پەیدا

منیچ بەو جورعە، بەو جامە، بەو مەی
تای ڕیشەی نیشات زیندەگیم کەرپەی

خەلاس بوون جە دەس دنیای پڕ جەفا
پەی کێ وەفاش بی، پەی من بۆش وەفا ؟ [1]

واتە : ژیان و مردن هەردووکیان لە خەووخەیاڵم دان، نازانم ئەمیان دێ یا ئەو . قوڵپی دیجلەی فرمێسک زۆر بووە، دەی مەیگێڕ ئیتر شێوەی جوانت بۆ کێ‌یە ؟
لەو پێکی مەینەتەی کە دات بە حاڵی (کەی)دا و لە گێژاوی دەریای بێ سنووردا نوقمت کرد. منیش بەو پێکەو بەو جام و مەیە وەها لێ بکە، تاکو بنچینەی ژیانم دەربێنێ .
لەدەست دنیای پڕ لە جەورو جەفا ڕزگار بم، ئەم دنیایە وەفای بۆکێ بوو تا بۆ منیشی هەبێ ؟

- ٤٠ -

من خۆ خەفەت جفت چەفتەن قامەتم
تاقم جە تاقەت وەسۆن زامەتم

یەکجار گەرمی‌ی جۆش ناڵەی بەدحاڵیم
گڕ وستەن وەپووش جەستەی زوخاڵیم

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەحزوون) وەرگیراوە .

یە لافاوی هەرس ، هەرەسماڵە وێم
یە سەدای مینا مەزاق تاڵە وێم

دەک مینات وەسەنگ پارە پارە بۆ
جەرگت هەم لەت لەت پای قەنارە بۆ

گلاراوی دەرد دووریی نازداران
کەردت وەسەر مەشق جەرگەی خەمباران [1]

واتە : من لەگەڵ خەفەت جووتم بۆیە باڵام چەمیودتەوە ، لە تاقەت تاق کەوتووم و زامم بەسۆیە . یەکجار گەرمیی کوڵی ناڵەی حاڵیخراپم ، گڕی بەرداوەتە پوشیلەشی خەڵوزینم . ئەمە لافاوی فرمێسک هەردس بە ماڵم ، ئەمە دەنگی شوشە بەڵام خۆشی و ڕابواردنم تاڵە . دەک شوشەت بە بەرد لەت و کوت بێ و جەرگت لە پای قەنارەدا پارچەپارچە بێ. گلاراوی ئازاری دووریی نازدارانت ،کردووەبە سەرمەشقیکۆڕی خەمباران .

- ٤١ -

مەیۆم جە دەروون ....
بۆی بۆپڕوزم مەیۆم جە دەروون

نەجد تاریک کەردەن ، پۆشان بێستوون
گوم کەردەن ناڵەی فەرهاد و مەجنوون

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەلا عەلی) وەرگیراوە .

حەوزی دەروونم کەیلەن جە هوناو
مەیۆ، مەویەرۆ نە چەم چون شەتاو

ئارام و تاقەت جە لام کۆچ کەردەن
سوپای خەم هۆشم وەتاراج بەردەن

فامم زەلیلەن، دەروون زامدارەن
نەیچی ناڵەی نەی ئەمجار وەکارەن

واتە : دیت لە دەروونم.. بۆنی بۆپڕوزم دیت لە دەروونم. کێوی نەجدی تاریک و بێستوونی داپۆشیوە، ناڵەو هاواری فەرهادو مەجنونی ون کردوە.

حەوزی دەروونم پڕە لە خوێناو، دیت و وەکو شەتاو لە چاوم دەرئەچێ.

ئارام و حەوسەڵە لە لام کۆچیان کردووە و سوپای خەم هۆشی بە تاڵان بردووم.

فامم داماوەو دەروونم زامدارە. ئێستە ئیتر نەیچی ناڵەی نەی بە کار دێ.

فیدای پەنجەت بوون مەقامێ وەش تەرز
لێدەر تا ڕیشەی دڵ باوەرۆ لەرز

گۆش دۆ بە نەوای دڵ نەدیرەکەت
هۆش دۆ وە نەغمەی وەش تەحریرەکەت

هیچ خەمی نازۆ نە دڵ بۆ باقی
بەڵ شۆرۆ وەمەی جای زامان ساقی

یەکسەر خەیاڵان بڕێشان چەلام
وەس چەرخی چەپ دەس بدەرۆ سزام

بەقوربانی پەنجەت بم مەقامێکی خۆش لێدە، لێیدە تاناخی دڵ بێنێتە لەرزە. گوێ بدەبە ئاوازەی دڵی بەندی کەنیساکەت وهۆش بدە بە گۆرانی خۆش وتراوەکەت، نا یەڵێ هیچ خەمێ لەدڵدابمێنێتەوە، بەڵکو ساقی جێگای زامەکان بەمەی بشۆریتەوە. هەمووخەیاڵێکی لێ بریم، ئەی چەرخی چەپگەرد بەس سزام بدە.

وادەی ئارەزووی دیدەن چەمین گوڵ
چون وازمەکەر قوڵف سندوقخانەی دڵ

ئەی لولوی ناسوفت پەسەندی خاسان
پەیداکەردەی سۆی بێ شۆی غەواسان

مەوست ئەوسارا پەرێ حەکاکان
تابۆ وەزینەت جەرگەی دڵپاکان [1]

واتە: کاتی ئارەزووی دیدەنی گوڵ ڕوخسار، چونکەقوفڵی صندوقی دڵ ئەکاتەوە ئەولوئلوئە دەست نەخواردوەی کەلای پیاو چاکان پەسەندە ومەلەوانەکان لەبنی دەریادا پەیدایان کردووە بۆ هەڵکۆڵەرەکان ئەیخستە دەشتەوە، تابێ بەمایەی ڕازاندنەوەی کۆڕی دڵپاکان.

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (دۆلاوی) وەرگیراوە.

- ٤٢ -

وەنیم نیگای عەین جەپێوارەوە
یانی‌های پەنهان جەئەغیارەوە

پەی (اظهارالمیل) مەدا باڵ چەم
بەندبەند ئیسخوانم ڕێزنا وەهەم [1]

واتە : بەنیو نیگای چاو کەبە دزییەوە ئەیروانی ، یانی خۆی لەناحەز شاردۆتەوە بۆ دەربڕینی ئارەزوو باڵی چاوی ئەدابەیەکدا ، بەندبەند ئیسقانی بەسەر یەکدا وردکردم .

- ٤٣ -

ها ، زرنگەی زەنگ سەرقەتار مەیۆ
وێنەی دڵەی من ناڵەش زار مەیۆ

سەداش ڕێی کاروان گێرتەن پەی بەردەن
ماچی شاگردیی دڵەی من کەردەن

من خۆ کەفتەکار ، خەریکی دەردم
خەستەی زامەت دار وێڵی ڕووی هەردم

---

١ - ئەم شیعرە لەنوسخەی (باینچو) وەرگیراوە .

دڵم یەند جەتاو زامان نەسرەفتەن
یەکسەر جەناڵەی هەرجاران کەفتەن

لەیلێ وەمۆبەت وەرین نەمەندەن
هەوای بێ باکیش ڕیشەی دڵ کەندەن

واتە: ئەها، ئەوا دەنگی زرنگەی زەنگۆڵەی سەرقەتار دیت، وەکو دڵی من بەناڕەحەتی ناڵەی لێ بەرز ئەبێتەوە. دەنگی ڕێگای کاروانەکەی گرتوە بۆ بەڕێ کردن، ئەڵێی شاگردێتی دڵی منی کردووە. من خۆلەکارکەوتووم وبەدەردو ئازارەوە سەرگەرمم، نەخۆشێکی زامداری ئاوارەی سەرزەویم. دڵم ئەوەندە لەتاو دەردی زامان نەسرەوتوە، یەکسەر لەناڵەناڵی جاران کەوتوە، لەیلێ لەسەر ڕێبازی خۆشەویستیەکەی جاران نەماوە، بای بێباکیی ڕیشەی دڵی دەرهێناوە.

جەسیاهیی بەخت، شوومیی تاڵەی من
نمارۆ وەگۆش ناڵەو لاڵەی من

ساتۆ بۆ وەعیشق شای سەرتجاران
بەشقی مایەبەخش مەتای بازاڕان

دڵەی من بەندکەر وەپای زەنگەوە
وەپای زەنگ قەدەر نازک دەنگەوە

گەر مەکەرۆ لوتف بۆ وەسەر مەیلدا
بویەر نەکووچەی پای قەسری لەیلدا

تا جه تەنخوای من دڵی خەستەی تەنگ

بەیۆ وەفەریاد چەنی زاریی زەنگ

واتە : لەبەختی ڕەش وبەوبەجتی‌ی من ، گوێ نادا بەناڵەو لاڵەم . دەساتۆ وەرە بۆخاتری غەشقی گەورەی بازرگانەکان ، بەعەشقی مایەبەخشی کاڵای بازارەکـان . دڵـی مـن بیەستە بەوزەنگڵەوە ، بەو زەنگڵەی چارەنوسەی دەنگ خۆشەوە . تالەباتی مـن دڵـی تەنگی نەخۆشم بێتەهاوارکردن لە گەڵ ددنگی گریانی زەنگڵەدا

لەیل گۆش دۆ وەدەنگ دڵ بەو زیلەوە

بەیۆ وەشکات وەزەلیلەوە

عەرز کەرۆ قیبلەی دنیاو دینەکەم

کەعبەکەی وەڕاس مایەی ژینەکەم

هەی داد هەی بیداد سەختەن فەریادم

سەدها زام پێکان نامای وەیادم

ئەرسەد خەشم وقین ڕەویەی شاهانەن

کەرەمشان چەنی بێ گوناهانەن

ئازیز یە ڕەویەی عەدالەت نیەن

تۆڕەحمت یەکسەر جەخاترشیەن

ناوەری وەیاد خەشمی زەبوونیم
ئاخ هەرجەفات کەرد ، داخ بیت وەهوونیم [1]

واتە : لەیل گوێی بدات بەدەنگی هاوارو زایەڵەی دڵ ، بەکزوڵی‌یەوە بێت بۆشکات کردن و بڵێ : ئەی قبیلەی دنیاودینم وکەعبەی ڕاستەقینەی مایەی ژیانم . هەی داد هەی بیداد هاوارم سەخت وگرانە وسەدان زامم پێوەلکا تۆ هەر نەهاتی بەیادما . ئەگەر سەدبار ڕق وقین ڕەوشتی پاشایانە ، بەڵام لەگەڵ بێ تاواناندا هەر بەخشندەن . ئازیزم ئەمە شێوەی عەدالەت نیە ، تۆ بەیەکجاریی ڕەحمت لەبیرچۆتەوە . بەیادی ناهێنی ڕقی زەبوونیم . ئاخ هەر جەفات نواندو داخی داخانم بویت بەخوێنەخوارم .

- ٤٤ -

یادم نمەشی جەگردین حاڵدا
من وەباڵی تەیر یا وەشەماڵ دا

ئیزهاری ئایر گر بەستەی دەروون
دیدەم وەدیدەت فرسەت مەزانوون

دڵ دایم پەرێت پڕ ئێش و نێشەن
دنیام پەی ئیدەن باڵای تۆ تێشەن

١- ئەم شیعرە لە نوسخەی (شەوکەت یاریان) وەرگیراوە

بەغەیر جە دووریی ئەو باڵا نەمام
هەنی هیچ غەمێ نەمەندەن جە لام

بەڵام چێش کەروون گەردشی چەپگەرد
دووریش وەما بەین من و تۆ ئاوەرد

کاری گەردوونەن نەونەمامی نۆ
وەرنە من جە کۆ ، دووریی تۆ جە کۆ ؟ (۱)

واتە : لە هیچ کاتێکدا لە یادم ناچی . من بەباڵی مەلدا بێ یا بەبای شەماڵدا. دەرخستنی ئاگری دەروونی گڕ تێ بەربووم بە هەل ئەزانم ، چاوەکەم بە چاوت قەسەم . دڵ هەمیشە بۆت پڕ لە ئێش و ئازارە و دنیام بۆ ئەوە ئەوێ کە باڵای تۆی تیایە . جگە لە دووریی ئەو باڵا نەمامە ، ئیتر هیچ خەمێکم لە لانەماوە . بەڵام چی بکەم سوڕانەوەی دەوران دووریی هێنایە نێوان من و تۆوە. ئەمە کاری گەردوونە ئەی تازە نەمام ، ئەگینا من لە کوێ و دووریی تۆ لە کوێ ؟

- ٤٥ -

(یەئجوج)ی خەیاڵ گێرتەن قەڵای هۆش
(ئەسکەندەر)ی شەوق کەردەن فەرامۆش

---

١ ئەم شیعرە لە نوسخەی (دۆڵاوی) وەرگیراوە . کاک محەممەد عەلی قەرەداغیش لە سەرچاوەی ناوبراودا بڵاوی کردۆتەوە . لە بەیتی یەکەم میصرەعی دووەمدا لە باتی (من وە) لای ئەو نوسراوە (چەنی).

(چەنگیز)ی مەینەت موسەلەت بیەن
(بوعەلی) فیکرم جە حەد بەرشیەن

خەم لاودان وەبان یادی ئاسیم‌دا
خاک کەردەن وەسەر تیرەی شادیم‌دا

حەواسم قووەی جارانش نیەن
زایقەی شامم بێ تەئسیر بیەن

حەرەکەی زاتیم بێ ئیختیارەن
ڕۆح نەتەدارەک ماوای مەزارەن

واتە : یەئجوجی خەیاڵ قەڵای هۆشی داگیر کرد و ئەسکەندەری شادیی فەرامۆش کرد. چەنگیزی مەینەتی سەرکەوتوەو بوعەلی بیرم لە ئەندازەی خۆی دەرچووە.

خەم لافاوی هەڵسان بە سەر یادی سەرلێشێواوم‌دا و خاکو خۆڵی کرد بە سەر تیرەی خۆشیم‌دا. هەستگەلم هێزی جارانیان نیەو بۆن بیستنم کاری جارانی نەماوە.

جم‌وجوڵی بەدەنم بە دەست خۆم نەماوەو گیان خۆی بۆ گۆڕ ئامادە کردووە.

کۆچی نامەدەن، ئاخر سەفەرەن
تۆشە زەرورەن، ڕا پڕ خەتەرەن

خەسڵەتم نیەن دڵ پێش وەش کەروون
چەنی وێم سەوقات وە مەحشەر بەروون

مەر کەریم وەمەیل ڕەحمێ کەرۆ لێم
نەنویسۆ نەپام خەسڵەتەکەی وێم

وەرنە نەجوملەی گونەهکارانم
ڕووسیای مەجلیس جەرگەی یارانم [1]

واتە: کۆچی نەهات و دوایین سەفەرد، توێشو پێویستە چونکە ڕێگا پڕ لە مەترسی‌یە. خویەکم نیە دڵی پێ خۆش کەم، کە مایەی ئەوە بێت بە دیاری لەگەڵ خۆمدا بیبەم بۆ مەیدانی حەشر. مەگەر خوا بە مەیلی خۆی ڕەحمێکم پێ بکات وخووڕەوشتی خۆمم بۆ نەنوسێ. ئەگینا لە دەستەی تاوانبارانم و ڕووڕەشی کۆڕی یارانم.

---

١ - ئەم شیعرە لە نوسخەی (مەحزوون) وەرگیراوە.

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

آدرس: ارومیه - صندوق پستی ۷۱۷ - تلفن ۴۵۷۰۰

قیمت ... تومان